# فریدریک نیتشه

**(1844 - 1900)**

## عوسمان یاسین



- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی ت (٢٩٩٩٢)
- کتێبی ژمارە: ( (١٣)
- کتێب: فریدریک نیتشه
- نووسینی: عوسمان یاسین
- چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠٠
- دەرهێنانی هونەری: قاسم قادر
- کۆمپیوتەر: بینا، یعقوب، گۆران
- ژمارەی سپاردن ( ١٨٥ )ی ساڵی ٢٠٠٠دراوەتێ.
- چاپخانەی خەبات دهۆک

## خوێنەری بەڕێز...

ئەو هەوڵەی کە لەم کتێبەی بەردەستتان دراوە، خوێندنەوەو خستنەرووی بیروڕا فەلسەفییەکانی فەیلەسووفێکی بوێرو یاخیی ئەڵمانیایە. نیتشە کە بە رەخنەگری سەرسەختی عەقڵانییەت و کولتووری نوێی رۆژئاوایی ناسراوە، راستە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ژیاوە، بەڵام لە کایەی بیرکردنەوەی رۆژئاوادا بە «فەیلەسووفێکی رۆژ» دەناسرێت.

نیتشە لە فەیلەسووفە بەراییەکانی دەستنیشانکەری پەیوەندی نێوان دەسەڵات و مەعریفەیە. «تیۆری راستی» نیتشە بانگەشەی رێژەیی بوونی راستی دەکات و رەخنە لە میتافیزیکای راستی دەگرێت. وەک دەڵێ: «خواستی دەسەڵات جەوهەرو ناوەڕۆکی راستیخوازییە». نیتشە لە رێی رەتکردنەوەی راستی، دەیەوێ هانمان بدات بۆ گەڕانی زیاترو دۆزینەوەی زیاتری راستییەکان لە خۆماندا. هەربۆیە، نیتشە، بە پێشبینیکەری بیروڕای پۆست-مۆدێرنیستەکان ناسراوە. نیتشەی پرسیارکەر لە کێشە سەرەکییەکان و ناخی مرۆڤ، یەکێک لە خەسڵەتە باشەکانی ئەوەیە کە داوای موریدایەتی لە کەس ناکات، بەڵکو تەنیا هانی خەڵک دەدات گۆڕانکاری لە خودی خۆیاندا ئەنجام بدەن، بێ ئەوەی رێبازێکی تایبەتیان بۆ دیاریبکات.

زەرورەتی مامەڵەکردنی ئێمەی کوردیش لەگەڵ فەلسەفەدا لەوەدایە کە مامەڵەمان لەگەڵ فەلسەفەدا نەبووەو ئەوەندە نییە. لەوانەیە کتێبی فەلسەفی لەنێو کتێبخانەی کوردیدا ژمارەیان لە



پەنجەکانی دەست تێپەڕنەکات. خۆ ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئاخۆ ئەم کتێبانە تا چەند سەرچاوەی فەلسەفەن، ئەوە رێژەکە زۆر لە سفر نزیک دەبێتەوە. بۆیە دەزگاکەمان یەکێک لەو بوارانەی کە بە تامەزرۆوە ئامادەیە کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی تێدا بکات، فەلسەفەیە، جا چ نووسین و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بن، یاخود وەرگێڕدراوی بەرهەمی فەیلەسوف و تۆژەرانی فەلسەفە بن لە زمانانی ترەوە.

**دەزگای موکریانی**

# پێرست


I دەروازە ........................................................ 7

II ژیاننامەی نیتشە ........................................... 25

III نیهیلیزمی نیتشە ........................................ 41

VI ئیستاتیکا ...................................................... 63

V گەڕانەوەی سەرمەدی ..................................... 83

IV فەلسەفەی مێژوو، مەعریفە، ئەخلاق ................ 107

IIV ویستی هێز ................................................. 151

IIIV ئەوەیە مرۆڤ ........................................... 187

# I

## دەروازە

لە کاتێکدا ئێمە پێ دەنێینە سەدەی بیست و یەکەمەوە دەبێت قسەکردن سەبارەت بە فەیلەسووفێکی سەدەی نۆزدە چ سوودێکی هەبێ؟ ئاخۆ باسکردنی فەیلەسووفێک چ گرنگییەکی هەیە، کە لە سەردەمەکەی ئەودا چوونە سەر مانگ و چارەسەرکردنی چەندان نەخۆشیی کوشندە تەنها خەونێک بوون و هیچی تر نا؟ لە کاتێکدا لەوسەردەمەی ئێمەدا جیهانی تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر بە ڕادەیەک خەونەکانیان کردۆتە واقیعێکی بەرچاو کە بیر لەوە بکرێتەوە هەموو خەونێک ئەگەری هاتنەدی هەیە.

دەبێ سوودی فەلسەفەی نیتشە لەو سەردەمەدا چی بێ، لە کاتێکدا زانست باس لە ئەگەری دروستکردنی ژیان لەسەر ئەستێرەی مەریخ و ئەگەری فۆتۆکۆپی کردنی مرۆڤ دەکات؟!

لەڕاستیدا جێگای خۆیەتی ئەم پرسیارانە بخرێنە روو، بۆئەوەی مەبەست لە باسکردنی فەلسەفەی نیتشە روون



بکرێتەوە. ئەم پێشکەوتنە زانستییانەی باسمان کردن، هەموویان بەرهەمی ئەو شارستانییەتەن کە نیتشە بە رەخنەگرێکی توندوتیژی لە قەڵەم دەدرێت، ئەویش شارستانیەتی خۆرئاوایە.

نیتشە لە میانەی رەخنەکانیدا خوازیاری ئەنجامدانی چاکسازیی ئەو شارستانییەتە بوو، ئەو شارستانییەتەی بە عەقڵ دەستی پێکردووە؛ ئەگەر مرۆڤ فریای خۆی نەکەوێ، بەدوور نازاندرێ هەر بە عەقڵیش کۆتایی بە خۆی بهێنێت. ئەمەش پێشبینییەکی نیتشە بوو، لە سەدەی نۆزدەهەمدا . لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا خەریک بوو ئەو پێشبینییە بێتەدی و ببێتە شتێکی بەرجەستە کراو، ئەویش بەهۆی دۆزینەوەی ئەو هێزە ئەتۆمییەی کە دەتوانێ زەوی بە مرۆڤ و شارستانیەتەکەیەوە خاپوور بکات.

سەدەی نۆزدەهەم سەرەتای ئەو قۆناغە بوو، کە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤدا هێنا، پێشبینییەکانی نیتشە لەو سەردەمەدا لە شوێنی خۆیاندا بوون.

لەو سەردەمەدا کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی لەچاو کۆمەڵگای خۆرئاوا لەوپەڕی دوواکەوتوویدا بوو. هەر لەو کاتەدا بوو، جارێکی دیکە هێرشی سەربازی و ئابووری و کەلتووری خۆرئاوا بۆ سەر خۆرهەڵات دەستی پێکرد. خۆرئاوا لەو هێرشەی ئەم جارەیدا لە قۆناغی ئیمپریالیزمیدا بوو، جا لەبەرئەوە ئەم هێرشە دەبێتە دەست بەسەرداگرتنێکی فراوانتر لەو هێرشانەی کە پێشتر ئەوروپییەکان کردبوویانە سەر خۆرهەڵات. ئیتر لەو ساوە بەشێوەیەکی بەرچاو

دەرکەوتووە، کە ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵات، یاسایەک بەڕێوەی دەبا، دەتوانرێ ناوی بنێین یاسای (مەڵبەند و کەنار) کە بەپێی ئەو یاسایە خۆرئاوای دەسەڵاتدار و خاوەن هێزی عەسکەری و ئابووری و کلتووری بۆتە مەڵبەند و خۆرهەڵاتی ژێردەست لە پەراوێزی خۆی دەخولێنێتەوە.

گومان لەوەدا نییە کە خۆرهەڵات لانەی شارستانیی مرۆڤایەتی بووە، هەر لە ئەفسانە و ئایین و زانستەوە تا دەگاتە سیستەمی حوکمکردن و بەڕێوەبردن لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، کە لە شارستانیەتی خۆرهەڵاتدا شوێنی بەرچاویان هەبووە، دواتریش کاریکردۆتە سەر سەرجەم شارستانییەتە مرۆڤایەتییەکان. دەرکەوتنی هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکان، یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام لە خۆرهەڵاتدا بەڵگەن بۆ ڕەسەنایەتیی ئەو شارستانییەتە کە لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا بووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم خۆرهەڵاتە کە خاوەن ئەو مێژووە کەلتوورییەیە، کەوتۆتە بەردەم شاڵاوێکی کەلتووری دیکەوە، کە ئەویش کەلتووری خۆرئاوایە، هەرچەندە ئەم کەلتوورە لە سایەی کەلتووری خۆرهەڵاتدا پەرەی بە خۆی داوە. ئەمڕۆ خۆرئاوا نەک هەر خاوەنی کەلتوورێکە ململانێی خۆرهەڵاتی پێدەکات، بەڵکو خاوەنی هێزێکە، بەهۆیەوە هەموو هاوکێشەکانی جیهان لە بەرژەوەندی خۆی ڕێکدەخات.

دیارە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەی سەرەتا دەستپێشخەربووە و شتێکی هێناوەتە ئاراوە، دواتر ئەوانەی دێنە سەر شتێکی ئامادەکراو، بەرهەمەکە هەر بۆ ئەوان



دەبێت. با زێدەڕۆیی نەکەین لەوەی بڵێین ئێستای خۆرئاوا بەرهەمی نەوەکانی پێشینی خۆرهەڵاتە، بەڵام دەشبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەین، کە ئەو پەرەسەندنەی بەسەر شارستانییەت و کەلتووری خۆرئاوادا هاتووە، بە هەمان رادە شارستانییەت و کەلتووری خۆرهەڵاتی تووشی وەستان و پووکانەوە کردووە. لێرەدا قسە لەوەدایە، رۆشنبیرانی پەراوێزی شارستانێتی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ چۆن دەتوانن، ئەگەر ئەو رۆڵە پێشڕەوایەتیەش نەگێڕن کە لە کۆندا نەوەکانی پێش خۆیان گێڕاویانە، ئەوە هەر نەبێت بتوانن تەکانێک بە خۆیان بدەن بۆ دەربازبوون لەو پەراوێزکەوتنەدا. هەرچەندە، سەمیر ئەمین، لە میانەی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی سەرمایەداریی کەناریدا، لە کتێبەکەیدا بە نێوی (التطور اللامتكافيء – پەرەسەندنی ناهاوتا) باس لەوە دەکات کە مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەداری ئەوە دەردەخات کە یاسایەک بە نێوی (یاسای پەرەسەندنی ناهاوتا) لە ئارادایە. بەپێی ئەو یاسایە، وا پێویستدەکا، تێپەڕاندن یاخود شۆڕشکردن بەسەر هەر رژێمێکی دەسەڵاتدار لە مەڵبەندی سەرمایەداری خۆیدا ئەنجام نەدرێ، بەڵکو ئەم پرۆسەیە لە کەناری سەرمایەداریدا دەست پێدەکات و سەرهەڵدەدات«[1]». ڕۆشنبیریی کوردی، ئەگەرچی سەر بە تەوەری رۆشنبیریی خۆرهەڵاتە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئاستی رۆشنبیریی کوردی لەچاو زۆربەی گەلانی خۆرهەڵات نزمترە.

رۆشنبیریی کوردی نەک هەر لە پەراوێزی رۆشنبیریی خۆرئاواییدایە، بەڵکو دەتوانین بڵێین لە پەراوێزی رۆشنبیریی

خۆرهەڵاتیشدایە. هەروەک چۆن کەسایەتی کوردی بۆتە پاشکۆی کەسایەتی نەتەوەی باڵادەست، بە هەمان شێوە فەرهەنگ و رۆشنبیرییەکەشی بۆتە پاشکۆی فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست. لەم رووەوە دەمانەوێت تەنها جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، رۆشنبیریی کوردی دەتوانێ چی بکات بۆ ئەوەی گۆمی مەنگ بشلەقێنێ و تەکانێک بە خۆی بدات؟ دیارە گەر پرسیارەکان نیوەی وەڵامەکانیان بن، ئەوا نیوەکانی دیکە، وەڵامەکانیان، پێویستییان بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی وەڵامی چارەنووسسازن.

گەرچی هەمیشە لە بیری نوێخوازیدا، باس لەوە دەکرێت کە نەمریی هەر دەقێکی ئەدەبی، بەو پرسیارە چارەنووسسازانەوە بەندە کە ئەو دەقە دەیهێنێتە کایەوە؛ بەڵام رۆشنبیرانی کورد بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا وێڵن کە پێشوەختە خراونەتە روو. لەکاتێکدا پێویستە رۆشنبیران لە هەر سەردەمێکدا خاوەنی پرسیاری تایبەتی خۆیان بن.

ئەو بیرمەند و هونەرمەندانەی کە نوێنەرایەتی رۆحیی رۆشنبیران دەکەن، لە هەر سەردەمێکدا بەقەد ئەو پرسیارە گەورانەی کە دروستی دەکەن، بیرتیژی و لێهاتوویی خۆیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆماردەکەن و دەبنە خاوەن ئافراندنی جیهانێک کە زۆر جیاوازە لە جیهانەکەی پێشووتریان.

باس وخواسی نیتشە لەو گۆشەنیگایەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بیرمەندێک بوو، بەراستی و بەجیددی تەعبیری لە جەنجاڵی و ئاڵۆزیی ئەو سەردەمە دەکرد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە دواتر دەبێتە هەنگاوێکی سەرەتا لەبارەی



تێکشکاندنی مرۆڤ و دروستبوونی رژێمێکی سیاسی کە لە لووتکەی داپلۆسیندا دەبێت. ئەو سەردەمەی نیتشە، ئەو هەنگاوە سەرەتاییە بوو کە دواتر سەرجەم چەمک و بۆچوونەکان، کە پێشتر لە شارستانێتی خۆرئاوا لە ئارادابوون، دەکەونە خاڵی گومانکارییەوە. نیتشە هەر لەو سەردەمەدا پێشبینییەکانی خۆی خستە روو. ئەوکات زۆر بایەخیان پێنەدا بەڵام دواتر مرۆڤایەتی تێبینی ئەوەی کرد کە ئەم بیرمەندە تەعبیری لە رۆحی سەردەمەکەی خۆی دەکرد.

دوای مردنی نیتشە، لەلایەن نەوەیەکی نوێوە ئەو کەش و هەوا ئەدەبییە هاتەکایەوە کە بەڵگەی وزە و توانا مەزنەکانی نیتشە بوو. رێلکە و ستیڤن جۆرج و هۆڤماشال و تۆماس مان و روبرت مویل و فرانز کافکا و جۆرج تراکل و ئەرنست یونگەر و غونفرین و برتۆلد بریشت... ئەمانە هەموویان ئەوە رادەگەیەنن (یاخود بەشێوەیەک کە جێگای باوەڕ نییە نکۆڵی لێدەکەن) کە قەرزاری نیتشەن. هەرچەندە ئەوانە هەموویان هەست دەکەن کە سەر بە بیری ئەو نیتشەیەن کە زیاتر لە هەموو فەیلەسووفەکان خاوەن بەهرەیەکی ئەدەبییە، ئەوانە باوەڕیان بەوە هێناوە کە بەهۆی خوێندنەوەیان بۆ نیتشە هیچ باوەڕێک یاخود ئایدۆلۆژیایەکیان لە نیتشە وەرنەگرتووە، بەڵکو نیتشە ئازادی و زەمینەیەکی بەرزی وردبوونەوە و روانینی پێبەخشیون، ئەوانە هیچ ترسێکیان لەوە نییە کە بیرۆکەیەک لە بۆچوونەکانی نیتشە وەربگرن و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، لەبەرئەوەی هەر بیرۆکەیەکی نیتشە توانای ئەوەی هەیە کە ئاسۆی خەیاڵی هەر نووسەرێکی داهێنەر تیژ

بکاتەوە.«٢»

کاریگەرێتی نیتشە بەسەر بیری ئەورووپیدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و فەرنسادا، بەڵام ئەم کاریگەرێتییە لەو وڵاتانەی بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن کەمتر دیارە.

ئەم کودەتایەی لە رۆژئاوادا پرۆژەی رەخنەیی (هایدگەر) بەرپای کرد لەتەک تێڕوانینە زمانەوانی و فیلۆلۆژی و فەلسەفییەکانی رەخنەی نیتشەدا، هاوهیوا بوو.

رەخنەی بەردەوامی نیتشە لە ئاکاری میتافیزیکی رۆژئاوا و ئاشکراکردنی (ویستی هێز و ویستی راستی) توانییان رووبەرێکی زۆر لە پرۆژەی جینالۆژیی نیتشە داگیر بکەن. بەمە ئەو گۆڕانکارییانەی تێکستی نەهیلیستی نیتشە هێنایە کایەوە فاکتەری سەرەکی بوون بۆ بونیادنانی شێوە تێڕوانین و بیرکردنەوەکانی فەلسەفەی جیاوازی. مەبەستم، ئەمڕۆ، چارەنووسی فەلسەفەی تراژیدی و نەهیلیستی نیتشە بەسەر شانی بیریارانی فەلسەفەی جیاوازیی فەرەنسییەوە (باتای، بلانشۆ، فۆکۆ، دێریدا) دەخولێتەوە. چاکترین لێکدانەوەش لەپاش نیتشەوە لە رۆژئاوا کە بەردەست وتاری شیکردنەوەی فەلسەفەی رۆژئاوا خراوە و رۆڵی لە ئاشکراکردنی وتاری راستی و مانادا دیوە بە پشتیوانی فۆکۆ ئەنجام دراوە«٣».

لێرەدا ئەوەی شایانی باسە سەبارەت بە کاریگەرێتی نیتشە بەسەر میشێل فۆکۆدا، هەروەک بابەک ئەحمەدی دەڵێ، ئیشکردنی فۆکۆ بە دابڕانی لە ئەپستمۆلۆجیای فەرەنسی دەستی پێکرد، دڵبەندی و پەیوەستی ئەو بە فەلسەفەی نیتشە و هایدگەر بووە هۆی ئەوەی کە رێگای نوێی لەبەردەمدا



بکرێتەوە.«٤» نیتشە لە سەدەی نۆزدەهەمدا مەرگی خواوەند رادەگەیەنێت، میشێل فۆکۆش لە سەدەی بیستەمدا بانگهێشتەی مەرگی مرۆڤ دەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لای فۆکۆ لە کەناری نەبوونیدایە و بەرەو نەمان دەچێت.«٥»

فۆکۆ لە نووسینەکانیدا شێوازێکی نزیک لە شێوازە جینالۆژییەکەی نیتشە دەگرێتەبەر، بۆ نموونە لە نووسینەکانی وەکو (مێژووی شێتی لە سەردەمی کلاسیکیدا)، (کۆنترۆڵ و سزا)و (مێژووی سێکس)، فۆکۆ دەیەوێت مافی قسەکردن بەوانە بدات کە بەدرێژایی مێژوو ئەو مافەیان نەبووە و بێدەنگ ماونەتەوەوەو فۆکۆ بە قسەیان دەهێنێت.

مێشێل فۆکۆ باسی سێ بیرمەند دەکات کە تەکنیکی تەفسیری نوێیان بۆ دەقەکان هێنایەکایەوە، ئەو سێ بیرمەندەش بریتین لە مارکس و نیتشە و فرۆید. فۆکۆ دەڵێ: لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەتایبەتی مارکس و فرۆید و نیتشە توانایەکی نوێیان سەبارەت بە تەفسیرکردن هێنایە کایەوە، توانییان بنچینەی ئەوە دابنێن کە بکرێت دەقە کۆنە پیرۆزەکان لێکبدرێنەوە و تەفسیر بکرێن.

بە بۆچوونی فۆکۆ ئەم سێ بیرمەندە لەنێو جیهانی رۆژئاوادا نیشانەکانیان زیاد نەکردووە و واتای نوێیان نەبەخشیوەتە ئەو شتانەی کە مانایان نەبووە، بەڵکو ئەوان لە راستیدا سروشتی نیشانەکانیان گۆڕیوە، ئەو رێگایەیان راست کردۆتەوە، کە دەشێت بەهۆیەوە نیشانەکان بەشێوەیەکی گشتی تەفسیر بکرێن«٦». بەم جۆرە ئەم سێ بیرمەندە مانای نوێیان نەهێناوەتە کایەوە، بەڵکو ڕێگایان

لەبەردەم هیرمینوتیکا (Hermeneutique)– زانستی
شیکردنەوە و لێکدانەوە – فراوان کردووە«[٧]».
فۆکۆ دەنووسێت: لای نیتشە مانای بنچینەیی و
رەچەڵەکی، بوونی نییە. وشەکان لە خودی خۆیاندا بریتین لە
چەند تەفسیرێک پێش ئەوەی چەند نیشانەیەک بن،
لەبەرئەوەشە وشەکان هیچ مانایان نییە، چونکە جگە لە چەند
تەفسیرێکی جەوهەری هیچی تر نین.«[٨]»
جی. بی. ئسترن لە سەرەتای کتێبەکەی خۆیدا لەسەر
نیتشە، باس لە سێ بیرمەند دەکا؛ مارکس، فرۆید، نیتشە،
کە بە دامەزرێنەری مۆدێرنیزمیان دادەنێت.«[٩]»
لای مارکس (هۆشیاری درۆزنانە) جگە لە ئایدۆلۆژیا هیچ
شتێکی دیکە نییە، زۆربەی بیروباوەڕەکان نەک هەر تەنها
رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی نین و تەعبیری لێناکەن،
بەڵکو ئەو واقیعە دەشێوێنن و پەردەی بەسەردا دەدەن و
دەیشارنەوە کە ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی چینایەتی و
دەسەڵاتی یەکچینیدایە. لێرەدا مەبەستی مارکس
ئایدیولۆژیای بورژوازییە کە لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا رۆڵی
بینیوە و لەپێناو بەرژەوەندی چینایەتیدا لە شێواندنی واقیع
کەمتەرخەمی نەکردووە.
لای فرۆید، لە ژیانی مرۆڤدا هۆشیاری رۆڵێکی
سنوورداری هەیە، بۆیە لایەنێکی کەمی ژیانی مرۆڤی
داگیرکردووە بەڵام (بێ ئاگایی– ناهۆشیاری) لایەنێکی
فراوانی ژیانی داگیرکردووە. سەرجەم ئەو هەست و ئارەزووە
خەفە کراوانەی مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا لە بێ
ئاگایی مرۆڤدا شوێنی خۆیان دەگرن. بێ ئەوەی مرۆڤ خۆی



بزانێت (بێ ئاگایی) ئەم هەست و ئارەزووە خەفەکراوانەی،
ژیانی بەڕێوەدەبەن.
لای فرۆید ئارەزووە سێکسییەکان گرنگترین ئەو ئارەزووە
خەفەکراوانەی مرۆڤن ، کە نەک هەر بەشێوەیەکی
ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر مرۆڤەوە هەیە، بگرە
سەرتاپای ژیانی هۆشیارانەی مرۆڤیش هەڵدەسووڕێنن. بەم
جۆرە لای فرۆید هۆشیاری –ئاگایی– نەک هەر ناتوانێت بێ
ئاگایی دیاری بکات، بەڵکو خۆشی شێوەیەکە لە شێوەکانی
دەرکەوتنی بێ ئاگایی«[١٠]»، چونکە هۆشیاری لە میانەی هێزە
ناعەقڵانییەکانی غەریزەدا شێوەی خۆی وەردەگرێت و
دەردەکەوێت. لەبەرئەوە هۆشیاری تەعبیر لە حەقیقەتی
خودی مرۆڤ ناکا، چونکە لە بنچینەدا ئەو هۆشیارییە لەسەر
بنەمای خەفەکردن و لادان لە غەریزە و هێزە شاراوەکانی
دیکەی خودی بێ ئاگایی دامەزراوە. هەرچەندە پۆل ریکۆر
ئەم سێ بیرمەندە، مارکس، فرۆید، نیتشە بە سێ
تێکشکێنەر و وێرانکەر دادەنێ، بە مەرجێک بەهەڵە لە
تێکشکاندن (Destruction) نەگەین، چونکە هایدگەر لە
(وجوودو زەمەن)دا دەڵێ: تێکشکاندن– وێرانکردن –
پەیوەستە بە هەر بارودۆخێکی بنیادنانی نوێوە«[١١]». بەڵام
دیارە پلەکانی وێرانکردنی ئەم سێ بیرمەندە لەگەڵ یەکتر
جیاوازن. هەر لە میانەی ئەم جیاوازییەدا گرنگیی نیتشە
دەردەکەوێت.
بەپێی بۆچوونی پۆل ریکۆر– هیرمینوتیکی خراپ
گومانکردن – بەهەڵەداچوون یاخود چەرخی پەیامبەرانی
بەهەڵەداچوون، لەوکاتەدا دەستی پێکرد کە عەقڵخوازی لە

مۆدێرنیزم بە هەمان شێوەی عەقڵانییەتی دیکارت- کانت دەست بەکاربوو. گرنگترین پەیامبەرانی بەهەڵەداچوونیش بریتین لە مارکس و فرۆیدو نیتشە«١٢»، ئامانجی ئەم سێ بیرمەندەش ئەوەبوو کە لە میانەی هاتنەکایەوەی هۆشیاریی مۆدێرنیزم، دەیانویست ئەوە بخەنەڕوو کە بەهەڵەداچوونێک یاخود خراپ گومانکردنێک لە فەلسەفەی عەقڵخوازی مودێرنیزمدا هەیە، لەبەر ئەوە بە گرنگترین پەیامبەرانی بەهەڵەداچوون لە قەڵەم دەدرێن. ئەم سێ بیرمەندە بۆ یەکەم جار ئەوەیان دۆزییەوە کە شتێک بە نێوی هۆشیاری درۆزنانە لە ئارادا هەیە، لەبەرئەوەی سەردەمی رۆشنگەری عەقڵ و هۆشیاری و بیرکردنەوەیان بە رەنگدانەوەی حەقیقەت دادەنا؛ کەچی بە پێچەوانەوە هۆشیاری نەک دەتوانرێ هەر تەنها رەنگدانەوەی حەقیقەت نەبێت، بەڵکو دەشێت پەردەیەک بێت حەقیقەت داپۆشێ و بیشێوێنێ. هەروەها بۆچوونی هەڵە سەبارەت بە واقیع بخاتە روو، ئەم سێ بیرمەندە هەر یەکەیان بە شێوازێکی تایبەتی خۆی، ئەم بۆچوونانەیان خستۆتە ڕوو«١٣».

پۆل ریکۆر دەنووسێت  هەر سێ بیرمەند: مارکس، فرۆید، نیتشە، بەشێوەیەکی تایبەتی هەوڵیاندا تاکو (هۆشیارییانە) دۆزینەوەی رەمزی خۆیان لەگەڵ کاری  نائاگایی بەرەمزکردن (Work of Ciphering) کە نیتشە ئەمەی بە ویستی هێز، مارکس بە بوونی کۆمەڵایەتی، فرۆید بە ناهۆشیاریی دەروون دەبەستەوە- بگونجێن. جینالۆجیای ئەخلاقەکان لای نیتشە و تیۆری ئایدیۆلۆژی لای مارکس و تیۆری ئایدیالییەکان و وەهمکردنەکان لای فرۆید، سێ ڕێگای نزیک لە یەکترن بۆ



دۆزینەوەی رەمز و بە ئەفسانەکراوەکان.«١٤»

مارکس بە رێگای چەمکی مێژووەوە، فرۆید بە رێگای زانستی پوزەتیفی زیاتر بە مۆدێرنیزمەوە پەیوەست بوون، کە ئەمەش وا دەکا نیتشە لەوان جیاواز بێت، لەبەر ئەوەی نیتشە یەکەم کەس بووە مۆدێرنیزمی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. هەر لەبەر ئەوەشە رەخنەی ئەو لە مۆدێرنیزم زۆر فراوانتر و تێکشکێنەرترە، رەگ و ریشەیشی قوڵترە لە رەخنەکانی مارکس و فرۆید لە مۆدێرنیزم. هەر کەسێک بیەوێت رەخنەیەکی هەمەلایەن لە مۆدێرنیزم بگرێت و فەرهەنگی عەقڵانی شاراوەی مۆدێرنیزم نەفی بکات و بەو ئامانجە بگات کە مۆدێرنیزم واقیعییەت و بەهای خۆی لەدەست داوە، ئەوکاتە دەبێت ئەو کەسە لە مۆدێرنیزم تێپەڕێنێت و بەرزتر بڕوانێت. ئا لێرەدا نیتشە لە پۆست مۆدێرنیزمدا شوێنی خۆی هەیە و ناتوانرێ فەرامۆش بکرێت«١٥»، لەبەرئەوەی رەخنەکانی لە مۆدێرنیزمدا خوازیاری تێپەڕاندن بوون لێی. بەم جۆرە هەمەلایەنی و فراوانی (تێکشکاندنی) نیتشە لە چاو مارکس و فرۆید دەردەکەوێت.

لە میانەی رەخنەگرتنی  هێربرت مارکیووز لە کۆمەڵگای هاوچەرخی خۆرئاوایی، بەهۆی زاڵبوونی جۆرەها شێوەی داپلۆسین و سەرکوتکردنەوە، نیتشە وزە و توانایەکی گەورەی پێدەبەخشێت، چونکە رەخنەی نیتشە لە دەوڵەت- کە بەرچاوترین دیاردەی کۆمەڵگای نوێیە- لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هۆکارێکی داپلۆسێنەرە و خودی مرۆڤ تێیدا تێکدەشکێنرێت. بەڵام لە سەردەمی مارکیووزدا رژێمی سەرمایەداری لە قۆناغێکی زۆر جیاوازتردا ئەم کردەی

داپلۆسینە ئەنجام دەدات و شێوازەکانی سەرکوتکردنی خودی مرۆڤ فراوانتر دەبن و هەموو کون وکەلەبەرێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگرنەوە. ئەو سیستەمە سەرکوتکەر و داپلۆسێنەرەی نیتشە لەسەردەمی خۆیدا باسی لێوە دەکرد و رەخنەی لێدەگرت، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ فەلسەفەی نێگەتیڤیزمی- رەخنەیی- هێربرت مارکیووز. جا ئەگەر هایدگەر و هیگل کاریگەریەکی فەلسەفییان لەسەر هێربرت مارکیووز هەبووبێت، ئەوا مارکس و نیتشە شیوازێکی کاریگەریان بە مارکیووز بەخشیوە لە میانەی رەخنەکانیاندا، کە رەخنەیەکی شارستانی و ئایدۆلۆجی بووە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا[١٦].

(نامونتەمی- اللامنتمي) لای کۆڵن وڵسن ئەو مرۆڤە هەستیارەیە کە گێرەشێوێنی ژیان دەبینێ و روانگەیەکی قووڵی هەیە بۆ جیهان، بەپێچەوانەی ئەوکەسانەی ڕووکەشانە دەڕواننە ژیان و جیهان. سەربەستیی رۆحی، گەورەترین کێشەیەتی. لەبەر ئەوەیە لەوپەڕی نیگەرانی رۆحیدا وێڵی ئاسوودەییەکی تەواوی رۆحی و دەروونیە. جاکۆب بوهیمە و ڤان کوخ و جۆرج فۆکس و دەستۆفسکی و نیتشە و برناردشۆ دەبنە بابەتی ئەو نامونتەمییەی کە کۆلن ولسن باسی لێوە دەکا. کۆڵن وڵسن لەبارەی نیتشەوە دەنووسێت: ئەگەر بمانەوێ لە نیتشە بگەین، دەبێ یەکەم جار لەوە بگەین کە بە چ رێگایەک نیتشە کێشەکانی نامونتەمیی چارەسەر کردووە؟! پێویستە لە سەرمان خۆمان بکەینە نیتشە، تا ئەو شتانە ببینین کە ئەو دەیانبینێ. پێویستمان بەوە هەیە کە زانیارییەکی تەواومان لەمەڕ نامونتەمی وەک جۆرێکی تایبەت



هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو زانیارییە کلیلی راستەقینەیە بۆ تێگەیشتن لە نیتشە.«[١٧]»

پاش ئەوەی لە قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەی کۆڵن وڵسن، نیتشە ئامادەبوونی خۆی دەبێت، لە قۆناغی دواتریش لە بیری کۆڵن وڵسن نیتشە شوێنی بەرچاوی هەیە.

لە کتێبی (لە دوای نامونتەمی) دەنووسێت: نیتشە تاکە فەیلەسووفێکە کە بێهێزی و خاڵی لاوازی مرۆڤ و کەم و کوڕییەکانی دیاریکردووە، هەروەها کون وکەلەبەرەکان و تێکچوونی شێرازەی بیرکردنەوەی هاوچەرخی شیکردۆتەوە.«[١٨]»

هـ.ج. بلاکهام (H.J. Blockham) لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (شەش بیرمەندی وجوودی) (Six Existentialist Thinkers) نیتشە بەفەیلەسووفێکی وجوودی دادەنێت و لەگەڵ پێنج فەیلەسووفی وجوودی (کێیەرکگاردو یاسپێرس و گابریل مارسل و هایدگەرو سارتەر) لەکتێبەکەیدا باسیان لێوەدەکات، بلاکهام لە کۆتایی ئەو بەشەی لەبارەی نیشتەوەیە دەنووسێت.. (ئەو «مەبەستی نیتشەیە» روون و ئاشکراتر لەهەرکەسێکی دیکە نموونەی ئەو حەقیقەتە ئەگزیستانسیالیستییەیە کە فەیلەسوفێک هەوڵدەدات وا خۆی بنوێنێ کە بەشێوەیەکی جدی بۆخۆی دالدەیەک لەبێ توانایی و سستی نیازە بێ گەردەکانی خۆی کە دەرکیان پێ دەکات دروست بکات، دالدەیەک پێشکەش بەخەڵکانی دیکە ناکات، بەلام لەوانەیە بەجۆرێکی مەزن چەندان سەرچاوەی دەوڵەمەند دروست بکات کە ئەوانی‌تر ئاسایش و گەورەیی خۆیانی لێوە دەخولقێنن«[١٩]»

ئەمانەی باسمان کردن چەند نموونەیەکی بەرچاو بوون لە کاریگەرییەتی نیتشە بەسەر بیری هاوچەرخی رۆژئاواوە. لێرەدا دەبێ دان بەو راستیەدا بنێم کە لە کاتی تەواوکردنی ئەم نووسینەمدا هەستم بەوەکرد کە تازە خەریکە لە خۆئامادەکردندا بم بۆئەوەی لە دەروازەی فەلسەفەکەی نیتشەوە بچمە ژوورەوە.

ئەگەر هەست بەوە بکرێت لەم نووسینەدا لە میانەی خستنەرووی بۆچوونەکانی نیتشە، نیتشە خۆی قسە دەکا، ئەوە دیارە ئەمانەتی فەلسەفیمان پاراستووە. ئەگەر زۆرجاری تریش هەست بەوە بکرێت کە لە ئاست بۆچوونەکانی نیتشە ئیستێکمان کردووە، دیارە نەدەکرا باس لەو رەخنە و بۆچوونانە نەکەین کە سەبارەت بە فەلسەفەکەی خراونەتە روو،«٢٠». یانکۆلاڤرین باشی بۆ چووە، لە کۆتایی کتێبەکەیدا لەبارەی نیتشەوە دەڵێت: کارێکی ئاساییە کە چارەسەرکردنی نیتشە بۆ کێشەکان رەتبکەینەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانین وەسفە قووڵەکانی، هەروەها دەستنیشانکردنەکانی بۆ ئەو سەردەمە، فەرامۆش بکەین.«٢١».



## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١- التطور اللامتكافيء ، دراسة في التشكيلات الأجتماعية الرأسمالية المحيطية. سمير أمين - ترجمة برهان غليون، دار الطليعة- بيروت ١٩٧٤ ص٧.

٢- الفلسفة و الادب. تحرير:اي: فيليبس كريفيثر، ترجمة- ابتسام عباس بغداد ١٩٨٩ ص٨٣.

٣- رەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری رۆشنبیری هاوچەرخ. ئازاد حەمە/ سوید ١٩٩٥ ل,٣٩٢

٤- کتاب تردید. بابک احمدی. نشر مرکز، تهران. چاپ اول ١٣٧٤- ص, ١٦٩

٥- مشكلة البنية، د. زكريا ابراهيم، مكتبة مصر، ص,١٥٩

٦- الفلسفه في العصر المأساوي الاغريقي، فردريك نيتشه. تعريب الدكتور سهيل القش، بيروت ١٩٨١ ص,٨

٧- رەهەندی تێڕامان، ئازاد حەمە، هەمان سەرچاوە ل,٣٩٣

٨- الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي، فردريك نيتشه. ص,١٣

٩- ارغنون. فصلنامه فلسفی- ادبی، سال أول. شماره (٣) پائیز ١٣٧٣ تهران، (مبانی نظری مدرنیسم) ص١١. هەروەها بڕوانە :نیچە.ج.پ استرن. ترجمه عزت الله فولاوند، طرح نو. تهران. چاپ سوم ١٣٧٦ .ص٢٥-٢٧.

١٠- فصلنامەهنر، نشریه معاونت هنری/ مرکز مطالعات و تحقیقات هنری/ شماره -٢٥- تابستان ١٣٧٣ ص,٣٢

١١- ارغنون- شماره (٣) پائیز ١٣٧٣ هەمان سەرچاوە ل ٨ .

١٢- فصلنامەهنر- شماره (٢٥). تابستان ١٣٧٣ هەمان

سەرچاوە ل, ٣٠
١٣- فصلنامەهنر- شمارە (٢٥)، تابستان ١٣٧٣ هەمان سەرچاوە ل, ٣٢
١٤- ارغنون- شمارە (٣) پائیز ١٣٧٣ هەمان سەرچاوە ل ٧,
١٥- فصلنامەهنر- شمارە (٢٥)، تابستان ١٣٧٣ هەمان سەرچاوە ل٣٣-٣٤.
١٦- ماركیوز و فلسفة الطریق المسدود- محمدأمین العالم- دار الاداب بیروت ص٤٢
١٧-اللامنتمي- كولن ولسن ت: انیس زكي حسن. منشورات دار الاداب بیروت -١٩٨٢ ص١٧٠
١٨- مابعد اللامنتمي- كولن ولسن ت: یوسف شرورو و عمر یمق دار الاداب بیروت ١٩٨١ ص٧٥
١٩-شش متفكر اگزیستانسیالیست، ترجمەء محسن حكیمی نشر مركز- تهران- چاپ اول- ١٣٦٨ ص٦٤.
٢٠- كارل پوپر(Karl Poper) دەڵێت: ئێمە بەدوای ئەو تیۆریانە دەگەڕێین كە پشتگیری لە بۆچوونەكانمان دەكەن، ئەو كاتەش چاوپۆشی لەو بۆچوونانە دەكەین كە هەڕەشە لەو تیورییانە دەكەن كە پەسندیان دەكەین لەبەر ئەوەی هەڵوێستێكی رەخنەگرانەمان نەبووە بەرامبەر ئەو تیۆرییانە و خەوشەكانیان نابینین، بڕوانە كارل پوپر- عقم المذهب التاریخي، ترجمة عبد الحمید صبرة ص, ١٦٢
٢١- سلسلة اعلام الفكر العالمي المعاصر- نیتشة- یانكولاڤرین. ت: جورج جحا- بیروت-١٩٧٣-ص٢٢٠.

# II

## ژیاننامەی نیتشە

فریدریک ویلهام نیتشە لە ١٥ی تشرینی یەکەم – ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٤٤دا لەباوەشی خێزانێکی ئایینی لە دێی(Roecken) نزیک شاری لایپزیک لەدایک بووە. باوکی نیتشە، کارل لودڤیگ نیتشە، قەشەی دێیەکەی خۆیان بووە، هەروەها دایکیشی فرانتیسکا لەخێزانێکی ئایینیدا پەروەردە بووبوو.

لەو رۆژەی کە نیشتە لەدایکبوو، جەژنی لەدایکبوونی پادشای بروسیا، فردریک ولیامی چوارەم بوو، لەبەر ئەوەی باوکی نیتشە هاوسۆزییەکی لەگەڵ بنەماڵەی پادشادا هەبووەو ماوەیەکی زۆریش خەریکی پەروەردە کردنی منداڵەکانی خێزانی پادشابووە، جا لەبەرئەوە دەرفەتی لەدایک بوونی کوڕەکەی لەهەمان رۆژی جەژنی لەدایکبوونی پادشای بروسیا بەهەڵزانی و کوڕەکەی خۆی بەناوی ئەوەوە کرد. نیتشە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: هەرچۆنێک بێ،



هەڵبژاردنی ئەو رۆژەی کە تێیدا لەدایکبووم سوودێکی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە بە درێژایی ژیانی منداڵیم، ئەو رۆژە ببووە رۆژی ئاهەنگگێڕان و هەراوهۆریای میللەت...»[١]

نیتشە نۆبەرەی دایک و باوکی خۆی بوو، پاشان خوشکەکەی ئەلیزابێت لە ساڵی ١٨٤٦دا لەدایک دەبێت، نیتشە لەتەمەنی چوار ساڵاندا بوو، کە باوکی بەنەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد، مەرگی باوکی لەو تەمەنە منداڵییەی ئەودا کاریگەریی خۆی هەبوو، لەبەرئەوەی نیشتە لەو تەمەنەدا توانای ئەوەی نەبوو، کەسایەتی باوکی وەک کەسایەتییەکی واقیعی کەچۆن بووە ئەوها بناسێت، جا لەبەرئەوە وێنەیەکی ئەفسانەیی و خەیاڵئامێزی لەمێشکی خۆیدا سەبارەت بە باوکی دروست کردبوو.

هەردوای مەرگی باوکی، نیتشە دەکەوێتە نێو کەشوهەوای خێزانێک کە سەرجەم ئەندامەکانی ئافرەت بوون. دایک و خوشک و دووخوشکی باوکی (واتە دوو پور)، ئەندامانی ئەم خێزانە بوون، کە نیتشە قۆناغی منداڵێیتی لەگەڵیاندا بەسەر برد.

بەدووری نازانین ئەو ژینگەیەی منداڵیی نیتشە، شان بەشانی هەوڵە سەرنەکەوتووەکانی دواتری نیتشە لەمەڕ خۆشەویستی ئافرەت، رۆڵێکی سەرەکی هەبووبێ لەودیو ئەو هێرشانەی لەنووسینەکانیدا دەیکاتە سەر ئافرەت بەتایبەتی ئەو قسەیە، کە پیرەژنێک بەزەردەشت دەڵێت: ئەوە بزانە، کە چوویە لای ئافرەت، قامچییەکەت لەبیر نەچێت«[٢]». ئەم رستەیە دەبێتە بۆچوونێکی گشتی نیتشە سەبارەت بە ئافرەت، کە دواتریش پێیدەناسرێت، هەروەها لەبارەی

پەروەردەی منداڵیی نیتشە لەبنەماڵەیەکی ئایینیدا هەندێک لەبیرمەندان لەو باوەڕەدان کە ئەو پەروەردەیەی نیتشە لە بنەماڵەکەیدا کەشوهەوایەکی ئایینی هەبووە، کاریگەری کردۆتە سەر بیرکردنەوەی قۆناغەکانی دواتری ژیانی، جا لەبەرئەوە هێرشی نیتشە بۆ سەر مەسیحییەت و رەخنە لێگرتنی، لەپێناو چاککردن و داماڵینی خەوشەکانی بووە، لای ئەم بیرمەندانە ئامانجی فەلسەفەی نیتشە چاککردنی مەسیحییەت بووە«[٣]».

نیتشە لەباوکییەوە مەیلێکی بۆ مابۆوە، کەخۆی نکۆڵی لێ دەکرد، پاش ئەوەی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو مەیلەوە، بەوپەڕی توانایەوە تێدەکۆشا کە ئەم کاریگەرییەی لەسەر نەمێنێت، ئەم مەیلەش بریتی بوو لە مەیلێکی ئایینیی قووڵ.

نیتشە لەمنداڵیدا خەونی بەوەوە دەبینی لەدوارِۆژدا ببێتە قەشە، تا ئەوکاتەی دژی مەسیحییەت وەستاو هێرشی دەکردە سەری، کاریگەرێتیی ئەو مەیلە ئایینیەی بەسەرەوە دیاربوو، لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا لەبارەی خۆیەوە، گوتوویەتی: خواوەندم لەوپەڕی گەورەییدا بینیوە«[٤]».

لای هەندێ لەبیرمەندانی دیکە، ئەم حاڵەتەی نیتشە بەحاڵەتێکی شاراوەو حاڵەتی کپبوونی ئایینی دادەنرێت، چونکە رەخنەگرتن لەمەسیحییەت و سەرجەم بەهاکانی، پاشان هەستکردنی بەئازارو گۆشەگیری، پاڵی پێوە ناوە پەنا بباتە بەر هاورێیەک، کە ئەویش خواوەندە«[٥]».

لەگەڵ ئەوەشدا رەخنە لەو بۆچوونانە دەگیرێت، کە کارل یاسپێرس لەکتێبەکەیدا (نیتشەو مەسیحییەت)سەبارەت بە ئەو حاڵەتە شاراوەیەی نیتشە دەیخاتە روو«[٦]».



ساڵی ١٨٥٠ دوای مەرگی باوکی و مەرگی (جوزیف)ی برا بچووکەی کە تەمەنی دووساڵ بوو، خێزانەکەیان روو لەشاری نۆمبرگ دەکەن، ساڵی ١٨٥١ نیتشە دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی تایبەت، پاشان ساڵی ١٨٥٤ نیتشە دەچێتە قوتابخانەیەکی دیکە، بەڵام هاوینی ١٨٥٦ بەهۆی ژانەسەری بەردەوام و ئازاری چاویەوە مۆڵەتی پێ دەدرێت.

ساڵی ١٨٥٨ پەیوەندی بەقوتابخانەی (پفورتا – Pforto) وە دەکات، ئەوکاتە ئەو قوتابخانەیە تایبەت بوو بەخەڵکانێکی دیاریکراوەوە، پاشان بووە دەزگایەکی پەروەردەیی، (نۆڤالیس)ی شاعیری رۆمانسی و فیختەی فەیلەسووف و رانکەی مێژوونووس لەقوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیە بوون.

نیتشە لەم قوتابخانەیەدا سەرقاڵی خوێندنی شیعرو مۆسیقاو لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکان بوو، سەری لەسەر کتێب هەڵنەدەگرت.

ساڵی ١٨٦٠ لەگەڵ دوو هاورێی نۆرمبرگی... ویلهێلم پیندرو گۆستاڤ کرۆک ئەنجومەنێکی ئەدەبی دادەمەزرێن، بەدرێژایی سێ ساڵ لەم ئەنجومەنە ئەدەبیەدا نووسین و شیعریان بڵاوکردۆتەوە، لەوکاتەدا بوو نیتشە بۆیەکەم جار ناوی ڤاگنەری بەرگوێ کەوت، بەڵام بەدرێژایی ساڵانی خوێندنی لەپفۆرتا مۆسیقای شوبرت کە لە ساڵی ١٨٥٦دا کۆچی دوایی کردبوو لای ئەو خۆشەویستترین مۆسیقا بوو«[٧]».

لە ٦ی تشرینی یەکەم– ساڵی ١٨٦٤دا نیتشە دەچێتە زانکۆی بۆن و وەک قوتابییەکی بەشی خواناسی (الهیات) و زمان وەردەگیرێت، کەش و هەوای ئەم زانکۆیە دڵخۆشی

ناکات، لەکاتێکدا لە ٣٠ تەمموزی ١٨٦٥دا بۆ دایکی دەنووسێت: من لەخەڵکی رەگەزپەرستی کاسۆلیکی ئێرە زۆر نیگەرانم، لێرە زۆر جاران باوەڕناکەم لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەژین«[٨]».

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەکانی پرۆفیسۆر فریدریش فیلهلم رتشل (١٨٠١-١٨٧٦)ی مامۆستای لەمەڕ مێژووی کلاسیکی و کۆن سەرنجی رادەکێشن، لەبەر ئەوە خۆی بۆ خوێندنی لێکۆڵینەوەی کلاسیکی تەرخان دەکات، دوای ئەوەی لەساڵی ١٨٦٥دا واز لەبەشی خواناسی (الهیات) لە زانکۆی بۆن دێنێت، لەگەڵ مامۆستاکەیدا دەچێتە شاری لایپزیک بۆ خوێندنی مێژووی شارستانی و مێژووی تایبەت بە شارستانییەتی یۆنانی، لەکۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٦٥دا بەرێکەوت دانەیەک لەکتێبەکەی (شوپنهاوەر) بەناوی (جیهان وەک ویست و بیرۆکە) دەکڕێت. پاش خوێندنەوەی بەهاورێکانی رادەگەیەنێت کە ئەم بۆتە شوپنهاوەری...«[٩]».

بەڵام دواتر کاریگەرێتیی شۆپنهاوەر پاڵیپێوە دەنێت ببێتەوە نیتشەو رەخنە لەبۆچوونەکانی ئەو بگرێت و ئەم کەوتنە ژێر کاریگەرییەو دەربازبوون لێی، هاوکات بوو لەگەڵ کاریگەرێتیی نێرڤانای بوزا.

نیتشە لەکاتی خوێندنیدا لەزانکۆی لایپزیک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فەیلەسووفەکانی پێش سوقرات و یەکەمین نووسینی لە بارەی شاعیرێکی کۆنی یۆنانیەوە بوو، بەناوی (ثیوگنیس- Theognis) دواتر بەهۆی پرۆفیسۆر ریتشل-ەوە لەگۆڤاری (مۆزەخانەی راین) -(Rheini sche mu-seum Furphilologie) ساڵی ١٨٦٧، بڵاوکرایەوە.



ساڵی ١٨٦٧ نیتشە دەبێتە سەربازو لەخوێندنی زانکۆ دادەبڕێت، بەڵام بەهۆی گلان لەسەر ئەسپەوە کە ئەوەندەی نەمابوو ژیانی لەدەست بدات«[١٠]» هەروەها بەهۆی ئەو نەخۆشییانەی تووشی ببوون و وازیان لێ نەدەهێنا، ساڵی ١٨٦٨ لەسەربازی دەردەچێت و دەگەڕێتەوە لایپزیک. لەبەهاری هەمان ساڵدا ئاشنایەتی لەگەڵ ڤاگنەردا پەیدا دەکات و بەدیداری یەکتر شاد دەبن. ئەم چاو پێکەوتنەیان لەکاتێکدا دەبێت، کە ڤاگنەر هاتوچۆی ماڵی خوشکی دەکرد، کەناوی خاتوو (بروکهاوس) بوو کە لەگەڵ بنەماڵەی پرۆفیسۆر ریتشلدا ناسیاوییان هەبوو، لەماڵی خاتوو (بروکهاوس)دا ڤاگنەرو نیتشە شەوێک بەیەکەوە بەسەر دەبەن و باسی شۆپنهاوەرو مۆسیقا دەکەن.. دوای ئەو چاوپێکەوتنە ڤاگنەر هیوای ئەوە دەخوازێ جارێکی تر چاوی بەو گەنجە خوێنگەرمە بکەوێتەوە.

لەساڵی ١٨٦٩دا پێش ئەوەی نامەی دکتۆرا تەواو بکات، بووە پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەبەشی فیلۆلۆجیا لەزانکۆی بازل، ئەمەش بەهۆی پشتگیریکردنییەوە بوو لەلایەن پرۆفیسۆر ریتشل، کە لەو باوەڕەدا بوو نیتشە شایستەی ئەو پلەو پایەیە، دواتر لەساڵی ١٨٧٠دا دەبێتە پرۆفیسۆر لەهەمان زانکۆدا.

ساڵی ١٨٧٠ لەکاتی شەڕی نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسادا، نیتشە بەهۆی کزبوونی چاوی و نەخۆشی دیکەوە، خزمەتی سەربازی تەواو ناکات، لەوکاتەدا بەهۆی پلەو پایەی زانکۆییەوە ناتوانێت چەک هەڵبگرێت، بەڵکو وەک برینپێچێک بەشداری شەڕ دەکات.

لەراستیدا بوونی ئارەزووی بەشداریکردن لەو شەڕەدا بەپێشینەی بیری نیتشە دادەنرێت سەبارەت بە ناعەقڵانییەتی ئیمپریالیزم لەلایەن ئەو فەیلەسوفەوە، ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە، کە ئەم فەیلەسوفە خوازیاری ئەوەبووە، ئەڵمانیا لەقوناغێکی بەرزی ئیمپریالیستیدا وادابێت، هەمیشە وەک دەوڵەتێکی مەزن و زلهێز دەربکەوێت.

دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لەنێوان ساڵانی ١٨٦٩ تاوەکو ١٨٧٢، لەگەڵ ڤاگنەرو خێزانەکەی -کۆزیما- لەتریبشن دا، کاریگەرێتی تایبەتی خۆیان دەبێت لەسەر نیتشە، ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانە وەک یادگارییەکی پیرۆز لەلایەن نیتشەوە شوێنی خۆیان دەبێت، لەنامەیەکدا باسی (تریبشن) دەکا، کە شوێنی نیشتەجێبوونی ڤاگنەرەو دەنووسێت: ئەو شتانەی لێرەدا فێریان دەبم، ناتوانرێ باسیان بکرێت، شوپنهاوەرو گۆتە...و ئەسکلوس تاکو ئێستاکە زیندوون«[١١]».

لەوکاتەدا نیتشە سەرقاڵی نووسینی (لەدایک بوونی تراژیدیا- Geburt der Tragodle) بوو کە ساڵی ١٨٧٢دا بڵاوی کردەوە. ڤاگنەر دڵخۆشی و رەزامەندی خۆی لەبارەی ئەو کتێبەی نیتشەوە دەردەبڕێت و دەڵێت: هەموو شتێکی ناو ئەم کتێبە گەورەو مەزنن... بەکۆزیمام گوت لەپاش تۆ لەهەموو مرۆڤێک زیاتر خۆشم دەوێت...«[١٢]».

ساڵی ١٨٧٣ کتێبی (چەند ووردبوونەوەیەک لەکاتێکی نەگونجاودا I: (دیڤدستراوس) بڵاودەکاتەوە، لەساڵی ١٨٧٤دا بەشی دووەمی هەمان کتێب بەناونیشانیII (لەبارەی سوودو زیانی مێژوو) بڵاودەکاتەوەو بەشی سێیەمیشی لەهەمان ساڵدا III (شوپنهاوەر وەک



مامۆستایەک) بڵاو دەکاتەوە.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٧٤دا لەنامەیەکدا بۆ (مالفیدافون مایزنبوغ -١٨١٦-١٩٠٣) دەنووسێت: ئەوەی کە ئێستاکە ئاواتمە ، بەنهێنی پێت دەڵێم ئەوەیە بەزووترین کات ببیتە هاوسەری من...«[١٣]». بەڵام لەو دەستپێشخەرییەیدا سەرکەوتوو نابێت...

لە ڕاستیدا پەیوەندی نیتشە بەو ئافرەتە نووسەرە بەتەمەنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٢ لەکاتی کردنەوەی شانۆی (بایرویس)ی ڤاگنەر کە ئەو ئافرەتە نووسەرەش یەکێک بوو لە میوانانی ئەو بۆنەیەی کە نیتشەش بەشداری تێدا کردبوو.

ساڵی ١٨٧٦ بەشی چوارەم لە (چەند وردبوونەوەیەک لەکاتێکی نەگونجاودا) لە بایرویس دەنووسێت.

ساڵی ١٨٧٧ بەتەنیا گەشتێک بۆ ئیتاڵیاو سویسرا دەکا، لەئابی هەمان ساڵدا بۆ خاتوو لویز ئوت (کە ئافرەتێکی پاریسی رەچەڵەک سلاڤی بوو، نیتشە لەڤیستیڤاڵی بایرویسی ساڵی ١٨٧٦ ناسیبووی) دەنووسێت: من گۆشەگیری خۆم لە چیادا بەجێناهێڵم، بێ ئەوەی پێت رانەگەیەنم، کە تا چ رادەیەک بەتۆوە بەستراومەتەوە، گوتن و نووسینی ئەم قسەیە چەند بێ مانایە.. وانییە؟.

لەپاییزی هەمان ساڵدا دەگەڕێتەوە زانکۆی بازل ساڵی ١٨٧٨ کتێبی: «مرۆڤایەتی، تا ئەوپەڕی مرۆڤایەتی» چاپ دەکات.

ساڵی ١٨٧٩ نەخۆشی هەراسانی دەکات، لە سەرینی ئەمەوە لە زانکۆ خانەنشین دەکرێت، لەوماوەیەدا

دووپاشکۆی کتێبی «مرۆڤایەتی، تا ئەوپەڕی مرۆڤایەتی» بڵاودەکاتەوە، لە ئایاری هەمان ساڵدا، لە نامەیەکدا بۆ خاوەن دەزگای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی دەنووسێت:«وازم لەپرۆفیسۆریەتی خۆم هێناوەو خەریکی گەشتێکم بۆ نێو چیاکان، لەچاکبوونەوە بێ ئومێدم، تەنها تروسکە هیوایەکم ماوە، ئازارەکانم زۆر بەتین و هەمیشە لەگەڵمدان» پاشان ئەم نامەیە بەناوی (پیاوێکی نیوەکوێر)ەوە واژۆ دەکات، لەهەمان ساڵدا بۆ (بیتر غازت) دەنووسێ: ئێستاکە لەنیوەی ژیاندام، مەرگ بەشێوەیەک لەچواردەورم دایە، هەر دەقیقەیەک ئامادەبێت پەییم پێ دەبات، بەهۆی سروشتی ئازارەکانم، بەهۆی شڵەژان و تێکچوونمەوە، دەبێت چاوەڕوانی مەرگێکی لەناکاو بکەم...«[١٤]».

لە ساڵی ١٨٨٠ دا (سەرگەردان و سێبەرەکەی) بڵاودەکاتەوەو لەساڵی ١٨٨١دا کتێبی (بەرەبەیان) و لەساڵی ١٨٨٢شدا کتێبی (دانایی شاد) چاپ دەکات، ئەم کتێبەی دوایی راڤە لەبۆچوونی پراگماتیزییانەی نیتشە دەکات.

لە ساڵی ١٨٨٢دا کچێکی بەناوی (لۆسالۆمی) دەناسێت، ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە لەلایەن (مالفیدا) داوەت کرابوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ دکتۆر پۆل ری گەشتێکی بەهاری لەرۆمادا بەیەکەوە ئەنجام بدەن، ئەوکاتە دکتۆر (ری) پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ کچە جەنەراڵی رووسی (لۆسالۆمی)دا دەبێت، کەهەر لە ماڵی (مالفیدا) لەرۆما ناسیبووی، لەبەر ئەوەی دکتۆر (ری) لەلای ئەو کچە زۆر باسی هاوڕێیەکی خۆی کردبوو، بۆیە (لۆسالۆمی) ئەو ئارەزووەی لادروست ببوو، کە ئەو هاوڕێیەی دکتۆر ری ببینێ.. جا بەم هۆیەوە ئەم



گەشتە بۆ نیتشە رەخسا، بۆئەوەی بچێتە رۆما، هەر لەیەکەم دیداردا نیتشە شەیدای ئەو کچە رووسییە بوو، بەڵام دواتر کە نیتشە داوای لێ کرد ببێتە هاوسەری، کچە رازی نەبوو.. ئەوکات (لۆسالۆمی) تەمەنی بیست و یەک ساڵ بوو، سەرنج راکێشترین ئافرەت بوو، کە نیتشە لەژیانیدا تووشی ببوو، نیتشەو دکتۆر ری و لۆسالۆمی هەرسێکیان زۆربەی کاتیان بەیەکەوە لەرۆما بەسەردەبرد، هەرچەندە لۆسالۆمی جارێک داواکەی نیتشەی رەتکردبۆوە، بەڵام ئەو هەر وازی لەو ئاواتەی خۆی نەدەهێنا، کەچی ئەم ئاواتەی هەر نەهاتەدی، ئەو پەیوەندییەشی لە دایک و خوشکی شاردبۆوە، چونکە ئەوان بەشتێکی نائەخلاقییان لەقەڵەم دەدا، ئەوەبوو کاتێ ئەلیزابێتی خوشکی بەو مەسەلەی زانی، لەگەڵ –نیتشە– تێکدەچێ و بەشەڕ دێ و ئەلیزابێت لەم بارەیەوە دایکیشی ئاگادار دەکاتەوە«[١٥]» بەڵام دوای ئەوەی نیتشە لە (لۆسالۆمی) دادەبڕێت و بۆ جارێکی دیکە ئەو ئافرەتە روسییە سەرنجراکێشە نابینێتەوە، جگە لە لەیادکردنی و فەرامۆشکردنی هیچ رێگای لەبەردەمدا نامێنێتەوە، پاشان لەگەڵ دایک و خوشکی ئاشت دەبێتەوەو پەیوەندییان دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی جاران، لەکۆتایی مانگی ئابی ساڵی ١٨٨٣دا لەنامەیەکدا بۆ ئەلیزابێتی خوشکی، دەیەوێت وای تێبگەیەنێت، ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە، کە ببووە کێشەیەک بۆ خۆی و خەڵکی دیکە«[١٦]».

کۆتایی ساڵی ١٨٨٢ و سەرەتای ساڵی ١٨٨٣ یەکەمین بەشی (زەردەشت وای گوت) دەنووسێت، لە ١٨٨٣/٢/١٣دا ڤاگنەر لە (ونیز) کۆچی دوایی دەکات. لەمانگی حوزەیرانی

هەمان ساڵدا نیتشە دەچێتە (جەنوا) و (ڕۆما)، پاشان هەر لەومانگەدا، دەچێتە سیلس – ماریا لە وێدا بەشی دووەمی کتێبەکەی تەواو دەکات، هەر دووبەش بەیەکەوە لە چاپ دەدرێن، لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا دەگەڕێتەوە بۆ نۆرمبرگ. لەوکاتەدا لەکەین و بەینی خوشکەکەی ئەلیزابێت و برنهارد فۆرستەر دەگا کە دواتر دەبنە هاوسەری یەکتر.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٤دا بەشی سێیەمی (زەردەشت) دەنووسێت، لەهەمان ساڵدا بڵاویدەکاتەوە، لەوکاتەدا خەریکی نووسینی تێبینییەکانی دەبێت کە لەپاش مەرگیدا بەنێوی (ویستی هێز) بڵاودەکرێنەوە، لەوماوەیەدا لە ونیزو سیلس– ماریاو زوریخ و نیس...هەر خەریکی گەشتوگوزار دەبێت.

لە ساڵی ١٨٨٥دا بەشی چوارەمی (زەردەشت) تەواو دەکات و بەکتێبێکی تایبەتی چاپی دەکات. هەر لەو ساڵەدا ئەلیزابێت دەبێتە هاوسەری فۆرستەر کە کابرایەکی دژە جوولەکە بووە. نیتشە لەساڵی ١٨٨٦دا (ئەودیوی چاکەو خراپە) دەنووسێت و بڵاویدەکاتەوە، دوای ئەوەی کتێبەکەی د.پۆل ری (دەربارەی بنچینەی هەستە ئەخلاقیەکان–١٨٨٧) دەخوێنێتەوە«[١٧]»، لەساڵی ١٨٨٧دا لە بارەی جینالۆجیای ڕەوشت و لە ساڵی ١٨٨٨دا (تەنگوچەڵەمەی ڤاگنەر) بڵاودەکاتەوەو لە ساڵی دواییدا (ئاوابوونی بتەکان) بۆ چاپ ئامادە دەکات، هەروەها لەسیلس – ماریا لەماوەی مانگێکدا (مەسیحی جادووکەر) دەنووسێت و هەر لەهەمان ساڵدا(ئەوەیە مرۆڤ) دەنووسێت.

لە ساڵی ١٨٨٨دا یەکەمین لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی نیتشە لەلایەن کارل ئیسپیتلرەوە ئەنجام دەدرێ و جۆرج



براندس لەکۆبنهاگن قسە لەسەر فەلسەفەی نیتشە دەکات(*).

لە ساڵی ١٨٨٩دا باری دەروونی و جەستەیی نیتشە بەتەواوی تێکدەچێت و لە وڕێنەکانیدا، کە بەکاغەز بۆ دۆست و هاورێکانی دەنوسێت خۆی بە دیۆنیسۆس و مرۆڤێکی لەخاچدراو لە قەڵەم دەدات. لەکانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا کە لەشاری (تۆرینۆ) تێکدەچێت و تووشی ئیفلیجی –الشلل– دەبێت، (فرانتز ئۆفریک)ی هاورێی بۆ چارەسەر کردن دەیباتە نەخۆشخانەی زانکۆی بازل، پاشان لەوێوە دەیگوازێتەوە بۆ شێتخانە، ساڵی ١٨٩٠ دەگەڕێتەوە شاری نۆرمبرگ و دایکی تامردنی لەساڵی ١٨٩٧دا بەخێوی دەکات، پاشان ئەلیزابێتی خوشکی دەیباتە (ڤالیمار) و تا مردنی، بەخێوی دەکات.

دواتر لەئەنجامی پشکنینەکانی پزیشکی دەردەکەوێ کە هۆکاری سەرەکی تووشبوونی نیتشە بە ئیفلیجی گشتی – الشلل العام – دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشی فەرەنگی (سفلس)، کە پێشتر نیتشە تووشی ببوو«[١٨]».

دەساڵ نیتشە دواساتەکانی ژیانی لەخانووێکدا بەسەردەبا، کە دواتر دەبێتە ئەرشیفخانەی نیتشە، ئەو دەساڵە بەتەواوی عەقڵی لەدەست دابوو، لەوکاتانەدا زۆر لەو شتانەی، کە کاتی خۆی نەیدەدرکاندن، یاخود کپ ببوون لەوکاتانەدا هەمووی ئاشکرابوون، بۆ نموونە یەکێک لەو نهێنیانە کە ئەوکات ئاشکرابوو. هەستی خۆشەویستی کۆزیمای خێزانی ڤاگنەربوو، کە نیتشە لەژیانی پێشتری خۆیدا شاردبوویەوە، لەماوەی ئەو دەساڵەی شێتبوونیدا لەکاغەزێکدا بۆ کۆزیما دەنووسێت: «ئاریان تۆم خۆش

دەوێ»... نیتشە لەو نامەیەدا خۆی بە (دیۆنیسۆس) دادەنێت و (کۆزیما)ش بە (ئاریان) دەچووێنێت.

لە راستیدا ئەوکاتەی نیتشە عەقڵی لە دەست داو دانی بە خۆشەویستی کۆزیما نا، ئەوکات سومبوڵی ئاریان و دیۆنسیۆس بەتەواوی ئاشکرا بوو«[١٩]»، چونکە پێشتر بەتەواوی نەدەزانرا، مەبەستی نیتشە لەو سومبولانە چییە کە لە ئەفسانەی یۆنانی وەریگرتبوون، چونکە هەر تەنها ئەوە دەزانرا، نیتشە مەبەستی لایەنگری ئەو سەرکێشی و مەستییەی دیۆنسیۆس بووە لەبەرامبەر رۆژگارێکی جەنجاڵدا، بەڵام دوای لەدەستدانی عەقڵی دەرکەوت کە بێگومان مەبەستی -زاتی- خۆشی هەبووە، لەسەرلەنوێ هۆنینەوەی ئەو ئەفسانەیەدا.

ئەو قۆناغەی دوایی ژیانی نیتشە، کە تێیدا شێت دەبێت و عەقڵی لەدەست دەدات، بۆتە هۆی ئەوەی کە هەندێک راوبۆچوونی ئەو شێتبوونەی نیتشە وەک بەڵگەیەک بەکاربهێنن بۆ سەلماندنی نەبوونی مەعقولیەتێک لەبیری نیتشەدا، هەروەها مۆرکێکی شێتایەتی بەسەرتاپا بەرهەمەکانیدا بلکێنن«[٢٠]».

بەڵام دیارە نیتشە بەهۆی ئەوەی فەلسەفەکەی تێکەڵ بەژیانی -زاتی- خۆی کردبوو، نەیتوانیوە، ئەو ئازارو ئەشکەنجانەی کە تووشی جەستەی ببوون وا بەئاسانی فەرامۆشیان بکات.. بەڵکو بەدووریشی نازانین، ئەو ئازارو ئەشکەنجانە فاکتەرێکی سەرەکی نووسینەکانی بن، هەروەک چۆن تۆماس مان دەڵێت: (زیاتر وایپێدەچێت، نیتشە سیفەتی نەخۆشی خۆی نەزانیبێت، بەڵام بەتەواوی هەستی بەوە



دەکرد، کە قەرزاری نەخۆشییەکەی خۆیەتی)«[٢١]».

نیتشە دوای ئەوەی باری تەندروستی تێکدەچێت و ناتوانێت مافی چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی بپارێزێت و بەرێوە ببات، لە ساڵی ١٨٩٠دا ئەلیزابێتی خوشکی دەبێتە خاوەنی ئەو مافە. لە ٢٥ی ئابی ١٩٠٠دا فریدریک نیتشە بەیەکجاری ماڵئاوایی لەو جیهانە دەکات و تەرمەکەی لەقەبرستانی بنەماڵەکەی لە دێی (رۆکن)دا دەنێژرێت.

لە راستیدا هەروەک (ویل دیورانت) دەڵێت: هیچ بیرمەندێکی بلیمەت نییە، بەقەد نیتشە نرخێکی بەرزی بلیمەتییەکەی خۆی دابێت«[٢٢]» ئەو نرخە بەرزەی بلیمەتی، کە نیتشە داویەتی، نکۆڵی کردن بووە، لەخۆشی و بەختیاری ژیانی خۆی، دوواتریش شێتبوون و لەدەستدانی عەقڵ.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١- نیتشە. د. مصطفي غالب. منشورات مكتبة الهلال ١٩٨٢-ص١١.
٢- هكذا تكلم زرادشت. فريدريك نيتشە. ترجمة. فليكس فارس.ص٩٢.
٣- قصە الفلسفة. ول ديورانت. ترجمة. فتح الله محمد المشعشع.ص٥٠٧.
٤- نيتشە. عبدالرحمن البدوي. مكتبة النهضة المصرية ١٩٥٦.ص.٣٠-٣١.
٥- نيتشە. يانكولافرين. ترجمة: جورج جحا. بيروت ١٩٧٣.ص١٢١.
٦- نيتشە. د. فؤاد زكريا. القاهرة ١٩٥٦. ص١٢٩.
٧- آنك انسان. فريدريش نيچە. ترجمە رويا منجم. انتشارات فكرروز تهران چاپ دوم. اذر ١٣٧٤ص٢٦-٢٧.
٨- نیتشە: یانکولافرین. سەرچاوەی پێشوو ل١٥.
٩- آنك انسان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.
١٠- نیتشە لە ٢٢ ی حوزەیرانی ١٨٦٨دا لەنامەیەکدا بۆ هاورێیەکی کۆنی سەردەمی خوێندنی لە (پڤورتا) کە ناوی بارۆن فون غیرزدورف بوو سەبارەت بەو رووداوە بۆی دەنووسێت: (رۆژێکیان لەخۆهەڵدانە سەرزینی پشتی ئەسپەکە، سینگم بەتوندی بەقۆچی زینەکە دەکەوێت و بریندار دەبێت، ئەوکاتە هەستم بەژانێکی توند کرد لەلای چەپی سینگم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سواری ئەسپەکە بووم، بەردەوام بووم لەرۆیشتن، رۆژ و نیوێک لەگەڵ ئەو ئازارەدا خۆم راگرت، بەڵام لەشەوی رۆژی دووەمی رووداوەکە دووجار لەهۆش خۆم چووم، بۆ رۆژی سێیەم لەجێگادا کەوتم، ئازارێکی زۆرم دەکێشاو پلەی گەرمی لەشم، زۆر بەرزبۆوە، بۆ ماوی سێ مانگ کێم و خوێناوم رانەوەستا، بەڵام لەدواییدا کە جێگاکەم بەجێ هێشت، لەحاڵەتێکدا بووم کە زۆرم لەخۆم دەکرد سەرلەنوێ فێری رۆیشتن ببمەوە) نیتشە. یانکولاڤرین. ص١٧-١٨.





١١- نیتشە. یانکولاڤرین. سەرچاوەی پێشوو ل٢٠.
١٢- نیتشە. یانکولاڤرین. سەرچاوەی پێشوو. ل٢٣.
١٣- نیتشە. یانکولاڤرین. سەرچاوەی پێشوو. ل٧٧-٧٨.
١٤- نیشتە. یانکولاڤرین. سەرچاوەی پێشوو. ل٤٦-٤٧.
١٥- آنک انسان. فريدريش نيچە. ص٣٦.
١٦- نیتشە. یانکولاڤرین. ل٨٩.
١٧- اصل اخلاق وفصلها. فريدريك نتيشە، ترجمة: حسن قبيسي ط٢ ١٩٨٣ ص١٢.
*- هەر چەندە نیتشە نووسینەکانی خۆی لەهەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بڵاوکردبۆوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نووسینەکانیدا نێوبانگی دەرنەکرد، تاوەکو مانگی ئایاری ساڵی ١٨٨٨، کەرەخنەگری دانیمارکی (جورج براندز) چەند لێکچەرێکی لەکۆپنهاگن لەسەر فەلسەفەی نیتشە پێشکێش کرد، (براندز) لە لێکچەرەکانی دا گلەیی لەئەڵمانییەکان دەکرد، لەبەر ئەوەی نکۆڵییان لەو بەهرەمەزنەی نیتشە کردبوو، فەرامۆشیان کردبوو، ئیتر بەم جۆرە -جورج براندز- توانی ببێتە هۆی رێگە خۆشکردنێک بۆ ئەوەی لەوسەردەمدا نێوبانگی نیتشە لەئەسکندناڤیاو ئەڵمانیاو هەموو ئەوروپادا بڵاوببێتەوە. بڕوانە -الحداثە. تحرير: مالكم برادبرى و جيمس ماكفارلن. ترجمە: مؤيد حسن فوزى- بغداد. ١٩٨٧ص٧٨.
١٨- معجم الفلاسفة- جورج طرابيشي. بيروت ١٩٨٧. ص٦٢٧.
١٩- نیتشە. د. فؤاد زکریا. سەرچاوەی پێشوو. ص٢٤.
٢٠- نیتشە. د. مصطفي غالب. سەرچاوەی پێشوو. ص٢٢.
٢١- معجم الفلاسفة،جورج طرابيشي. سەرچاوەی پێشوو ص٦٢٧-٦٢٨.
٢٢- قصة الفلسفة. ويل ديورانت. ص٥٥٣.

# III

## نیهلیزمی نیتشه

سەردەمی رۆشنگەری فراوانترین وریابوونەوەی ئەوروپا بووە لەدوای سەردەمی رێنسانسدا. ئەو سەردەمەی رۆشنگەری زەمینە خۆشکەری شۆڕشی گەورەی فەرەنسی بوو لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا.

بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری، ڤۆلتێر و مۆنتسیکیۆ و رۆسۆ لەپێناو ئەوە تێدەکۆشان کە عەقڵ لە دابونەریتەکانی رژێمی دەرەبەگایەتی و پاشایەتیی رەها و داپڵۆسێنەر رزگار بکەن. ئەم بیرمەندانەی رۆشنگەری بە بیرۆکەی مافە سروشتییەکانی مرۆڤایەتی و ئازادیی عەقڵ، بەرەنگاری ئەو بۆچوون و دابونەریتە داپڵۆسێنەرانە دەبوونەوە.«[١]»

رۆشنگەری وەک (کانت) باسیدەکات، بریتیە لە دەرچوونی مرۆڤ لەو حاڵەتە دەستەوەستانییەی کە مرۆڤ بە خۆی بەسەر خۆیدا هێنابوو«[٢]». مرۆڤ نەیدەتوانی راستەوخۆ عەقڵ بەکاربهێنێت. جا بەپێی بۆچوونی (کانت) رۆشنگەری



دەربازکردنی مرۆڤ بوو لەو بارە دەستەوەستانیە و هەنگاوێکی گەورە بوو لە بەرزکردنەوەی دەسەڵاتی عەقڵ. لەبەرئەوە، سەردەمی رۆشنگەری پلەوپایەی عەقڵی بە رادەیەک بەرزکردەوە کە عەقڵ ببووە مۆرکی ئەو سەردەم. لەسەردەمی رۆشنگەریدا، لە بارەی کاروباری سیاسییەوە ڤۆلتیر و رۆسۆ و مۆنتسکیۆ داوای جۆرە حکومەتێکیان دەکرد، کە لەسەر بنەمایەکی عەقڵی دامەزرابێت و لەگەڵیدا ناکۆک نەبێت؛ دوا جاریش داوای جیاکردنەوەی ئایینیان لە دەوڵەت دەکرد.

لە رووی ئابوورییەوە، ئادەم سمیت بانگەشەی رژێمێکی ئابووری دەکرد کە بنەماکانی، عەقڵخوازی بەرێوەی ببات و ئازادی تاکەکەس بزوێنەری بێت. عەقڵخوازیی سەردەمی رۆشنگەری، بە رادەیەک گرنگی بە دووارۆژی مرووڤایەتی دەدا کە کار بەوە گەیشتبوو رابردوو بەتەواوی فەرامۆش بکرێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەیەکی فیکریی دیکە لە بەردەم رۆشنگەریدا قیت ببێتەوە. ئەویش بزووتنەوەی رۆمانسیزم بوو، کە سۆزی مرۆڤایەتی بۆ رابردووو سەردەمە زێرینەکانی مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی دەبزواند. ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا لە ئەڵمانیادا سەری هەڵدا، دواتر بۆ هەموو ئەوروپا پەلوپۆی هاویشت. هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم لە ئەڵمانیادا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەڵمانیای ئەو سەردەم، واتە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، لەرووی سیاسییەوە ببووە دەوڵەتێکی لاواز و پارچە پارچە. جا لەبەرئەوە جێگای سەرسوڕمان نەبوو ئەگەر کەسانێک هەبووبن، سۆزیان بۆ ئەو رۆژانە بجووڵێت کە ئەڵمانیا

دەوڵەتێکی بەهێز و دەسەڵاتدار بوو.

بۆچوونی ڕۆمانسییەکان ڕاستەوخۆ پێچەوانەی بۆچوونەکانی ڕۆشنگەری بوون. لە کاتێکدا ڕۆشنگەری ڕۆڵی تاکەکەسی بەرزکردبۆوەو بانگەشەی تاکخوازی (الفردية) دەکرد؛ ڕۆمانسییەکان، بەپێچەوانەوە خوازیاری ئەوەبوون کە تاک لەناو کۆمەڵدا بتوێتەوە، هەروەها تاک ببێتە خزمەتکاری دەوڵەت و کەنیسە.

شیلەر و شلینگ و گۆتە لە بەرهەمەکانیاندا، وەک ڕابەرانی ئەم بزووتنەوەیە، بۆچوونەکانی ڕۆمانسییەکانیان دەخستەڕوو، هەروەها یاساناسی ئەڵمانی (سافینی) لەرووی یاساییەوە، تەعبیری لە فەلسەفەی ڕۆمانسیزم دەکرد.

شانبەشانی بزووتنەوەی ڕۆمانسیزم، بزووتنەوەیەکی فیکریی دیکە سەری هەڵدا کە ڕۆمانسیزم نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت، ئەویش پۆزیتیڤیزم (الوضعية) بوو.

پۆزیتیڤیزم بریتی بوو لەو ڕەوتە بیرکردنەوەیەی کە لە لێکۆڵینەوەدا پشتی بەوە دەبەست کە لەواقیعدا لە ئارادابوو و دەخرایە ژێر ئەزموونەوە. ئۆگست کۆنت دەڵێت: پاش ئەوەی عەقڵی مرۆڤایەتی دان بەوە دەنێت کە مەحاڵە بتواندرێت چەمکە ڕەهاکان دەستگیر بکرێن، لەبەرئەوە عەقڵ واز لەوە دەهێنێت کە لە بنچینەی گەردوون و زانینی هۆکارەکانی ئەودیوی دیاردەکان بکۆڵێتەوە.عەقڵ تەنیا بەوە واز دێنێت ئەو یاسا سەرەکییانە بدۆزێتەوە کە دیاردەکان بەڕێوە دەبەن، ئەویش لە ڕێگای بیرکردنەوە و تێبینی کردنەوە.«[٣]

پۆزیتیڤیزم دژی هەموو بۆچوون ولێکۆڵینەوەیەکی میتافیزیکیانە بوو، تەنها گرنگی بەو دیاردانە دەدا کە



لەبەردەستدا بوون و دیاردەی ماددی بوون. هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی پۆزیتیڤیزم بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی ڕۆڵی ئامێر (الآلة)؛ بەڕادەیەک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئامێر ببوە سەرەکیترین هۆکاری ژیان.

ململانێی نێوان پۆزیتیڤیزم و ڕۆمانسیزم بەدرێژایی سەدەیەک بەردەوام بوو، ململانێیەک لەنێوان دوو ڕەوتی بیرکردنەوە، یەکیان گرنگی بە ماددە و ئامێر و ژیانی ڕۆژانە دەدا، ئەوی تریان گرنگی بە سۆز و دنیای ڕۆحیی مرۆڤ دەدا.

پەروەردەی فیکریی فریدریک نیتشە، لەنێوان ئەم ململانێیانەدا بووە هۆی ئەوەی کە ئەم فەیلەسووفە ڕەوتێکی بیرکردنەوەی تایبەتی دابهێنێ، کە دواتر بە نیهیلیزم ناسرا.

شپنگلەر (۱۸۸۰ – ۱۹۳٦) لەمیانەی لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە هەرەسهێنانی شارستانییەتی خۆرئاوا، باس لەوە دەکات کە شارستانییەتەکان لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە. هەر شارستانییەتێک سەرەتا بە قۆناغێکی لاواز دەست پێدەکات و پاشان گەشەدەکات و دەگاتە پلەیەکی بەرز، لەدواییدا هەرەس دەهێنێ و دەگاتەوە قۆناغی سەرەتایی ودەستپێکردنی خۆی.

ئا لەم سەرهەڵدان و هەرەسهێنانەدا ململانێی توند لە ئارادایە، لای شپنگلەر چارەنووسی هەر شارستانییەتێک بە مەدەنییەت کۆتایی دێت. بەو مانایەی کە شارستانییەت تەعبیر لە شتە ڕۆحییەکان و گەوهەرییەکانی مرۆڤایەتی

دەکا، بەڵام مەدەنییەت بریتییە لە شتە رووکەشەکان و ماددییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی»[٤].

قۆناغی مەدەنییەت، قۆناغی هەرەسهێنانی شارستانییەتە. لەو قۆناغەدا سەرجەم ئەو شتانەی کە بەدرێژایی مێژووی شارستانییەت پیرۆز بوونە و مرۆڤ رێزی لێگرتوون، لە سەردەمی مەدەنییەتدا ئەو پیرۆزییە و رێزلێنانەیان نامێنێت، سەرجەم بەهاکانی مرۆڤایەتی دەپووکێنەوە و مانایان نامێنێت. ژیان و بوون لە مانای خۆیان دادەماڵرێن، بوون هیچ ئامانجێکی نامێنێت. لەو قۆناغەدا مرۆڤ هەست دەکا تا ئەوساتە بەهاکان هەڵیخەڵەتاندوون. جا لەبەر ئەوە مرۆڤ هەست بە نائومێدی دەکات و نکۆڵی لە سەرجەم ئەو بەهایانە دەکات.

ئا لێرەدا نیتشە ناو لەم حاڵەتە دەنێت نیهیلیزم(العدمية)، کە بریتییە لەو تێڕوانینەی کە لەئەنجامی بێ هیوایی و گومان پەیداکردنی مرۆڤەوە لە سەردەمەکەی، دروست دەبێت.

نیتشە لە کتێبی (ویستی هێز)دا باسی ئەو حاڵەتە نیهیلیستییە دەکا کە مەدەنییەتی خۆرئاوایی تێی کەوتووە. لەڕاستیدا، ئەو سەردەمەی کە نیتشە باسی دەکات، ئەو رۆژگارەیە کە مۆدێرنیزم تێیدا لە کەش و هەوایەکی تەمومژاویدا سەری هەڵدا و گەشەی کرد. جا لەبەرئەوەیە کە رەخنەکانی نیتشە لەو رۆژگارە کە نیهیلیزم تێیدا لەدایکبوو، رەخنەیەکە لە خودی مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی.

نیهیلیزم واتە نەمانی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و بێ ئامانج بوونی وجود و ژیان، ئەو بەهایانەی کە ئایین بانگەشەی بۆ دەکردن.



زانست کە پیرۆزترین شتێک بوو، مرۆڤ باوەڕی پێ قایم بوو، مرۆڤ لێی دوو دڵ دەبێت و لێی دەکەوێتە گومانەوە. لای نیتشە هەموو شتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مرۆڤایەتی بەرەو دڕندایەتی و شەڕخوازی وخوێنڕشتن دەچێت.

هۆکارەکانی هاتنەکایەوەی ئەو حاڵەتە نیهیلیستییە، لای نیتشە زۆرن، لەوانە: ئامێر لەو قۆناغەدا زاڵ بووە و بۆتە هۆکارێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵگای سەرمایەداری. ئەم ئامێرە هەرچەندە لە ئاکامی بیرکردنەوەی قووڵی مروڤ هاتۆتەکایەوە، بەڵام بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ تەمبەڵ و تەوەزەڵ بکات، چونکە ئامێر وا لە مرۆڤ دەکا کەمترین توانای خۆی بەکاربهێنێت. لەبەر ئەوە نایەڵێت مرۆڤ پەرە بەخۆی بدات و ژیانی رۆحیی خۆی دەوڵەمەند بکات. ئەو ئامێرە وا لە مرۆڤ دەکات لە کەسایەتیی خۆی دابماڵرێت و وەک ئامێرەکەی لێ بێت؛ لەپێناو ئامانجێکدا بخولێتەوە کە ئامانجی راستەقینەی وجوود و ژیان و مرۆڤایەتی نییە.

هۆکارێکی دیکەی تەشەنەکردنی ئەم حاڵەتە نیهیلیستییە زاڵبوونی جۆرێکی دەستەڵاتدارانە، کە گرنگی بە بەها راستەقینەکانی مرۆڤایەتی نادەن، چونکە بە گرنگیان نازانن.

زاڵبوون و بڵاوبوونەوەی بۆچوونی گەلە کۆمەکی و رەمەکییانە و رووکەشانە، هەروەها گرنگی نەدان بە بەها رۆحییەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، هۆکاری دیکەی نیهیلیزمین. لە هەموو ئەو هۆکارانە گرنگتریش کە بۆتە هۆی تەشەنەکردنی نیهیلیزم، خراپ بەکارهێنانی زانستە.

ئەو قۆناغە نیهیلیزمییەی کە نیتشە باسیدەکا، بریتییە لەو قۆناغەی کە سەرمایەداری لە لوتکەی گەشەکردندا بوو،

رژێمی سەرمایەداری هەموو کون وکەلەبەرێکی کۆمەڵگای کۆنترۆڵ کردبوو، لەبەر ئەوەی هەموو شتێک لە خزمەتی قازانج و کۆکردنەوەی سەرمایەدا بوو.

هنری لوڤیڤر سەبارەت بە ئەو سەردەمەی کە نیتشە بە نیهیلیزم ناوی دەبات، دەنووسێت: «سەدەی نۆزدەهەم واتە سەردەمی سەرمایەداری و ململانێی ئازاد، بە قەیرانێکی گەورە لە هونەر و رۆشنبیریدا کۆتایی بەخۆی هێنا. ئەو سەدەیە، کە لە رۆخی تەواوبووندا بوو، باوەڕی بە حەقیقەتی تێکشکانی خۆی هێنا. ئەو سەدەیە باوەڕی بە بیرۆکەی دارمان هێنا بێ ئەوەی لە هۆکارەکانی، لە مێژووی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو.. کۆمەڵگای بۆرژوازی بکۆڵێتەوە. ئەم بیرۆکەیەی دارمان، لای نیتشە و لە ئەدەبی فەرەنسیدا بەدیارکەوتن. بەڵام ئەم بیرۆکەیە، لای نیتشە زیاتر برەوی پێدرا و گەورەکرا.»[٥]

لێرەدا وای بە چاک دەزانین، گوێ بۆ نیتشە خۆی رابگرین، تا راستەوخۆ هۆکارەکانی نیهیلیزم باس بکات. نیتشە لە (ویستی هێز)دا دەنووسێت: نیهیلیزم لەودیو دەرگاوە وەستاوە، بەڵام ئاخۆ ئەم میوانە نامۆیە لە کوێوە دێت؟ سەرەتا بەهەڵەداچووین، ئەگەر هۆکاری نیهیلیزم لە تەنگوچەڵەمەکانی کۆمەڵایەتی یاخود دارمانی فیزیۆلۆجی، یاخود خراپتریش لە فەسادا ببینینەوە. چەرخی ئێمە، شاراوەترین و تەمومژاویترین چەرخە. تەنگوچەڵەمەی رۆحی و بەدەنی یاخود عەقڵی ناتوانن ببنە هۆکاری بوونی نیهیلیزم.

نیهیلیزم لە راڤەیەکی تایبەتیدا ریشەی داکوتاوە، ئەویش



راڤەی مەسیحی- ئاکارییە..لەناوچوونی مەسیحیەت بەدەست ئاکاری مەسیحیەوە»[٦]. هەروەها نیتشە لە شوێنێکی دیکەدا، هەر لە هەمان کتێبی (ویستی هێز)دا دەڵێت: باوەڕ چییە؟ چۆن دروست دەبێت؟ هەر باوەڕێک هێنانەبەرچاوی حەقیقەتێکە (خەیاڵکردنی راستییەکە). توندوتۆڵترین شێوازی نیهیلیزم لەو بۆچوونەدا دەبیندرێت کە هەر جۆرە باوەڕێک یاخود هەر جۆرە خەیاڵکردنێکی حەقیقەت، دەبێ درۆزنانە بێت، چونکە لە راستیدا دونیای حەقیقی بوونی نییە.»[٧]

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژەیەک بۆ زاراوەی نیهیلیزم بکەین و شێوەکانی روون بکەینەوە تاوەکو باشتر لەو زاراوەیە بگەین.

زاراوەی نیهیلیزم (Nihilism) لە وشەی (Nihli)ی لاتینییەوە هاتووە کە مانای -هیچ- نەبوون - العدم - دەگەیەنێت. ئیتر بەم جۆرە نیهیلیزم، مانای نەبوونایەتی- العدمیة- دەگەیەنێت.»[٨]

نیهیلیزم چەندان جۆری هەیە، لەوانە نیهیلیزمی فەلسەفی، وەک لای گۆرگیاس فەیلەسووفی سوفستائی، کە نکۆڵی لە هەموو شتێک دەکات، ئەگەرچی ئەگەری بوونیشیان لە ئارادابێت. تەنها ئەو شتەی هەیە و لەبەر دەستدایە دانی پێدادەنێت.

هەروەها ئەو نکۆڵی کردنەی نیتشە لە بەهاکان و ئەو بۆچوونە گومانکاریانە و حاڵەتە نیگەرانیانەی دیستۆڤیسکی دەیانخەنە روو جۆرێکن لە نیهیلیزمی فەلسەفی»[٩]. نیهیلیزمی سیاسیی، جۆرێکی دیکەیە لە نیهیلیزم کە بریتییە

له تێکشکاندنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نابووت، بەڵام بێ ئەوەی بیر لە سیستەمێک بکرێتەوە کە شوێنی ئەو بارودۆخە بگرێتەوە. بەم شێوەیە، ئەم جۆرە نیهیلیزمییە ماناکەی لە ئەنارشیزم (الفوضوية)ەوە نزیکە.

هەروەک (ئەرنست یونگەر) دەڵێت: ئەمڕۆ نیهیلیزم مانای تەمومژاوی و جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە«١٠». بە دووری نازانین تەمومژاویی نیهیلیزم بۆ ئاڵۆزی و جەنجاڵیی ئەو رۆژگارە نوێیە بگەڕێتەوە؛ هەروەها لەبەر ئەوەی نیهیلیزم سەرەتا لە ئەدەبدا دەرکەوتووە«١١» هەر بۆیە، بەپێی ژمارەی ئەو نووسەرانەی تەعبیریان لەو حاڵەتە نیهیلیستیە کردووە، زاراوەی نیهیلیزم مانا و شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە.

نیتشە زیاتر لە هەر نووسەر و بیرمەندێکی تر، توخنی نیهیلیزم کەوتووە، لەبەرئەوەی وروژاندنی ئەو حاڵەتە نیهیلیستیە لە شارستانییەتی خۆرئاوادا و بەکارهێنانی لەناو پرۆژەیەکی فرەواندا، لەلایەن نیتشەوە ئەنجام دراوە.

بۆ ئەوەی زیاتر شارەزایی لەبارەی بەکارهێنانی نیهیلیزم لە پرۆژە فکرییەکەی نیتشەدا پەیدا بکەین، دەبێت شێوازەکانی نیهیلیزم لای ئەم فەیلەسووفە روون بکەینەوە. نیهیلیزم لای نیتشە دەبێتە دوو جۆر؛«١٢»

١- نیهیلیزمی کارلێکراو، ناهەموار.

٢- نیهیلیزمی کاریگەر، چالاک و هەموار.

١- مەبەست لە نیهیلیزمی کارلێکراو ئەوەیە کە ئێمە بەو ئەنجامە بگەین کە لە جیهاندا هیچ راستییەک بوونی نییە.



ئەو کاتە بەئاسانی دەتوانین لە ژیان و جیهان بگەین. واتە بە جۆرە نکوڵی کردنێک لە ژیان و جیهان دەگەین. لەبەرئەوەی ئەو کاتە لەو باوەڕەدا دەبین کە ژیان و جیهان بێ مانا و بێ بەهان، نابێ خەم و مشووریان بۆ بخۆین. ئەم جۆرە نیهیلیزمە دوو شێواز وەردەگرێ،

ا- ئەگەر مرۆڤ وا بیربکاتەوە ئەو جیهانەی تێیدا دەژی هیچ مانایەکی نییە و بێ بەهایە، هەروەها لە هەمان کاتدا ئەو مرۆڤە لەو باوەڕەدا دەبێت کە جیهانێکی تر هەیە و بە جیهانێکی راستەقینەی دادەنێت. بەپێی بۆچوونی نیتشە، فەلسەفەی ئەفلاتوون و مەسیحیەت سەر بەم باوەڕەن. بەپێی ئەم باوەڕە، ئەزموون و هەستەکان دنیایەکی بێ مانان و خود تێیدا بوونی خۆی ون کردووە، بەڵام لە دونیایەکی تردا، کە دونیایەکی راستەقینەیە، خود و حەقیقەت و مانا و سەقامگیری لەو دونیایەدا هەن، بەڵام ئەگەر ئەو باوەڕە لە ئارادا نەبێت؟.

ب- ئەگەر ئومێد بە دونیایەکی تر جگە لەو دونیایەی تێیدا دەژین لە ئارادا نەبێت، دونیایەکی تر بە خەیاڵ دابنرێت، ئەو کاتە مرۆڤ تووشی شێوازێکی دیکەی نیهیلیزمی دەبێتەوە کە بریتییە لە فەلسەفەی بوودیزم و فەلسەفە رەشبینەکەی شۆپنهاوەر. بەپێی بۆچوونی ئەم فەلسەفانە و ئەم شێوازە نیهیلیزمییە، دونیا جگە لە ئەشکەنجە و بێ مانایی و بێ ئامانجی، هیچی تر نییە. شتێک کە بەدوایدا بگەڕێین، نەبوونییە- عەدەمییەت-. ئا لێرەدا نیتشە باسی جۆرێک لە ویستی نیهیلیستی دەکات کە ویستی مەرگە، ئەم جۆرە ویستەش لە بۆچوونەکانی بوودیزم و فەلسەفەی شۆپنهاوەردا

دەبیندرێتەوە.«١٣»

٢- بەرامبەر نیهیلیزمی کارلێکراو- ناهەموار، نیتشە باس لە نیهیلیزمی کاریگەر دەکات.

نیتشە نیهیلیزمی کاریگەر دەکاتە ئایینێک بۆ ئەو مرۆڤانەی کە ژیان لایان بێ مانا و بێ ئامانجە، ئەو مرۆڤانەی کە سەیری هیچ و پووچی ژیان دەکەن و ژەهری نیهیلیستی دەنۆشن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مرۆڤانە هەستی بێزاری و رشانەوەیان نییە لەژیاندا، نەفرەت لە ژیان ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە هێزی ژیانیان زیاتر دەست دەکەوێت. ئەو جۆرە مرۆڤانەی خاوەن نیهیلیزمی کاریگەرن هەیە لەپێناو چەسپاندنی ئازایەتی خۆیان و هێنانەدیی ویستی خۆیان ئەو یاریە بێ مانا و ترسناکە دەکەن، وەک چۆن منداڵ یا شێت، یارییەک دەکات کە لەڕاستیدا یارییەکە هیچ مەبەستێکی تێدا نییە.

تەنها کاتێک دەتواندرێت بەسەر نیهیلیزمدا زاڵ بین کە سروشتی خەیاڵئامێزی جیهانمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو کاتەی مرۆڤ تێدەگات کە خەون دەبینێ. دەشبێ هۆشیارانە لەسەر خەوبینین و خەیاڵکردنیدا بەردەوام بێت، نیتشە لە کتێبی (لە دایکبوونی تراژیدیا -١٨٧١) باس لەو رۆحە دیۆنیسۆسییەی ئەفسانەی گریکی دەکات کە لە جەنگێکی کوشندە و رووبەرووبوونەوەیەکی بەهێزدایە لەگەڵ نیهیلیزمدا.«١٤»

سۆپەرمان ئەو مرۆڤە چاپووک و سەرکێشەیە لای نیتشە کە لە مروڤێکی ئاسایی تێپەڕاندووە، هەر ئەو سۆپەرمانە دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر نیهیلیزمدا، ئەمەش پاش ئەوەی دەکەوێتە جەنگێکی سەخت لەگەڵیدا. ئەو سۆپەرمانە



مرۆڤێکی ئاسایی نییە، بەڵکو مرۆڤی ئاسایی پردێکە بۆ گەیشتن بە سۆپەرمان. زەردەشت دەڵێت: مەزنایەتی مرۆڤ لەوەدایە کە تێپەڕگەیەکە، نەوەک ئامانج . نیهیلیزم لای نیتشە لە ئەنجامی شکستێکەوە نەهاتووە کە بەسەر ئاکاری مەسیحی و بەها کولتووری و عەقڵانییەکانەوە هاتبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، نیهیلیزم لە ئاکامی سەرکەوتن و هاتنەدی ئەو بەهایانەدا دەرکەوتووە کە ئاکاری مەسیحی و کولتووری و عەقڵانی باسیان کردوون.

لەبەرئەوەی ئەو بەهایانە وا لە مرۆڤ دەکەن کە هەمیشە تێبکۆشێت تا راستییەکی سەرسوڕهێنەر بدۆزێتەوە، یاخود تاوەکو ژیانی مرۆڤ، بەها و مانایەکی سەرسوڕهێنەری هەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بەهایانە وا لە مرۆڤ دەکەن هەوڵبدات سەرتاپای واقیع بئاخنێتە ناو چوارچێوەی چەمکێکی میتافیزیکییەوە؛ ئەو بەهایانە وایان لە مرۆڤ دەکرد کە بیەوێت مانایەک بە هەموو دونیا ببەخشێت. ئیتر بۆیە کە لە ئاکامدا ئەو مرۆڤە بە نیهیلیزم گەیشت.

لەئەنجامی کارکردن و گەیشتنی عەقڵ بە گەورەترین سەرکەوتن، نیهیلیزم هاتەکایەوە. کارکردنی عەقڵی کومەڵگای مۆدێرن، توانی هەموو دنیا بە تەکنەلۆژیا بکات. پاش ئەم هەموو سەرکەوتنانە دیاریی نیهیلیزم بە کۆمەڵگای مۆدێرن بەخشرا. لەراستیدا ئەم دیارییە کۆمەڵگا لەخۆیەوە بە خۆی بەخشی.

ئیتر بەم جۆرە لای نیتشە نیهیلیزم دەبێتە ئاکامێکی ئاسایی ئیشکردنی عەقڵ لە کۆمەڵگای مۆدێرندا. ئا لێرەدا رەخنەکانی نیتشە لە عەقڵخوازیی شارستانییەتی خۆرئاوا،

رەخنەیەکن لە خودی مۆدێرنیزم. دواتر رەخنەکانی نیتشە دەبنە بنچینەیەکی گرنگ، کە لقوپۆپی دیکەیان لێ دەبێتەوە، بەتایبەت لەلایەن ئەو بیرمەندانەی کە دوای نیتشە لەبارەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم دەکەونە ئاخاوتن. لە کتێبی (زانستی شاد – ١٨٨٢)دا نیتشە رای دەگەیەنێت، هەرچەندە هوشیاری زیاتر بێت، مەودای هەڵەکردن زیاتر و فراوانتر دەبێت. مۆدێرنیزمیش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنی هۆشیارییە، واتە سەرکەوتنی وزەیەکە لەسەر بنەمای نامۆیی دروستبووە.[١٥] بەرامبەر نیهیلیزمی کارلێکراو، نیتشە سۆپەرمان و نیهیلیزمی کاریگەر بە رێگاچارە دادەنێت، لەبەرئەوەی لای نیتشە ئەگەر عەقڵ بە سەرچاوەی نیهیلیزم دابندرێت، ئەوە جگە لە پەنابردن بۆ دژە عەقڵ و ئەفسانە، هیچ رێگەچارەی دیکەمان نییە. ئەو ئەفسانانەی کە نیتشە پەنایان بۆدەبات و باسیان لێ دەکات، بریتین لە (ویستی هێز)و (گەڕانەوەی سەرمەدی).

نیتشە ئەم دوو چەمکە خوازراوە، بە دوو جۆر ستراتیژ لە بەرامبەر نیهیلیزم دەیانخاتە روو. ویستی هێز و گەڕانەوەی سەرمەدی، شێوەیەکن لە برەوپێدان بە نیهیلیزم، لە پێناو زاڵبووندا، بەپێی چەمکی (ویستی هێز)، لە خودی مرۆڤ و ژیاندا ویستی هێز بۆ دەست بەسەرگرتن و زاڵبوون لە ئارادایە.

بەپێی چەمکی (گەڕانەوەی سەرمەدی) ژیان ئەفسانەیەکە، نەک هەر تەنها یارییەکی بێ مانا و بێ ئامانجە، بەڵکو ئەم یارییە هەزارەها، بگرە ملیۆنەها جار دووبارە دەبێتەوە و کۆتایی نایەت. ئەو کەسەی دەتوانێت ژەهری نیهیلیزم بنۆشێ



و نەفرەت لە ژیان بکات، هەروەها بزانێ سەرجەم بەهاکان بێ مانان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بتوانێت بەسەر ئەم بارودۆخەدا زاڵ بێت و لێی دەرباز بێت، ئەو کەسەیە نیتشە ناوی لێ دەنێت «سۆپەرمان».

نیتشە لەسەر زاری زەردەشت پێمان دەڵێت: ئێوە بۆ ئەوە خێزان پێکناهێنن تا منداڵتان ببێ و زۆربن، بەڵکە بۆئەوەی بەرزتر بن، دەبا بەهەشتی ژن و مێردایەتی دەروازەیەک بێت بۆ بەرەو لوتکە چوون.[١٦]

بابەک ئەحمەدی دەڵێت: ویستی هێز سەیرکردنی ئاییندەیە، سۆپەرمان لە ئاییندە دایە.[١٧]، هەروەها یەکەمین وەرگێڕی عەرەبی کتێبی (زەردەشت وای گوت) فلیکس فارس، لە کۆتایی سییەکانی ئەم سەدەیەدا لە پێشەکی وەرگێرانەکەیدا دەنووسێت: ئەو تەوەرەی کە فەلسەفەی نیتشە بەدەوریدا دەخولێتەوە، ئەوەیە کە مرۆڤێک بدۆزێتەوە لە مرۆڤایەتیی خۆی تێپەڕێنێت. جا لەبەر ئەوەی هەموو ئەو کەسانە تێکدەشکێنێت کە مێژوو بە مەزن و گەورەی دانابوون، لەبەرئەوەی ئەو نەوەیەی کە مرۆڤی مەزن دروست دەکەن هێشتاکە لە دایک نەبوونە، هیچ پیاوێک لەو رۆژگارە ناتوانێت لە مرۆڤایەتیی خۆی تێبپەڕێنێت، ئەوەی خەڵک پێیان دەکرێت لەپێناو ئایدیالێکی بەرزدا بیکەن، هەر ئەوەندەیە کە بە پەرۆش بن بۆ ئەو ئایدیالە بەرزە تا لە داهاتوودا لای نەوەکانی دواڕۆژیان بێتە کایەوە.[١٨] سۆپەرمان لای نیتشە ئەو مرۆڤە بەرزەیە کە خاوەن نیهیلیزمی کاریگەرە لەبەردەم نیهیلیزمی کارلێکراودا. سۆپەرمان باوەڕی بە جۆرێک لە بێ مانایی ژین هەیە،

لەبەرئەوە سەرکێشانە لە گەمەکەی خۆیدا بەردەوام دەبێت. لەم ڕووەوە وجوودییەکان نزیکبوونەوەی خۆیان لە فەلسەفەی سۆپەرمانی نیتشە ڕادەگەیەنن.

نیتشە لە (ویستی هێز)دا دەنووسێت: کاتێک مرۆڤ چی تر توانای شیکردنەوەو خەیاڵکردنی نامێنێت، نیهیلیزم ئەو کاتە دێتەکایەوە، نیهیلیست مرۆڤێکە لەو باوەڕەدایە کە (دونیای مەوجود) ئەو دونیایەی کە هەیە، نەدەبووایە هەبووایە، ئەو دونیایەی کە پێویستە هەبێت، ئێستاکە نییە، لەم روانگەیەوە بوونی ئێمە (هەروەک ویست و تواناو هەستەکانمان) بێ مانایە.. هەستی بێ هوودەیی، هەستی مرۆڤە نیهیلیستەکانە، لە هەمان کاتدا ئەم هەستە جۆرێکە لە بانگێشە کردنی ناکۆکییەک سەبارەت بە بوونی نیهیلیستەکان.[١٩]

ئەم بۆچوونانەی نیتشە لەمەڕ بێهودەیی ژیان و بوونەوە، هاندەرێکی سەرەکین کە وایانکردووە هەڵگرانی فەلسەفەی وجوودی برەو بە فەلسەفەکەی بدەن و بۆچوونەکانی بە رەچەڵەکێکی بیری خۆیان دابنێین و بۆ پشتگیریکردن لە فەلسەفەکەی خۆیان سوودی لێ وەربگرن.

بەڕای هایدگەر و یاسپێرز وەک دوو بیرمەندی وجوودی،کە چەندان نووسینیان لە سەر نیتشە هەیە، نیتشە بە کەسایەتییەکی سەرەکی دادەنرێت لە بنیاتنانی بیری وجوودیدا . لەبەرئەوەی نیتشە کۆتایی بە سەردەمی فەلسەفەی کلاسیکی رۆژئاوا هێنا و بووە رابەری جیهانێکی نامۆ، کە ئەویش جیهانی هاوچەرخمانە.[٢٠]

چۆن ماکۆری لە کتێبەکەیدا (وجودییەت) سەبارەت بە



کارێگەرێتی نیتشە لەسەر وجوودییەکان دەنووسێت: من وای بۆ دەچم وجوودییەکان، کە نزیکبوونەوەیەکیان لەگەل نیهیلیزمدا هەبووە، دانیان بەوە ناوە کە نیهیلیزمی سروشتێکی کاتیی هەیە، لەبەرئەوە هەوڵیانداوە بەسەریدا زاڵ بن و لێی تێبپەڕێنن. بەڵام نیتشە لەو باوەڕەدا بوو کە رۆژئاوا گەیشتۆتە قۆناغی نیهیلیزم، هەرچەندە ئەو لەو راستییە دڵگیر بوو، کەچی خەڵکی تر وایان دەزانی ئەویش کەوتۆتە حاڵەتی نیهیلیزمەوە. جێی گومان نییە کە نیتشە لە رێگاچارەیەک دەگەڕا تا لەو نیهیلیزمە دەرباز بێت. لێرەدا کارل یاسپێرز لە کتێبەکەیدا بەناوی (نیتشە و مەسیحییەت) لەبارەی نیهیلیزمی نیتشەوە دەنووسێت: ئەو دەیزانی کە خۆی نیهیلیستە، وەک چۆن پێی تاوانبار کرا بوو، بەڵام ئەو لەو باوەڕەدا بوو، کە ئەو جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو حاڵەتە نیهیلیستییەدا، لەبەرئەوەی ئەو نیهیلیزمی بە ئەنجامی کۆتایی خۆی دەگەیاند، هەر بۆیە خەریکی تێکشکاندن و چۆک پێدادانی بوو.[٢١]

ئەرنست یۆنگەریش لە کتێبێکیدا لەمەڕ نیهیلیزم دەنووسێت: نیتشە وا دەردەخات کە نیهیلیزم بانگێشەکردنی بێ بەهابوونی بەرزترین بەهاکانە. نیتشە نیهیلیزم بە یەک ساتی مێژوویی و سروشتی دادەنێت. بەڵام بە حاڵەتێکی نەخۆشی لەقەڵەم دەدات.[٢٢] مارتن هایدگەر بیرمەندی وجوودی، هەرچەندە لە کەش و هەوای فەلسەفەی نیتشەدا پەروەردەی فیکری خۆی ئەنجامداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەی لە مامۆستاکەی خۆی گرتووە و سەرنجی تایبەتی خۆی لەسەر فەلسەفەکەی هەبووە. هایدگەر پوختەی

ڕەخنەکانی لەسەر فەلسەفەی نیتشە، لەکتێبی (ڕێگاکانی دارستان– ئەو ڕێگایەی بۆ هیچ شوێنێک ناچێت) خستۆتە ڕوو. هایدگەر لەمیانەی ڕەخنەکانیدا نیتشە بە بیرمەندێکی بە ڕەچەڵەک و بنچینە میتافیزیکی دادەنێت. بەڵام هایدگەر، نیتشە لەوەدا دەبینێت کە یەکەم فەیلەسووفە هەستی بە بزووتنەوەیەکی بنچینەیی لە سەرجەم بیری ڕۆژئاوادا کردووە، ئەویش بزووتنەوەی نیهیلیستییە.

لای هایدگەر نیتشە فەیلەسووفێکی نیهیلیزمی فراژووە (Nihilsm Parfait – العدمیة الکاملة ) کە لە ڕاگەیاندنەکەی سەبارەت بە مەرگی خواوەندەوە بەرچاو دەکەوێت[٢٣]. بەپێی بۆچوونی هایدگەر، ئەو نیهیلیزمەی نیتشە باسی دەکات، بریتییە لە بزووتنەوەیەکی فراوان . نیهیلیزم بزووتنەوەیەکی فیکریی سەرەکییە، کە لە مێژووی خۆرئاوادا لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە دەستی پێکردووە.

نیتشە لەگەڵ ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی سەرجەم بەهاکاندا، دەیەوێت بەسەر ئەو نیهیلیستییەدا زاڵبێت و تێکی بشکێنێت، لەبەر ئەوە دەتواندرێت بەشی یەکەمی بەرنامە و پرۆژەکەی نیتشە پێی بگوترێت (نیهیلیزمی نیگەتیڤی). بەڵام بەشی دووەمی پێی دەگوترێت نیهیلیزمی پۆزەتیڤی. لەبەرئەوەی نیتشە لەمیانەی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ نیهیلیزمی نێگەتیڤی، بەوە ڕازی نابێت کە بەهای نوێ، شوێنی بەها کۆنەکان بگرێتەوە، بەڵکو دەیەوێت لەمیانەی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک، بگەڕێتەوە بۆ خودی ژیان، هەروەک چۆن لەو بیرۆکانەی وەک ویستی هێز و گەڕانەوەی سەرمەدی بەدەردەکەوێت. بەم شێوەیە



میتافیزیکیای نیتشە دەبێتە فەلسەفەی ژیان، کە نیتشە لای وایە توانیویەتی لەڕێی ئەم فەلسەفەیەوە زاڵبێت بەسەر ئەو میتافیزیکیایەی کە ڕەخنەی لێگرتووە و لە سەردەمی ئەودا باوبوو، بەڵام لە ڕاستیدا نیهیلیزمی یەکەمی دەبێتە جۆرێکی دیکە کە ئەویش نیهلیسمی پۆزێتیڤیە. واتە هەر لە حاڵەتی نیهیلیستی دەمێنیتەوە. لەبەر ئەوەیە هایدگەر، نیتشە بە نیهیلیستی سەرتاپاگیری دادەنێت. بە بۆچوونی هایدگەر، نیتشە نەیتوانیوە ئەو جۆرە نیهیلیزمیەی باسیدەکات، بۆ پەڕینەوە لە نیهیلیزم، بە بەڵگە بسەلمێنێت. لەبەرئەوە ئەو جۆرە نیهیلیزمەش سەر بە هەمان جیهانی میتافیزیکییە. کرۆکی مەسەلەکە لای هایدگەر ئەوەیە کە هەموو میتافیزیکیایەک جگە لە نیهیلیزم هیچ شتێکی دیکە نییە.

ماهیەتی نیهیلیزم لەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە بوون وەک ڕاستییەک بێ مانایە وهیچ ناگەیەنێت تا ئەو ڕادەیەی کە وای لێهاتووە ئەو ڕاستییەی لە ئارادایە و ئەوەی هەیە، وا سەیری دەکرێت ئەوەبوونە، لەبەر ئەوەی خودی حەقیقەتی بوون گەمارۆدراوە و لەبیرکراوە. لەبەرئەوەیە کە ماهیەتی میتافیزیکیا بریتییە لە نیهیلیزم، واتە لەبیرکردنی بوون (Oubli de Ietre)[٢٤]. بەم جۆرە دەردەکەوێت کە تاکە ڕێگایەک بۆ تێکشکاندنی نیهیلیزم، لەپێناو بیرکردنەوە لە خودی بوون، لەوەدایە کە واز لە میتافیزیکیا بهێندرێت. ئەمەش بە بۆچوونی هایدگەر، نیتشە نەیکردووە و نەیتوانیوە بیکات.

ئۆیگن فنک لەسەرەتای کتێبەکەیدا بەناونیشانی (فەلسەفەی نیتشە) کە لە ساڵی ١٩٦٠دا بڵاوی کردۆتەوە،

لەبارەی ئەم فەیلەسووفەوە دەنووسێت: فریدریک نیتشە بەیەکێک لەبەرچاوترین و دیارترین رووخسارەکانی قەدەر لەمێژووی رۆحی رۆژئاوادا دادەنرێت. بەبوونەوەرێکی قەدەری دادەندرێت کە زۆرمان لێدەکات بۆ ئەوەی بڕیارە کۆتاییەکان دەربکەین، هەروەها خاڵێکی پرسیارکردنی ترسێنەرە لەسەر ئەو رێگایەی کە مرۆڤی ئەوروپی خۆی تێدا دۆزیوەتەوە و لەسەری دەڕوات– ئەو رێگایەی کە کولتووری سەردەمە کۆنەکان و دوو هەزار ساڵی مەسیحییەت دیاریکردووە– نیتشە گومان لەو رێگایە دەکات و لەوانەیە رێگایەکی گومڕا بووبێت، فیکر رێگای خۆی ونکردووە، پێویست بەگەڕانەوە بۆ دواوە دەکات، ئەمەش لەوانەیە ئەوە بگەیەنێت کە رەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە تاکو ئێستاکە (پیرۆز) و (چاک) و (راست) راگیراون.«٢٥»

ئۆیگن فنک پێنج ساڵ دوای کۆچی دووایی نیتشە، واتە لە ساڵی ١٩٠٥دا هاتۆتە دونیاوە، قوتابی ئەدمۆند هۆسرێل و مارتن هایدگەر بووە. فنک توخنکەوتنی فەلسەفەی نیتشە بە مەترسی دادەنێت، مەترسیەکەش لەوەدا دەبینێتەوە کە نیتشە سروشتێکی تایبەتی هەیە یاخود خاوەنی زمانێکی موسیقی سەرنجراکێشە، بەڵکو فنک مەترسیەکە لەوەدا دەبینێتەوە کە نیتشە خاوەنی تێکەڵکردنێکە لە فەلسەفەی سۆفیستایی. هەروەها نیتشە گومانی لە خودی بیردا هەیە، بیری نیتشە بەو رێڕەوەدا نەڕۆیشتووە، کە بەدرێژایی سەردەمەکانی فکرەی بوون (فكرة الوجود) پێیدارۆیشتووە، بەڵکو نیتشە گومان لەو رێڕەوە دەکات و دژی میتافیزیکیا دەجەنگێ، بەڵام زیاتر گومانی لە میتافیزیکیای زانست و بیری پۆزەتیڤی و



ژیانی رۆژانە هەیە. بیر لای نیتشە لەخۆیدا دژی میتافیزیکیایە. جا لەبەرئەوە پاش (٢٥) سەدە لە لێکۆڵینەوەی بوون لەرێگای میتافیزیکیایەوە، نیتشە بەدووای سەرەتایەکی نوێدا دەگەڕێت. بەڵام لەمیانەی ململانێی دژی میتافیزیکیای رۆژئاوا، نیتشە هەمیشە هەر پێوەی پەیوەست دەمێنێتەوە، بەڵام تەنها ئەو میتافیزیکیایە وەردەگەڕێنێتە رووەکەی تریەوە«٢٦». واتە هەوڵەکانی نیتشە ئاڵۆگۆڕکردن بووە لە جیهانی میتافیزیکیا نەوەک تێکشکانی ولێ دەربازبوونی.

گەرچی نیتشە لە تێکشکاندنی میتافیزیکیای رۆژئاوا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام لە راستیدا، رەخنە و لێوردبوونەوەکانی بەهەوڵ و کۆششێکی گرنگ دادەنرێن لەپێناو دۆزینەوەی شوێنپێیەکی نوێ لە بیری رۆژئاوادا. هەر ئەم کۆششانەی ئەو بوونەتە هۆی ئەوەی کە بیرمەندانی پۆست مۆدێرنیزم (مابعد الحداثە) لە رۆژئاوادا وەک کولتوورێکی دەوڵەمەند سەیری فەلسەفەکەی بکەن.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١– فلسفة الانوار.ف. فولفين. ترجمة هنريت عبودي. دار بيروت ١٩٨١ ص٣٧٤.

٢– نيتشه: عبدالرحمن بدوي، ص١٢١.

٣– پێشەکی کتێبی الفلسفة في عصر المأساوي اليوناني– فريدريك نيتشة.

٤– تدهور الحضارة الغربية– الجزء الاول–اسوالد اشبنغلر، ت: احمد الشيباني –منشورات دار مكتبه الحياه – بيروت بلا ص٣١. الانسان والحضارة، د.فؤاد زكريا ص٤٨–٥٧.

٥– ما الحداثة– هنري لوفيفر –ت:كاظم جهاد. ص٢٨.

٦– فرهنک. ويژەنامە علوم اجتماعی. کتاب پانزدهم. مؤسسة مطالعات و تحقيقات فرهنگ پژوهشكاه. وابستە وزارت فرهنگ و آموزش عالی. پاييز ١٣٧٢ ص٤١.

٧– فرهنگ. سەرچاوەی پێشوو. ص٤٦.

٨– الوجودية. جون ماكوري ت: د. امام عبدالفتاح امام، علم المعرفة – الكويت. ١٩٨٢ ص٣٩.

٩– یانکولاڤرین باس لەوبۆچوونە نیهلیسمییە هاوبەشەی دەستویفسکی و نیتشە دەکات. بڕوانە– نیتشە. یانکو لافرین.ت: جورج جحا ص, ٢٠٥ هەروەها ئەرنست یۆنگەر بۆچوونەکانی نیتشە و دوستۆیفسکی بە سەرەتایەکی سەرەکی دادەنێت لەمەڕ دەستنیشانکردنی نیهلیسم– بڕوانە ارنست يونگر : عبوراز خط مبحثی در نيهليسم. تحرير جلال ال احمد ترجمه محمود هومن.

١٠– ارنست يونكر. عبور ازخط . ص٣٣.





١١– ارنست يونكر. عبور ازخط . ص٥٣.

١٢–فصلنامەهنر، نشريه معاونت هنری، مركز مطالعات و تحقيقات هنری شماره ٢٥ نابستان ١٣٧٣ ص٣٦.

١٣– فصلنامەهنر. شماره (٢٥) هەمان سەرچاوە ص٣٧.

١٤– بابک احمدی. مدرنيته وانديشەی انتقادی. نشر مركز تهران ١٣٧٣ ص٣٥.

١٥– بابک احمدی. مدرنيته وانديشەی انتقادی. ص٣٤.

١٦– فريديک نيتشه: هكذا تكلم زرادشت. ت: فليكس فارس. ص٣٥.

١٧– بابک احمدی . مدرنيته وانديشەی انتقادی. ص٣٥.

١٨– هكذا تكلم زرادشت. ص٨.

١٩– فرهنگ. کتاب پانزدهم. پائيز ١٣٧٢ –ص٧٠.

٢٠– الوجودية. جون ماكوري . سەرچاوەی پێشوو ص٧٤.

٢١– الوجودية. جون ماكوري. ص٤٠.

٢٢– عبور ازخط– ارنست يونگر. ص٣٤.

٢٣– الميتافيزيقيا عند الفلاسفة المعاصرين. محمد رجب . القاهرة . بلا. ص٩٣.

٢٤– الميتافيزيقيا.... سەرچاوەی پێشوو ص٩٥–٩٦.

٢٥– فلسفة نيتشة: اويغن فنك: ترجمة: الياس بديوي. دمشق ١٩٧٤ ص٤.

٢٦– فلسفة نيتشة: اويغن فنك: ص١٠.

# VI

## ئیستاتیکای نیتشە

فەلسەفە ئەو جیهانە بەرفراوانەی مەعریفەو گەڕان و لێکۆڵینەوەیە، کە خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژی خۆیەتی، ئەگەر بێت و سەرنجێکی ئەو ئەفسانەو داستانانەی کۆن بدەین کە لە پێش سەرهەڵدانی بیرێکی گونجاوی فەلسەفی لە ئارادابوونە، ئەوا ئەو هەوڵ و کۆششانەی مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت کە هەر لەسەرەتای بوونی هۆشیارییەوە، بەپێی پێکهاتەی سادەیی و سەرەتایی هۆشیاری ئەوکاتەی، لە هەوڵی تێڕامان و وردبوونەوە لەدەوروبەری خۆیدا بووە. دواتر پاش تێپەڕینی ماوەیەکی دوورو درێژی مێژوویی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، فەلسەفە وەک شێوازێکی سەرەکیی بیر کردنەوەو وردبوونەوە، لەبەرگ و قاڵبێکی دیاریکراو و گونجاودا هاتەکایەوە.

بەڵام ئاخۆ چۆن و لە لای چ میللەتێک فەلسەفە لانەی خۆی دروست دەکاو دێتەکایەوە؟.. زۆر بیرو بۆچوونی جیاجیا لەم



بارەیەوە خراونەتە روو، کە دەکرێت چەندان کتێبی لەبارەیەوە بنووسرێت.

فریدریک نیتشە لەم بارەیەوە، لەبارەی بارودۆخی هاتنە کایەوەو ئیشکردنی فەلسەفە، بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە. لە کتێبی (فەلسەفە لەسەردەمی تراژیدیای یۆنانی)دا نیتشە دەنووسێت: فەلسەفە هەمیشە بارودۆخ و ژیانی ئەو میللەتانەی خراپتر کردووە، کە میللەتێکی ناڕێک و نەخۆش بوونە، ئەگەر میللەتێک شیرازەی تێکچووبێت و ئەو پێوەندییانە شل بوونەوە کە تاکەکانی بەیەکەوە گرێدەدان، فەلسەفە ناتوانێت ئەو پەیوەندییە لێکپچڕاوانە بگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی خۆیان و تاکەکانی میللەت بەیەکەوە ببەستێتەوە. بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەک... هەر کەسێک بەوە رازی بێت کە هەیەتی و هەوڵ و کۆشش نەدات لەژیانیدا، فەلسەفە هەمیشە ئامادە بووە بۆ گۆشەگیرکردنی ئەوکەسەو تێکشکاندنی لەناو ئەو گۆشەگیرییەدا.»[١]

کەواتە بەپێی بۆچوونی نیتشە دەبێت زەمینەیەکی لەبار هەبێت بۆ سەرهەڵدان و نەشونماکردنی فەلسەفە، هەروەک چۆن چاندن و رواندنی هەندێک جۆرە درەخت و رووەک، خاک و ئاوو هەوایەکی دیاریکراویان دەوێت، بۆ ئەوەی لە میانەی تێرکردنی ئەو پێویستییانەی خۆیان کەلەو خاک و ئاووهەوایە دیاریکراوە دەستیان دەکەوێت، بتوانن گەشە بکەن و لەهەموو ئافاتێک و نەخۆشییەک خۆیان رابگرن، فەلسەفەش لای نیتشە لەنێو میللەتێکدا گەشە ناکات و نابێتە هۆی ئاسوودەکردنی مرۆڤ، ئەگەر بێت و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی ئەو میللەتە ئاڵۆزکاو و شێواوبن، بەڵکو

بەپێچەوانەوە فەلسەفە ئەوکاتە هیچ سوودێکی نابێت، تەنانەت بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزکاوانەی نێوان تاکەکانیش هیچ سوودێکی نابێت، لەبەر ئەوە لای نیتشە مرۆڤ لەکاتی بەختیاریدا دەبێت زیاتر بەدوای فەلسەفەدا بگەڕێت نەک لەکاتی ناخۆشی وتەنگانەدا.»[٢]

.. ئەوکاتەی نیتشە لەگەڵ – ئرفن رودە – (کە دواتر کتێبێک دەنووسێت بە نێوی «دەروون Psyche») لە زانکۆکانی بۆن و لایبزیگ دابوون، لەنێوان ساڵانی (١٨٦٤–١٨٦٩)، ئەوکاتە فیلۆلۆژیا بەردی بناغەی رۆشنبیریی ئەڵمانی بوو، کە نیتشە سەر قاڵی خوێندنی بوو، بەڵام لەوکاتەدا (شۆپنهاوەر) سەرنجی نیتشە رادەکێشێت، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنی فیلۆلۆژیا وای لە نیتشە کرد لەشارستانییەتی یۆنانی وردببێتەوە. لە ئەنجامی ئەم لێوردبوونەوەیەدا، واقیعی رۆشنبیرییەکی دژی مێژوو دەدۆزێتەوە، رۆشنبیرییەکی دەوڵەمەند... تا ئەو رادەیەی ناتواندرێت وەسفبکرێت.»[٣]

میللەتی یۆنان خاوەن ئەو شارستانییەتەیە کە مرۆڤایەتی بەگشتی شانازیی پێوە دەکەن. بەبۆچوونی نیتشە خودی ئەو شارستانییەتەیە کەبۆتە هۆی ئەوەی فەلسەفە لای یۆنانییەکان برەوی پێ بدرێت و گەشە بکات. نیتشە دەنووسێت: یاسایەکی توندوتۆڵ هەیە، کە فەیلەسووف بە شارستانییەتییەکی رەسەن دەبەستێتەوە، بەڵام ئەمە چۆن دەبێت کاتێک ئەو شارستانییەتە لە ئارادا نییە؟ ئەو کاتە فەیلەسووف دەبێتە تاوانبارێکی چاوەڕوان نەکراوو ترسێنەر. فەیلەسووف لە باشترین حاڵەتدا وەک ئەستێرەیەک وایە، کە



لە کۆمەڵەی خۆری شارستانییەتدا دەبریسکێتەوە. یۆنانییەکان بوونی فەیلەسووف بەشتێکی رەوا دادەنێن، چونکە بەتەنیا لای ئەوان فەیلەسووف نابێتە تاوانبار..»[٤]

بەپێی بۆچوونی نیتشە هەر شارستانییەتێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو شێوازەی شارستانییەتە، مۆرکی خۆی بە هونەرمەندو فەیلەسووف و سیاسەتمەدارانەوە... بەم جۆرە ناتواندرێت لە هیچ فەیلەسووفێک بگەین، تا تایبەتمەندییەکانی ئەوشارستانییەتە نەزانین کە فەیلەسووفەکە تێیدا ژیاوە.»[٥]

شارستانییەت لای ئەو، شوێنی حەوانەوەی فەلسەفەیە، بۆیەکە نیتشە دەنووسێت: ئەگەر زۆرمان لە فەلسەفە کرد کە قسە بکات، ئەو کاتە دەتوانێت بەم شێوەیە بدوێت: ئەی میللەتانی داماو! ئاخۆ هەڵە لەمنەوەیە کە وام لێهاتووە وەک جادووکەرێکی سەرکێش لەوڵاتدا بسووڕێمەوە و پاکانە بۆ خۆم بکەم، هەروەک ئەوەی تاوانبار بم و ئێوەش دادوەرم بن؟.. تەنیا سەیری حاڵەتی هونەری هاوڕێم بکەن! کە حاڵەتەکەی وەک من وایە، ئێمە هەردووکمان لەنێو بەربەرییەکاندا سەرگەردانین نازانین چۆن دەرباز بین. راستە ئێمە لێرەدا هیچ بەڵگەیەکمان لەدەستدا نییە، بەڵام ئەو دادوەرانەی کەحوکممان بەسەردا دەدەن، رۆژێک دێت حوکم بەسەر ئێوەشدا دەدەن و پێتان دەڵێن: دەبا لەسەرەتادا ئێوە شارستانییەتتان هەبێت، ئەوکاتە دەزانن فەلسەفە چی دەوێت و دەتوانێت چی بکات.»[٦] نیتشە لە میانەی ناولێنانی شارستانییەتی یۆنانی، ویستوویەتی سیفەتەکانی ئەو شارستانییەتە دیاربکات، جا لەبەر ئەوەیە ئەو شارستانییەتە

بە رۆحی ئەپۆلۆنی ناوزەد دەکات، بەڵام نیتشە هەربەم ناولێنانە نەوەستاوە، بەڵکو بەرامبەر ئەم ناولێنانە ناوێکی دیکە لەشارستانی یۆنانی دەنێت، ئەویش شارستانێتی رۆحی دیۆنیسۆسییە، خاسییەتە راستەقینەکاتی شارستانێتی یۆنانی لە میانەی ململانێی ئەو دوو رۆحەدا بەدەر دەکەون.

لە کاتێکدا رۆحی ئەپۆلۆنی کەلە خواوەندی (ئەپۆلۆ)وە هاتووە، بریتییە لەرۆحی گونجاندن و تەبایی، بەڵام رۆحی دیۆنیسۆسی کەلەخواوەندی (دیۆنیسۆس)ەوە هاتووە بریتییە لە رۆحی تێکەڵاو و پڕ ئاژاوە.«٧» لەکاتێکدا رەوشتی مام ناوەندی – سوفروسونیە– لەرۆحی ئەپۆلۆنیدا باوە، بەڵام لەرۆحی دیۆنیسۆسدا سیفەتی چاونەترسی و ئازایەتی باوە.. دواتر نیتشە لەبەرهەمەکانی دیکەیدا بانگەشە بۆ ئەو رۆحە دیۆنیسۆسییە دەکات لەشارستانییەتی رۆژئاوای نوێدا.

بەپێی بۆچوونی نیتشە، فەلسەفەی یۆنانی لەبنچینەدا، لەسەرچاوەیەکی سۆفیگەرییانەوە سەری هەڵداوە، چونکە یۆنانییەکان هەمیشە لەشێوەی مرۆڤ سەیری شتە بابەتییەکانی دەوروبەری خۆیان کردووە، سروشتیان وەک مرۆڤ بینیوە، لەبەر ئەوە تێڕوانینێکی– وێکچواندن– یان هەبووە، بەڵام لەسەر دەستی فەیلەسووفەکان لەم جۆرە تێڕوانینەیان تێپەڕاند..«٨»

لە فەلسەفەی (تالیس)دا هەموو شتەکان یەک بنچینەیان هەیە، ئەو بنچینەیەش– (ئاوە). نیتشە دەڵێت: وا دەردەکەوێت کە فەلسەفەی یۆنانی بەبیرۆکەیەکی سەیر دەست پێ دەکات، کە دەڵێت: ئاو بنچینەی هەموو شتێکە، ئایا پێویست دەکا لە



ئاست ئەم بیرۆکەیەدا بووەستین و بەگرنگی وەربگرین؟. بەڵێ، لەبەر سێ هۆکار، یەکەم: لەبەر ئەوەی ئەم بۆچوونە بەشێوەیەک لەشێوەکان باسی بنچینەی شتەکان دەکات، دووەم: لەبەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی دوور لە خەیاڵ ئەم بۆچوونە خراوەتە روو، سێیەم هۆکار: لەبەر ئەوەی ئەم بۆ چوونە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو شتێک یەک شتە.. شتەکان یەک بنچینەیان هەیە.

لەبەر هۆکاری یەکەم، (تالیس) هەر سەر بەبیرمەندە ئایینی و خورافییەکان دەمێنێتەوە، بەڵام هۆکاری دووەم لەوانی جیا دەکاتەوەو وەک بیرمەندێکی سروشتی دەردەکەوێت، بەڵام هۆکاری سێیەم وای لێدەکات ببێتە یەکەم فەیلەسووفی یۆنانی.«٩»

بەم جۆرە (تالیس) لێکدانەوەیەکی سروشتییانەی بۆ شتەکان کردووە، بەڵام دەبێت لێرەدا ئەوە بزانین کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەی (تالیس) لە رێگای– تێبینیکردنەوە– نەهاتۆتە کایەوە، بەڵکو لەرێگای تێڕوانینێکی ویژدانی بۆ بوون– سروشت– ئەم لێکدانەوەیەی ئەنجام داوە، واتە ئەم تێڕوانینەی تالیس لەروانگەیەکی سۆفیگەرییانەوە هاتۆتە کایەوە.«١٠»

بەبۆچوونی نیتشە لەسەردەمی ئەفلاتووندا فەلسەفەی یۆنانی بەرەو پاییزی تەمەنی دەچوو، پاش ئەوەی لەسەردەمی فەیلەسووفە یەکەمەکاندا بیری یۆنانی لەبەهاری تەمەنیدا بوو، هاتنە خوارەوەی پلەو پایەی فەلسەفە لەسەردەمی ئەفلاتووندا دەگەڕێتەوە بۆ هۆی نەمانی ئەو شارستانییەتەی کەلە سەردەمی فەیلەسووفە یەکەمەکاندا لەوپەڕی گەشەکردن

دابوو، پاش ئەوەی رۆحی نەتەوایەتی یۆنانی کزببوو و فەیلەسووفی یۆنانی کەسایەتی خۆی لەدەست داو نەیتوانی خۆی لە بێگانە- بەربەرییەکان- جیا بکاتەوە. جالەبەر ئەوە نیتشە لێرەدا دەنووسێت: فەیلەسووف، پارێزگاری و بەرگری لە وڵاتەکەی خۆی دەکات، کەچی دەبینین لەسەردەمی ئەفلاتوودا فەیلەسووف نکۆڵی لەوڵاتەکەی خۆی دەکات و دژی دەوەستێت..[١١]

لە راستیدا فەلسەفەی ئەفلاتوون، جیهانی فەلسەفەی بەتەواوی داگیر کردبوو، بەو رادەیەی کەببووە فەلسەفەی سەردەم، تێپەڕاندن لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و سەرەوژێر کردنی فەلسەفەکەی هەروەک نیتشە جەختی لەسەر دەکات، مزگێنی بەخشینە بەلەدایکبوونی سەردەمێکی نوێ.[١٢] نیتشە لەکتێبی (فەلسەفە لەسەردەمی تراژیدیای یۆنانی)دا لەمیانەی رەخنەکانی کە لە ئەفلاتوونی دەگرێت، ئەو فەیلەسووفە بەوە تاوانبار دەکات کە کەسایەتیی تایبەتی خۆی نییە لە فەلسەفەدا، بەڵکو زیاتر بۆچوونەکانی سوکرات و فیساگۆرسییەکان و هیراکلیتس بەسەریدا زاڵن.[١٣] نیتشە هەر تەنیا هێرشی نەبردۆتە سەر فەلسەفەی ئەفلاتوون، بەڵکو رەخنەی لە سوکراتی مامۆستای ئەفلاتوونیش گرتووە. هەر وەک (رابرت- ب پی پین) دەڵێت: یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا) بانگەشەی مەرگی تراژیدیایە، ئەویش بەهۆی زاڵبوونی بۆچوونەکانی سوکرات بەسەر شانۆنامەکانی یۆرپیدسدا...[١٤]

نیتشە لەکتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا) دەنووسێت: تێبینی ئەو ئاکامانەی سوکرات بکەن (چاکە کردن زانایییە،



مرۆڤ تەنیا بەهۆی نەزانینەوە گوناە دەکات، مرۆڤ بەچاکە کردن بەختیارە)، مەرگی تراژیدیا لەم سێ وێنە بنچینەییەی خۆشبینیدا خۆی شاردۆتەوە....[١٥]

نیتشە لەو گۆشە نیگایەوە سەیری سوکراتی کردووە، کە ئەو فەیلەسووفە بەرهەمی داڕمانی شارستانیی یۆنانی بووە، لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی بەهاری بیری یۆنانی کۆتایی هات، عەقڵخوازی بووە ئەو رەوتە بیرکردنەوەیەی کە سوکرات نوێنەرایەتی دەکرد، ئیتر لەو سەردەمدا تراژیدیا وەک تاکە فەلسەفە کە تەعبیری لە جەوهەری مرۆڤ دەکرد، باوی نامێنێت: (یۆرپیدس)ی شاعیر و شانۆنامەنووس و سوکراتی فەیلەسووف کۆتاییان بەسەردەمی قارەمانەکان و هونەری دیۆنیسۆسی هێنا.[١٦]

لای نیتشە، سوکرات سومبوڵی ئەو عەقڵخوازییە و پیاوە تیۆرییە بوو، کە هێزی ئەفراندنی یۆنانی پووکاندەوە و رۆشنبیرییەکی عەقڵخوازانەی سڕکەر- لەهۆش خۆبەر- شوێنی هێزی جەستەو گیانی وەرزشییانەی کۆنی گرتەوە.. فەلسەفەی رەخنەگرتن، شوێنی شیعری فەلسەفەی گرتەوە، کەلە پێش سوکرات لە ئارادابوو.. زانست، شوێنی هونەرو عەقڵ، شوێنی غەریزەی گرتەوە، هەروەها گفتوگۆ کردنیش، شوێنی یاری و وەرزشی گرتەوە..[١٧]

ئیتر بەم شێوەیە ئەفلاتوونی وەرزشەوان لەژێر کاریگەرێتی بۆچوونەکانی سوکراتدا گۆڕا بۆ ئەفلاتوونی هونەرمەند، کە تەنیا لەزەتی لە هونەرو جوانی وەردەگرت، ئەفلاتوونی شانۆنامەنووس بووە فەیلەسووفێکی لۆجیکی و دژی سۆزو شاعیرەکان دەوەستا...[١٨]

لە میانەی جەختکردنی نیتشە لەسەر گرنگی و گەورەیی ڕۆڵی تاکەکەس، هەروەها برەودانی بە تاکخوازی و ڕۆڵی لەگەشەکردنی بیری فەلسەفیدا دەنووسێت؛ ئەرکی من لەوە دایە کە ئەو شتانە بخەمە ڕوو کە ئەرکی سەرشانمانەو دەبێ خۆشمان بوێن و ڕێزیان لێ بگرین.. هیچ زانینێکی دواتر ناتوانێت لێمان بستێنێتەوە، ئەویش پیاوی مەزنە.«١٩»

هەروەها نیتشە لە میانەی باسکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکەی (فەلسەفە لە سەردەمی تراژیدیای یۆنانیدا) دەنووسێت: ئەو بابەتانەی هەڵمبژاردوون، ئەو بابەتانەن کە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا تەعبیر لەکەسایەتیی فەیلەسووف دەکەن، لەکاتێکدا سەرجەم ئەو حوکم و بۆچوونانەی کەپێمان گەیشتوونە، هەروەک چۆن لەکتێبەکانی قوتابخانەدا، شتێک نییە جگە لە سەرنگووم کردنی کەسایەتی.. بۆیە کەئەو جۆرە باس و لێکۆڵینەوانە تووشی بێزاریمان دەکەن، لەبەر ئەوەی تاکە شتێک کە لە نەسقە فەلسەفییەکان لامان گرنگە لەناو چووە، ئەویش ئەو کەسایەتییەیە کە شێوازی ئەو نەسقەی داڕشتووە..«٢٠» لەم بۆ چوونەیدا نیتشە دەیەوێت زیاتر پێ لەسەر ئەو جیاوازییەی خۆی لەگەڵ ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی کە ئەو وەختە سەبارەت بە فەلسەفەی یۆنانی لە ئارادا بووە، داگرێت.. هێنانەوەی نموونەی کتێبی قوتابخانەکان وەک سەرەکیترین نموونەی ئەو بۆچوونانەی کە لەو کاتدا لەڕۆشنبیری ئەڵمانیادا باو بوونە.

کاریگەریی فەلسەفەو بیری یۆنانی لەسەر نیتشەدا بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بەرچاو دەکەوێت، بە تایبەتیش لە بواری ئیستاتیکادا، فنک لە کتێبەکەیدا لەمەڕ فەلسەفەی



نیتشە دەنووسێت: هیچ گومان لەوەدا نییە کە نیتشە هەمان بۆچوونی فەیلەسووفە یۆنانییەکانی هەبووە، لەمەڕ ئەوەی کە ڕەگەزی جوانی شێوازێکە لەشێوازەکانی بوون...«٢١»

مۆسیقا لە ئیستاتیکای نیتشەدا شوێنی دیاریکراو و بەرچاوی هەیە، مۆسیقا ئەو سەماکردن و ئاهەنگە جۆش دەدات کە موریدەکانی دیۆنیسۆس دەیگێڕن.

ئیستاتیکای ئەڵمانی لەسەر دەستی ئەمانوئێل کانت (١٧٢٤- ١٨٠٤) پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینی. پلەوپایەی مۆسیقا لە ئیستاتیکای کانت، دەکەوێتە دوای پلەوپایەی هونەرەکانی دیکەوە. لە دوای شیعرو هونەری نیگار کێشان ئینجا هونەری مۆسیقا دێت، لەبەر ئەوەی مۆسیقا لای کانت زیاتر لەزەتە نەوەک ڕۆشنبیری.

ئەگەر ئێمە حوکم بەسەر بایەخی هونەرەکاندا بدەین لە ڕووی ئەو ڕۆشنبیرییەوە کە پێمان دەدەن هەروەها لەڕووی ئەو پێشکەوتنە دەروونییەوە کە بەسەر بەهرەکانماندا دەهێنن، ئەوا دەبێ مۆسیقا لە دوای هەموویانەوە دابنێین، چونکە تەنیا ویژدانمان دەخرۆشێنێ و یاری بە هەستمان دەکاو هیچی تر نا... لەم بارەوە دەشێ هونەرە پلاستیکییەکان – نیگارکێشان- لە مۆسیقا بە بایەختر بن، چونکە کاری جیددیمان پێشکەش دەکەن، نەک تەنیا هێزی خەیاڵمان دەخرۆشێنن، بەڵکو چالاکییەکی زەینی گونجاویشمان تێدا بەرپا دەکەن....«٢٢» لای کانت لەبەر ئەوەی مۆسیقا هۆکارێکی لەزەت بەخشە، دەبێت هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بێت، وەک سەرجەم هۆکارەکانی دیکەی لەزەت بەخشین، نەوەک دەبێتە هۆی بێزاری..«٢٣»

بۆچوونەکانی (هیگڵ) شان بە شانی بۆچوونەکانی (کانت) بوونە هۆی ئەوەی کە ئیستاتیکای ئەڵمانی لە قۆناغێکی نوێدا خۆی ببینێتەوە. لای هیگڵ مۆسیقاو نیگارکردن و شیعر دەبنە ئەو سێکوچکەیەی کە هونەری رۆمانتیکی پێک دەهێنن، لەبەر ئەوەی هونەری وێنەکێشان سیفەتێکی شوێنی (مکاني) هەیە، کە ئەمەش وای لێدەکات ببێتە شتێکی بابەتی و لە دەرەوەی خودی مرۆڤدا بێت، بەڵام مۆسیقا لە ریتم (الایقاع) پێکدێت، لەبەر ئەوە بەناخی خودی مرۆڤدا شۆڕدەبێتەوە..[٢٤]

لە ئیستاتیکای (شۆپنهاوەر)دا مۆسیقا ویستی ژیان بەرجەستە دەکات... سەرەڕای ئەوەی ئیستاتیکای شۆبنهاوەر ئیستاتیکای (کانت و هیگڵ) جیاوازی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، شۆپنهاوەر لەگەڵ کانت و هیگڵ لەوەدا یەکیان دەگرتەوە؛ کە مۆسیقا بە رێگایەکی دیارینەکراوەوە دەربڕینی خۆی ئەنجام دەدات...[٢٥] (ریچارد فاگنەر)ی هونەرمەندی گەورەی مۆسیقای ئەڵمانی لەسەدەی نۆزدەیەمدا، ئەگەرچی پێشوازی لە فەلسەفەی شۆپنهاوەر کردو دواتر لەگەڵ نیتشە بەیەکەوە لەناو جیهانە فەلسەفییەکەی شۆپنهاوەر دەخولانەوە، بەڵام لە راستیدا ڤاگنەر لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبوو، کە بنچینەی فەلسەفەی شۆپنهاوەری لەبارەی مۆسیقاوە پێکدەهێنا، کە ئەویش ئەوەبوو، لای شۆپنهاوەر ئاواز سەربەخۆییەکی تەواوی لەگەڵ ئەو دەق و رووداوانەی دەخرانە سەر شانۆوە هەبوو[٢٦] نیتشە هەستی بەو ناکۆکییە کردبوو کە ڤاگنەری هاوڕێی تێیکەوتبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا نیتشە خۆی کەوتبووە نێو



ناکۆکییەکی توندەوە، کاتێک دژی رۆمانسیزم دەوەستا، لە هەمان کاتدا بۆچوونەکانی سەبارەت بە ئیستاتیکای مۆسیقا هیچیان کەمتر نەبوو لە بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر (کە لەگەڵ بۆچوونەکانی رۆمانسیزم گونجاو و هاوتەبا بوون). لەبەر ئەوەی لای نیتشە – هەروەک چۆن لای شۆپنهاوەریش– ئاواز لە وشەیەکی گوتراو بەنرختر بوو، واتە پلەو پایەی بەرزتربوو، هەروەک چۆن نیتشە لە کتێبی (لە دایکبوونی تراژیدیا) باسی لێوە دەکات..[٢٧]

جا ئەگەر نیتشە لەگەڵ شۆپنهاوەر لەوەدا یەکیان گرتبێتەوە،کە مۆسیقا راکردنێک لە واقیعی ژیان دەڕەخسێنێ، کە هێمنی و ئۆقرەی مرۆڤی تێدایە، بەڵام لای شۆپنهاوەر مۆسیقا ویست بۆ خەیاڵ، هەروەها ئارەزووش بۆ لێوردبوونەوە دەگوازێتەوە.... لە لای نیتشە مۆسیقا دەبێت وا لە مرۆڤ بکات کە لەو جیهانە کەڕو پڕ لە ئاژاوەیە بەرزی بکاتەوە بۆ جیهانێکی هارمۆنی و هێمن.. کە تەعبیر لە ئامانج و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکات...[٢٨] نیتشە واسەیری مۆسیقا دەکات، کە هۆکارێکە دەتواندرێت بە هۆیەوە مرۆڤ سەر لەنوێ بەهاکان دابڕێژێتەوەو.... هەروەها بە هۆیەوە ئەو جیهانە کەڕولاڵە بگۆڕێت بۆ جیهانێکی باشتر، کە مرۆڤ تێیدا بەختەوەر بێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت. لەبەر ئەوەی مۆسیقا لای نیتشە هونەری هەڵچوونە واتە سروشتێکی دیۆنیسۆسی هەیە، هونەرمەندی مۆسیقی لە بواری تایبەتی خۆیدا دەتوانێت جیهانی نابووت و پۆخڵەوات پاک بکاتەوە، مۆسیقا دەتوانێت لە کەشوهەوایەکی خەیاڵئامێزدا هیواکانی مرۆڤ بهێنێتە دی، بەم جۆرە

مۆسیقا دەتوانێت گونجاندن و هارمۆنی بخاتە ئەو ژیانە پڕ ئاژاوەو گێرەشێوێنییە...

مۆسیقا لای نیتشە نموونەی راستەقینەی جیهانە، بەڵام دراما بریتییە لە تارمایی و سێبەری جیهان و گەردوون. واتە دراما لای نیتشە لە پلەی خوارەوەی مۆسیقا دایە، لەبەر ئەوەی مۆسیقا زیاتر لە دراما تەعبیر لە رۆحی گەردوون دەکات.

– ئۆپێرا – لای نیتشە رەمزی هەرەسهێنانی شارستانییەتە، لەبەر ئەوەی ئۆپێرا بەرهەمی تیۆریزانێکە رەخنە دەگرێت، نەک بەرهەمی هونەرمەندی داهێنەر. هەر لەبەر ئەوەشە نیتشە (ئۆپێرا) لەناو هونەرەکاندا بە دیاردەیەکی نامۆ دادەنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئۆپێرا پشت بەوە دەبەستێت کە ئاخافتن گرنگترو مەزنترە لە هارمۆنییەت. ئەم بۆچوونەش دژی مۆسیقایە، ئەگەرچی ئۆپێرا لە پێناو ئەوەدا هاتۆتەکایەوە کەوێنەو ئاخافتن و مۆسیقا بەیەکەوە کۆبکاتەوە.....لای نیتشە ئۆپێرا ناتوانێت تەعبیر لەو ئازارانە بکات کە بە هۆی زیانێکەوە هاتۆتەکایەوەو قەرەبۆ ناکرێتەوە، بەڵکو ئۆپێرا لەزەتێکی سادە دەبەخشێت...«٢٩» لە راستیدا رەخنەی نیتشە لە ئۆپێرا لەوەدا سەرچاوە دەگرێت کە ئەم هونەرە سروشتی راستەقینەی مۆسیقا دەشێوێنێت کە ئەویش رۆحی دیۆنیسۆسییە. هەروەها مۆسیقای شانۆ لای نیتشە نزمترین هونەری مۆسیقایە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو مۆسیقایەکی خراپیشە، نیتشە دەیەوێت مۆسیقا ئەو توانایەی هەبێت کەوەرچەرخانێکی شارستانی لە دەروونی خەڵکدا بهێنێتە کایەوە. لەم بارەیەوە دەنووسێت: وای بۆ



دەچم کە چەند سەد کەسێک لە نەوەی داهاتوودا هەست بەو مانایانەی مۆسیقا دەکەن کەمن هەستی پێ دەکەم، ئەو کاتە شارستانییەتێکی تەواو نوێ دێتە کایەوە«٣٠»

نیتشە پلەیەکی نزم بەمۆسیقای شانۆ دەبەخشێت، چونکە مۆسیقا لە خزمەتی خستنەڕووی رووداوەکانی شانۆ دادەبێت، ئەو کاتەش مۆسیقا سیفەتی راستەقینەی خۆی لە دەست دەدات.... ئەگەرچی نیتشە لەگەڵ هەندێک بۆچوونی شۆپنهاوەر لەبارەی ئیستاتیکای مۆسیقاوە تێکەڵ ببوو، بەڵام مۆسیقای رۆمانتیکیی بەدڵ نەبوو، بەڵکو رەخنەشی لێگرتووە. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە مۆسیقایانە – مۆسیقای رۆمانتیکی– زیاتر بۆ شانۆو جەماوەر دەشیان .... ئیتر مۆسیقای رۆمانتیکی لای نیتشە بە پلەی دووەم دادەنرێت لە دوای شاکارە مۆسیقییەکانی مۆتسارت و بیتهۆڤن «٣١». نیتشە لەرەخنەکانیدا لە مۆسیقای ڤاگنەر ئەوە دەردەخات کە خەوشی ئەو مۆسیقایە لەوەدایە کە پەنا دەباتە بەر خەیاڵی رۆمانسییانە، هەروەها پەیوەستبوونی ئەو مۆسیقایە بە ئایدیۆلۆجیای مەسیحییەوە... لە راستیدا ئەو رەخنەیەی نیتشە لە ڤاگنەر دواتر دەبێتە رەخنەیەکی گشتی لەسەرجەم ئەو شاعیرانەی بە درۆزنەکان لە قەڵەمیان دەدات، لەبەر ئەوەی دەبنە خزمەتکاری رێبازە ئەخلاقییە باوەکان. زەردەشت دەڵێت: بەداخەوە لە نێوان زەوی و ئاسماندا زۆر شت هەن تەنیا شاعیرەکان خەونی پێوە دەبینن، زۆر شتی دیکە هەن لە ئاسمان، ئەو هەموو خواوەندانە، ئەو رەمزانەن کە شاعیرەکان دایانهێناون....«٣٢»

سەبارەت بە هێرشکردنە سەر شاعیران لە لایەن

نیتشەوە، دەکرێت بەهەمان هەڵوێستی ئەفلاتوون بشوبهێندرێت کە ئەویش هێرش دەکاتە سەر شاعیران. چونکە ئەو شاعیرانەی پابەندی یاساو ڕێساکانی کۆمارەکەی ئەفلاتون نابن، دەبنە هۆی دروستکرنی ئاژاوەو تێکدانی هەست و سۆزی خەڵکی.. لەبەر ئەوە ئەفلاتوون ئەو شاعیرانە لە کۆمارەکەی دەردەکاتە دەرەوە. ئەفلاتوون بە چاوێکی پڕ مەترسییەوە دەڕوانێتە شیعر.. شیعر ئەو هەوەس و ئارەزووانە هاردەکا کە پێویستە دابمرکێندرێنەوە.. لەبەر ئەوە ئەفلاتوون شاعیران شار بەدەر دەکات و لە کۆمارە ئایدیالییەکەی خۆیدا جێیان ناکاتەوە...»[٣٣] هەڵوێستی ئەفلاتوون لەمەڕ شاعیران هەڵوێستێکی یەکلا کەرەوەیە، واتە بەتەواوی دژی هەموو شاعیرانە. ئەمەش بە پێچەوانەی نیتشەیە کە هەڵوێستێکی دوو لایەنیی لە بەرامبەر شاعیراندا هەیە. لە کاتێکدا نیتشە بەشێوەیەکی توندوتیژ هێرش دەباتە سەر شاعیران، لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی مەزن باسیان لێوە دەکات و پێیان هەڵدەدات»[٣٤]. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە نیتشە هێرش دەباتە سەر شاعیران، نووسینەکانی خۆی زیاتر لایەنی شیعرییان بەسەردا زاڵ بووەو، سۆپەرمان شاعیرێکی سەرشێتەو هەروەک نیتشە بەدوای حەقیقەتدا وێڵە.... نیتشە لە نامەیەکدا بۆ ئەلیزابێتی خوشکی دەنووسێ: بەدوای چیدا دەگەڕێین؟ بەدووای خۆشی و شادی؟ نەخێر... جگە لە گەڕان بەدوای حەقیقەت بەدوای هیچی دیکەدا ناگەڕێین... هەرچەندە حەقیقەت تاڵ و ترسێنەرە...»[٣٥]. لەو قۆناغەی ژیانی نیتشەدا کە مۆسیقای ڤاگنەر ببووە جێگای سەرنج و سەرسووڕمانی، وای دەبینی



ئەو مۆسیقایە تەعبیر لە ڕۆحی دیۆنیسیۆس دەکات. لەبەر ئەوە لە کتێبەکەیدا (ریچارد ڤاگنەر لە بایروس) وا باسی مۆسیقای ڤاگنەر دەکات؛ کە ئەو مۆسیقایە دەیەوێت هەموو شتێک لە سروشتدا بێتە دواندن و قسەکردن تا ئەو شتانەش کە لەمەوبەر نەیاندەویست قسان بکەن. لەبەر ئەوەی ڤاگنەر لەو باوەڕەدا نەبوو کە شتێکی کەڕولاڵ لە سروشتدا هەبوو بێت، ئیتر بەم جۆرە کازیوەو دارستان و تەمتومان و لووتکە و شەو و تیشکی مانگ بێ دەنگی دەشکێنن و ئاوازێکی بەجۆش و خرۆش دەچڕن...»[٣٦]

ئیتر بەم شێوەیە نیتشە پێش ئەوەی ڕەخنە لە هونەری ڤاگنەر بگرێت، گرنگییەکی تایبەتی پێداوەو هاوسۆزییەکی لەگەڵ مۆسیقاکەی هەبووە؟ هاوسۆزی نیتشە بۆ مۆسیقای ڤاگنەر لەو گۆشە نیگایەوە بووە کە ڤاگنەر باوەڕی بە فەلسەفەی شۆپنهاوەر هێنابوو، جا لەبەر ئەوە مۆسیقای ڤاگنەر لای نیتشە هاتنەدی و بەرجەستەبوونی بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر بوو لە میانەی هونەری مۆسیقاوە؛ ئەو بۆچوونەی کە هونەر بەگشتی و مۆسیقا بەتایبەتیی وەک هۆکارێک دادەنا بۆ ڕاکردن لە ژیان، لەبەر ئەوەی مۆسیقا وێنەیەکی تەواوی ویستی ژیان بوو کە بوونە.. لای نیتشە ڤاگنەر سەرەتا وەک ڕۆڵەیەکی بەوەفای خواوەندی دیۆنیسۆس بوو، لەبەر ئەوە لە مۆسیقاکەیدا هەستی بە نەشئەیەکی دیۆنیسۆسی دەکرد....»[٣٧]

هەندێک بیروڕا بۆ ئەوە دەچن کە جۆرە ناکۆکییەک لە بیری نیتشەدا بەدی دەکرێت، ئەویش لە میانەی ئەوەی کە نیتشە پلەو پایەی هونەری زۆر بەرز کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی

هونەر لای ئەو جەخت لەسەر لایەنی هەمواری –ئیجابی – ژیان دەکات. لە لایەکی تریشەوە دەبینین سۆپەرمانی نیتشە دەیەوێت سەر لە نوێ بەهاکان دابڕێژێتەوە «٣٨»واتە لە لایەکەوە نیتشە بە ژیان رازی دەبێت و لە میانەی هونەردا تەعبیر لەو رازی بوونەی خۆی دەکات. لەلایەکەی دیکەوە ئەو سۆپەرمانەی بانگەشەی بۆ دەکات نکۆڵی لەو بەهایانە دەکات کە لە ژیاندا هەن و هەوڵی سەر لەنوێ داڕشتنەوەیان دەدات.

بەڵام لە راستیدا ئێمە ئەمە بە ناکۆکییەک لە بیری نیتشە دا لە قەڵەم نادەین، لەبەر ئەوەی بیری نیتشە دواجار لەسەر ئەو بەرنامەیەدا دەڕوات و ئەو بەرنامەیە پەیڕەو دەکات کە دەبێت مرۆڤ لەو حاڵەتەی کە تێیدا دەژیت تێبپەڕێنێت. بێگومان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش لە لایەن مرۆڤەوە پێویستی بە هۆکاری تایبەتی هەیە، کە وەک یارمەتی دەرێک بەکاربهێنرێت، جا ئەگەر خودی سۆپەرمان هێنانە بەرچاوی حاڵەتێک بێت کە لە واقیعی رۆتینی رۆژانە دوورە، حەتمەن ئەو کاتە پێویست بە خەون و خەیاڵ دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. دیارە هونەریش –مۆسیقا– باشترین هۆکارێکە بۆ خەیاڵئامێزیی جیهان... جیهانێک کە نیتشە بە نیهیلیستیی دادەنێت، و هەڵبەستنی ئەفسانەو خەیاڵ و خەوبینینیش بە رێگا چارە دەزانێ، گەڕانەوەی سەرمەدی«٣٩» ویستی هێزیش،«٤٠» دەبنە دوو بۆچوونی سەرەکی نیتشە کە لە بەرامبەر نیهیلیزمی«٤١» جیهاندا بەکاریان دەهێنێ...



## سەرچاوەو پەراوێزەکان :

١– الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي . فريدريك نيتشه. تعريب د. سهيل القش – بيروت –١٩٨١– ص٣٩

٢– سەرچاوەی پێشوو – ل٣٩

٣– تاريخ الفلسفة – الفلسفة الحديثة– الجزء السابع– اميل برهيية. ترجمة: جورج طرابيشي. دار الطليعة بيروت – ١٩٨٧ ص ١٢٥–١٢٦.

٤– الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي.... ص ٤٣.

٥– خلاصة الفكر الاوروبي – ربيع الفكر اليوناني – عبدالرحمن بدوي– الطبعة الرابعة– ١٩٦٩– القاهرة. ص٣٢

٦– الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي.... ص ٤٥–٤٦.

٧– ربيع الفكر اليوناني... ص ٣٧.

٨– هەمان سەرچاوە ل ٨٥.

٩– الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي... ص ٤٦.

١٠– ربيع الفكر اليوناني .... ٨٦.

١١– الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي... ص٤٤.

١٢– مجلة الحياة الثقافية: تصدرها وزارة الشؤون الثقافية بتونس عدد (١٠) نوفمبر / ديسمبر ١٩٧٦– ص٨٢.

١٣– الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي... ص٤٣.

١٤– ارغنون. فصلنامه فلسفی – ادبی – فرهنگی . سال اول شماره (٣) پاییزی ١٣٧٣ تهران.... ص ١٨٩.

١٥– ارغنون شماره (٣) سەرچاوەی پێشوو ل. ١٩١.

١٦– قصة الفلسفة. ويل ديورانت. ترجمة فتح الله محمد المشعشع. ص ٥١٥.

١٧- قصة الفلسفة .. هەمان سەرچاوە . ل ٥١٣ .

١٨- قصة الفلسفة... هەمان سەرچاوە - ل ٥١٤ .

١٩- الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي.... ص ٣٨.

٢٠- الفلسفة في العصر المأساوي الاغريقي... ص ٣٨.

٢١- فلسفة نيتشة. اويغن فنك. ترجمة الياس بديوي، دمشق ، ١٩٧٤ ، ص ١٥.

٢٢- ئیستاتیکا. فەلسەفەی جوانی و هونەر. کەمال مەمەند میراودەلی - زانکۆی سلێمانی - ١٩٧٩ ل٨٦.

٢٣- الفيلسوف والفن الموسيقي. جوليوس پورتنوي. ترجمة د. فؤاد زكريا . مراجعة . د. حسين فوزي. الهيئة المصرية العامة للكتاب - القاهرة- ١٩٧٤- ص ٢٢٤-٢٢٥.

٢٤-الفيلسوف والفن الموسيقي.. هەمان سەرچاوە ل ٢٣٩.

٢٥- هەمان سەرچاوە. ل٢٤٢.

٢٦- هەمان سەرچاوە. ل ٢٤٤.

٢٧- هەمان سەرچاوە. ل ٢٤٥.

٢٨- هەمان سەرچاوە. ل ٢٤٧.

٢٩- في الشعر الاوروبي المعاصر. د. عبدالرحمن بدوي. الطبعة الثانية - ١٩٨٠- بيروت. ص١٦٤.

٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٦٥.

٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ١٦٦.

٣٢- هكذا تكلم زرادشت. ترجمه. فليكس فارس. بلا. ص ١٥٦.

٣٣- ئیستاتیکا - سەرچاوەی پێشوو ل ٢٦.

٣٤- في الشعر الاوروبي المعاصر. ص ١٣١.

٣٥- معجم الفلاسفة. جورج طرابيشي ... ص ٦٢٥.

٣٦- في الشعر الاوروبي المعاصر... ص ١٦١.



٣٧- نيتشه : عبدالرحمن بدوي... القاهرة ١٩٦٩ ص ١١.

٣٨- الفيلسوف والفن.... ص ٢٤٧.

٣٩- ٤٠- گەڕانەوەی سەرمەدی و ویستی هێز دوو چەمکی دیاریکراون لای نیتشە بڕوانە هەردوو بەشیVوIIV.

٤١- بۆ زیاتر شارەزابوون لە چەمکی نیهیلیزم لای نیتشە بڕوانە بەشی III ل٢٧.

## V

## گەڕانەوەی سەرمەدی

فەلسەفەی کانت توانی سەرو سیما سەرەکییەکانی ڕێبازی ئایدیالیزم دیاری بکات، ئەویش لە ڕێگای دابەش کردنی جیهانەوە بۆ دوو بەش: یەکەم: جیهانی شتێک لە خودی خۆی NOUMENE . دووەم: جیهانی دیاردەکان PHENOMENE . جیهانی شتێک لە خودی خۆی (الشیء فی ذاتە) (نۆمین) جیهانێکی ون و شاراوەیە. عەقڵ ناتوانێت بیدۆزێتەوە. بەڵام جیهانی دیاردە (فینۆمین) بریتییە لەو جیهانەی کە لە بەرچاوماندایە و بەهۆی هەستەکانمانەوە دەیناسین و عەقڵیش دەتوانێت بیخاتە ژێر پرنسیپەکانی خۆیەوە. بەم شێوەیە، کانت، توانی لە سەردەمی خۆیدا ڕێڕەوەکانی بیری نوێ دیاری بکات.«[١]» نیتشە لەگەڵ ئەوەی کە ڕەخنەیەکی توندو تیژی لە سەرتاپا بۆچوونە فەلسەفییەکانی پێش خۆی گرتووە، بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەی کە فەیلەسووفەکان سەبارەت بە جیهانی



میتافیزیکیاوە خستوویانەتە ڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین نیتشە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆچوونەکانی (کانت) پەسند دەکات، ئەمەش لەوکاتەی کە نیتشە دان بەوەدا دەنێت کە ئەو واقیعەی هۆکارەکانی (زانین)و ناسینی مرۆڤ – هەستەکان– وێنەی دەکێشێت، جیاوازە لەو واقیعە ڕاستەقینەیەی کە هەیە.«[٢]» لای نیتشە جیهانی دیاردەکان، ئەو جیهانەیە کە عەقڵ دەتوانێت بیخاتە ژێر پرنسیپەکانی خۆیەوە، ئەو جیهانەیە کە بەهۆی –هەستەکان– دەرکی پێ دەکەین، بەڵام جیهانی ڕاستەقینە لای نیتشە ئەو جیهانەیە کە هەمیشە لە گۆڕان و وەرچەرخاندایە و هۆکارەکانی زانینی مرۆڤ ناتوانن بیناسن. بەپێی ئەو ئاکامە ئایدیالیستیەی (کانت) ئەو شێوەو وێنەیەی جیهان کە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە، بوونی ڕاستەقینەی جیهان نیشان نادات، بەڵکو ئەم وێنەیەی جیهان تەنیا بەهۆی هۆکارەکانی زانینەوە – هەستەکان–ەوە لە مێشکی مرۆڤدا دروست بووە، لەبەرئەوە ناکرێت بەجیهانی ڕاستەقینە دابنرێت. نیتشە نکوڵی لەو ئاکامە ئایدیالیستیەی ناکات، کە کانت پێی گەیشتووە، بەڵکو پەسندی دەکات و لە نووسینەکانیدا باسی لێوە دەکات.«[٣]»

بەم جۆرە دەتوانین لێرەدا هەست بەوە بکەین کە ئەگەر چی نیتشە ڕەخنەی لە فەلسەفەکانی پێش خۆی گرتووە، بەڵام لێرەدا دەردەکەوێت، کە نەیتوانیوە دەست بەرداری تەواوی ئەو ڕەوتە فەلسەفییە ببێت کە (ئەمانوئێل کانت) بە پەرەپێدەری دادەنرێت، هەروەک چۆن لەمەوپێش باسمان لەوە کرد کەنیتشە سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی لە میتافیزیکیای

رۆژئاوایی گرتووە، نەیتوانیوە لەچوارچێوەی ئەو میتافیزیکیانە دەربچێت و بەیەکجاری دەستبەرداری ببێ. کانت کتێبی (رەخنە لەعەقڵی پەتی) لە ساڵی (١٧٨١)دا بڵاو کردەوە، بەهۆی ئەو بیرو بۆ چوونانەی کەلەو کتێبەدا هاتبوون، کانت سەردەمێکی نوێی لەفەلسەفەدا راگەیاند. ئەمەش وای کرد کاریگەرێتیی خۆی هەبێت لەسەر رەوتە فەلسەفییەکان. (ئەمیل برهێیە) دەڵێت: (لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە تا ئێستا بەدەگمەن دەتوانرێت بیرێکی فەلسەفی ببینین کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە لێوردبوونەوەکانی رێبازی کانتیزمدا سەرچاوەی نەگرتبێت»[٤]. هەروەها (ویل دیورانت) دەڵێت: سەرجەم ئەو فەلسەفانە جگە لە پەرەسەندنێکی رووکەشییانە هیچی دیکە نەبوون، کەلە ژێریانەوە شەپۆلی بەهێزی فەلسەفەی (کانت) بەشێوەیەکی زۆر قووڵ و فراوان گوزەری دەکرد، تا ئێستاکەش فەلسەفەی کانت بنچینەیەکە بۆ هەموو فەلسەفەکانی تر، نیتشەش لەگەڵ هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە دابوو کە کانت هێنابوونیە کایەوە»[٥] لەمەڕ ئەوەی کە نیتشە نەیتوانیوە لە فەلسەفەکەی (کانت) رزگاری ببێت و بەیەکجارەکی دەستبەرداری بێت، (کۆلن ولسن) باشی بۆچووە کاتێک دەنووسێت:

(تێکچوونی باری تەندروستی نیتشە وای کرد کە هەوڵ و کۆششەکانی بەشێوەیەکی پوخت و رێک و پێک دەرنەکەون، ئەو سەرکەوتوو نەبوو لەوەی لە فەلسەفەی کانت، تێبپەڕێنێت، هەروەک هیگڵ پێش ئەو، ئەم کارەی ئەنجام دابوو.. وابزانم ئەو ئەرکێکی بۆخۆی هەڵبژاردبوو و نەیتوانی خۆی لەبەر



ڕابگرێت، یاخود بەواتایەکی دیکە سروشتی خودی نیتشە ئەو ئەرکەی هەڵبژاردبوو، بەڵام ئەو، بێ دەرەتانە نەیتوانی لەگەڵ ئەو ئەرکەدا بەردەوام بێت و پەرەی پێبدات. ئەو پێ دەرەتانەی کە تووشی نەخۆشی (سفلس)ی ترسێنەر ببوو هەرگیز لە ژیانیدا هێمن و ئاسوودەیی بە خۆوە نەدی..»[٦]

هەرچەندە نیتشە لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی رۆشنگەری و فەلسەفەی کانت دابووە، بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە شێوازی بیرکردنەوەی نیتشە لەفەلسەفەدا رێڕەوێکی تر دەگرێتە بەر، کە دەشێ بڵێین جیاوازە لەو رێڕەوەی کە فەیلەسووفانی رۆشنگەری هەیان بوو، هەروەها ئەو رێڕەوەی کە کانت لەفەلسەفە ئایدیالیستیەکەی پیادەی دەکرد، ئەم رێڕەوەش کە نیتشە دەیگرێتە بەر دەشێ بە تایبەتمەندیی ئەو فەیلەسووفە لەقەڵەم بدرێت، کە لە میانەی کارکردنی لەناو فەلسەفەی رۆژئاوایی بەگشتی و فەلسەفەی کانت بە تایبەتی بەرهەمی هێناوە.

بۆ چوونەکانی نیتشە لەمەڕ (بوون) زنجیرە بیرۆکەیەکی پێوەنددارو لێکنەپچڕاون، لەمیانەی خستنە رووی بۆچوونەکانیدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو راڤەکردنەی نیتشە هەیەتی لەمەڕ بوون و ژیان و مرۆڤدا، هەرچەندە بنەمایەکی بیری یۆنانی و کاریگەریی سەردەمی رۆشنگەری ئەوروپی پێوە دیارن، بەڵام نیتشە مۆرکی تایبەتی خۆی بەو راڤە کردنە ناوە. ئەگەر سەیری بیرۆکەی (گەڕانەوەی سەرمەدی) لای نیتشە بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم بیرۆکەیە لای ئەم بیرمەندە شێوازێکی دیکە وەردەگرێت کە جیاوازی هەیە لەو بیرۆکەیەی کە بیرمەندانی یۆنانی باسیان لێوە کردووە.

بیرۆکەی (گەڕانەوەی سەرمەدی)، وەڵام دانەوەی نیتشەیە بۆ ئەو پرسیارانەی کە دوای بوون یاخود لەدوای مردنەوە دەخرێنەڕوو، پاش ئەوەی نیتشە باسی بوون بەهەموو شێوازو لق وپۆپەکانییەوە دەکات، مردن وەک دوا قۆناغی بۆچوونەکانی دەخاتە روو، دواتر دەبێت پێمان بڵێت دوای مردن چی هەیە؟ یاخود دوای مردن چی روو دەدات و چی دەبێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە سەلماندنی لەیەکتر نەپچڕاوی زنجیرەی بیری نیتشەیە، بوون لای نیتشە بریتییە لە بەردەوامی- الصیرورة -، واتە بوون کۆتایی نییە. دەبوایە نیتشە ئەم بۆچوونەی خۆی بسەلمێنێت، هەربۆیە بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی دەخاتە روو. خستنە رووی ئەم بیرۆکەیە لای نیتشە پاش پەرەسەندنێکی فیکریی ئەم فەیلەسووفە دێتە کایەوە، ئەم بیرۆکەیە لە ساڵی (١٨٨١)دا لەلایەن نیتشەوە خرایەڕوو، هەرچەندە شێوازی دروستبوونی ئەم بیرۆکەیە، یاخود سەرلەنوێ دروستبوونەوەی ئەم بیرۆکەیە لای نیتشە لەحاڵەتێکی سۆفیگەرییانەدا دەبێت، بەڵام دیارە ئەمەش نکۆڵی لەوە ناکات کە وەڵامدانەوەیەکی هۆشیارانەو مەبەستداری نیتشە بێت لەبارەی بوون و (نیهیلیزم)وە، یاخود هەرنەبێت دەرەنجامی کارێکی فیکریی پێشوەختە بووبێت کە نیتشە پێشتر پێیەوە خەریک بووە.

لە کاتێکدا نیتشە خەریکی گەشتێک بووە لە شاخەکانی ئیتاڵیادا - شەش هەزارپێ دوور لەخەڵک و زەماندا (ئەوکاتە مانگی ئابی ساڵی «١٨٨١» بووە):- لەو رۆژەدا کە بەو دارستانەی کەوتۆتە سەر دەریاچەی سلڤاپلانا گوزەرم دەکرد، نزیک تاشەبەردێکی گەورە کەلە شێوەی هەرەمیدا



بوو، لەنزیک (سورلی) وەستام، پاشان ئەو بیرۆکەیەم بەمێشکدا هات-«٧»

ئا لەوکاتەدا گەڕانەوەی سەرمەدی شوێنێکی دیاری کراو لە فەلسەفەی نیتشەدا دەگرێت، لەوکاتەدا ئەم فەیلەسووفە لە هەوڵ و کۆششی ئەوە دابوو کە ئەوبیرۆکەیە بەبۆچوونەکانی دیکەی سەبارەت بە ئاکارو سۆپەرمان و ویستی هێز ببەستێتەوە. لەو پەرەگرافە شیعر ئامێزانەی نیتشە کەلە (زەردەشت وای گوت)دا هەن، مار نیشانەی ئەو سەرمەدییەیە کەلە سووڕانەوەدایەو هەمیشە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە لێیەوە دەستی پێ کردووە. هەروەک چۆن (باز)یش نیشانەی بیرۆکەی سەرەکی نیتشەیە کە ئەویش ویستی هێزە: لەگەڕانەوەی ئەو خۆرو ئەو زەوییەدا لەگەڵ بازو مارەکاندا دەگەڕێمەوە. ناگەڕێمەوە بۆ ژیانێکی نوێ، یاخود ژیانێکی باشتر، یاخود ژیانێک لەژیانی پێشتر بچێت، بەڵکو من هەمیشە بۆ هەمان ژیانی پێشتر دەگەڕێمەوە. هەروەها دەڵێم هەموو شتێک لەگەڕانەوەدایە، مزگێنی نیوەڕۆی زەوی و خەڵک و هاتنی سۆپەرمان دەدەم «٨» لێرەدا دەکرێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە کاریگەرێتی بیری یۆنانی بەشێوەیەکی ئاشکرا بەسەر نیتشەوە دیارە، بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی لای فەیلەسووفە یۆنانییەکان برەوێکی تایبەتی هەبووە... فەلسەفەی ئەنکسمەندەر (٦١١- ٥٤٧) پ.ز باسی جۆرێک لەگەڕانەوەی سەرمەدی دەکات کاتێک دەڵێت: چەند جیهانێکی بێ کۆتایی هەیە، هەرچەندە ناشزانرێت کە ئەو جیهانانە لە یەک کاتدا هەن، یاخود بەدوای یەکتردا دێن؟.. بەڵام ئەوەی زیاتر ئەنکسمەندەری

فەیلەسووف باوەڕی پێ هەبوو ئەوە بوو کە ئەم جیهانانە بەدوای یەکتردا دێن، هەروەها ئەوەی کەوای کردووە ئەم فەیلەسووفە باوەڕ بەم بۆ چوونەی بهێنێت، ئەوە بوو کە باوەڕی بەلەناو چوونی گەردوونیی هەبووە. لای ئەنکسمەندەر لەدایک بوون وا دەکات کەلەناو چوون هەبێت. گەردوونیش تووشی تێکچوون و شێواندن دێت. هەر جیهانێک کەدێتە کایەوە، دەبێت باجی هەڵەی لەدایک بوونی بدات، کە ئەویش لەناو چوونە، دەبێت لەناو بچێت، بۆ ئەوەی جیهانێکی دیکەی نوێ بێتە کایەوە، ئەمەش پێویستییەکە لە کردارێکی دادپەروەرانە.»[٩] بەپێی بۆچوونی ئەنکسمەندەر، بنچینەی گەردوون بریتییە لە ماددەیەک کە هیچ شێوەیەکی نییەو بێ کۆتایی وبێ سنوورە. نیتشە لەو کتێبەی لەبارەی فەلسەفەی یۆنانییەوە نووسیویەتی باس لەبۆچوونی ئەو فەلسەفەیە دەکات.»[١٠] هەرچەندە ئەم فەیلەسووفە بۆچوونی خۆی لەبارەی دروستبوونی گەردوونەوە دەخاتە روو، بەڵام نەیتوانیوە ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە، کە چۆن ئەو جیهانە بەدوای یەکترداهاتووانە دروست دەبن لەو ماددەیەی کەباسی دەکات و بەبنچینەی گەردوونی دادەنێت.»[١١]

لە ڕاستیدا هەرچەندە لەبۆچوونەکانی ئەم فەیلەسووفەدا، ئەوە بەدی ناکرێت کە ئەم جیهانانە بەهەمان شێوە دووبارە دەبنەوە، بەڵام تارادەیەک لەبیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی نزیک دەبێتەوە. لەلای (هیراکلیتس)ی فەیلەسووف بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی بەشێوەیەکی روونتر دەردەکەوێت، ئاگر لای ئەم فەیلەسووفە رەگەزێکی بنچینەیی گەردوونەو ماوە ماوە جیهان دادەگرێت و هەڵی دەلوشێ، ئیتر جیهان بەهۆی



ئەو ئاگرەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان شێوەی بنچینەیی پێشووی، ئەمەش لە میانەی چەند خولێکی دیاریکراوی زەمەندا روو دەدات.»[١٢]

هەروەها فەیلەسووفێکی دیکەی یۆنانییە کە ناوی (ئەنپادوقلیس- ٤٩٠- ٤٣٠)ە باس لەو جیهانانە دەکات کەبە دوای یەکتردا دێن، دروست دەبن، پاشان تێکدەچن و لەناو دەچن.

(ئەنپادوقلیس) یەکەمین فەیلەسووفی یۆنانی‌یە، کە وتوویەتی شان بەشانی چوار رەگەزەکە (ئاگرو ئاوو هەواو خۆڵ) خۆشەویستی و رق و کینەش لەگەڵ ئەم چوار رەگەزانەدا تێکەڵ دەبن و کار لەیەکتر دەکەن و گەردوون بەڕێوە دەبەن. کاتی زاڵبوونی دەسەڵاتی خۆشەویستی یاخود دەسەڵاتی رق و کینە، خولێکی گەردوونی دێتە کایەوە، لەکاتی زاڵبوونی دەسەڵاتی خۆشەویستیدا چوار رەگەزەکە هاوتەبا دەبن لەگەڵ یەکتردا، بەڵام لەکاتی زاڵبوونی دەسەڵاتی رق و کینەدا ئەم چوار رەگەزانە لەیەکتر جیا دەبنەوەو باری گەردوون ئاڵۆز دەبێت ئەوکاتە بوونەوەرەکانی گەردوون نامێنن و لەناو دەچن، بەڵام لە خولێکی تردا خۆشەویستی زاڵ دەبێتەوەو دیسان گەردوون دەگەڕێتەوە باری هاوگونجانی و تەبایی شتەکان«[١٣]».

هەردوو کەڵە فەیلەسووفی یۆنانی: ئەفلاتوون و ئەرستۆ پشتگیری ئەو بۆچوونەیان کردووە کە دەڵێت جیهان لە گۆڕانێکی هەمیشەییدایە، ئەم گۆڕانکارییانەی جیهانییش لە ئاکامی ئاڵوگۆڕ کردنی دەسەڵاتداری لەنێوان هێزی خۆشەویستی و هێزی رق و کینەدا دروست دەبن، گەردوون

خولێکی خۆی تەواو دەکات هەر کاتێک یەکێک لەو دوو هێزانە بەتەواوی زاڵ دەبن.[١٤]

بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی لای فەیلەسووفە (فیتاگۆرسییەکان)یش باسی لێوەکراوە، بەبۆچوونی ئەوان زەمان خۆی دەگەڕێنێتەوە هەمان زەمانی پێشووی کە تێیدا بووە، هەروەها ڕووداوەکانی جیهانیش دووبارە دەبنەوە هەروەک چۆن وەرزەکانی ساڵ دووبارە دەبنەوە.

فەیلەسووفە ستویسیزمەکان (الرواقية) باوەڕیان وابووە، کە ئاگر جیهان دادەگرێت و دەیگەڕێنێتەوە بۆ بنچینەی خۆی، پاشان زیۆسی خواوەند دێت وسەر لەنوێ جیهان دروست دەکاتەوە، بەم شێوەیە خولانەوەی جیهانەکان لەگەڕانەوەیەکی سەرمەدی دان.[١٥] نیتشە لەکتێبەکەیدا سەبارەت بە فەلسەفەی یۆنانی کە ناو نیشانەکەی بریتییە لە (فەلسەفە لەسەردەمی تراژیدیایی یۆنانیدا) بەشێوەیەکی ئاشکرا باس لەو بۆچوونانەی پێشڕەوانی فەلسەفەی یۆنانی دەکات، کە تارادەیەک بۆچوونەکانیان ئاشنایەتییان لەگەڵ بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدیدا هەیە.[١٦]

لەگەڵ ئەوەی کە بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی ڕەچەڵەکێکی لەبیری یۆنانیدا هەیە، نابێت جێگای سەرسوڕمان بێت ئەگەر نیتشە خۆی بەداهێنەری ئەو بیرۆکەیە دابنێت، هەروەک چۆن لەکتێبی (ئەمەیە مرۆڤ)دا کاتێک باسی کتێبی (زەردەشت وای گوت) دەکات بنچینەی ئەو کتێبەی بۆ بیرۆکەی سەرمەدی دەگەڕێنێتەوە کە وا باسی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە خۆی داهێنەریەتی.[١٧]

لەبەر ئەوەی تێکەڵاوبوونی نیتشە لەگەڵ بیری یۆنانی بە



ڕادەیەکی وابووە، کەلای ئەم فەیلەسووفە زۆر ئەستەم و دژوار بووە، بۆچوونەکانی خۆی لەبیری یۆنانیدا جیا بکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە دووبارە دروستبوونەوەی ئەم بیرۆکەیە لای نیتشە لەحاڵەتێکی سەخت و ئاڵۆزی ژیانی خۆی و حاڵەتێکی سۆفییانەدا بووە، واتە چۆنیەتی دروست بوونەوەی ئەم بیرۆکەیە لای نیتشە هۆکارێکی تر بووە، کەوا لەم فەیلەسووفە دەکات خۆی بەداهێنەری ئەم بیرۆکەیە بزانێت. سەرەڕای ئەمانەش، بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی شوێنێکی فراوانی لەفەلسەفەی نیتشەدا گرتووە، هەروەک چۆن نیتشە کاتێک باسی کتێبەکەی لەمەڕ زەردەشت دەکا دەڵێت بنچینەی ئەم کتێبە پەیوەندی بەگەڕانەوەی سەرمەدیەوە هەیە[١٨]. ئەمەش بەپێچەوانەی فەلسەفەی یۆنانییەوەیە کەبەشێوەیەکی دیاریکراوو سنووردار باسی لەو بیرۆکەیە کردووە، لەکاتێکدا، بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی بابەتێکی سەرەکی دوا قۆناغی بیری نیتشە دەگرێتەوەو مەحاڵە بەبێ باسکردنی ئەم بیرۆکەیە باس لەو قۆناغە بیرییەی ئەم فەیلەسووفە بکرێت لەدوای ساڵی (١٨٨١)ەوە.

وا پێ دەچێت پرۆژەیەکی لەم جۆرە لە مێشکی نیتشەدا هەبوو بێت، کە چەندان ساڵی ژیانی خۆی بۆ زانستە سروشتییەکان تەرخان بکات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستییانە ئەم بیرۆکەیە بسەلمێنێت. بەڵام دیارە خراپیی باری تەندروستی ئەو دەرفەتەی پێ نەداوە، کە بەتەواوی ئەم کارە ئەنجام بدات و ئەو پرۆژەیەی جێبەجێ بکات. بەم شێوەیە هەر چەندە نیتشە لەبارێکی دەروونی گۆشە گیرانەدا بوو کاتێک ئەو بیرۆکەیەی خستە ڕوو، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدا

بوو، لە رووی زانستییەوە بسەلمێنێت هەموو ئەو هێزانەی لەگەردووندا هەن، جێگیرو سنووردارن، چونکە حاڵەتەکە لەوسێ گریمانانە تێپەڕ ناکات:

١- یان ئەو هێزانەی گەردوون لەزیاد بووندان.

٢- یان ئەو هێزانەی گەردوون لەکەم بووندان.

٣- یاخود ئەو هێزانە جێگیرن و ناگۆڕێن.

بەپێی بۆچوونی نیتشە گریمانی یەکەم راست نییە، چونکە ئەگەر ئەو کۆمەڵە هێزانەی گەردوون زیاد بوونایە، لەکوێوە دەهاتن، لە کاتێکدا جگە لەم بوونەی کە هەیە، هیچ بوونی دیکە لە ئارادا نییە. جا لەبەر ئەوە ئەگەر پشت بە رێگای زانستی ببەستین نابێت دان بەو گریمانەدا بنێین.

هەروەهاش بە پێی بۆ چوونی نیتشە گریمانی دووهەمیش راست نییە، چونکە ئەگەر کۆمەڵە هێزی بوون لەکەم بووندان، دەبوایە ئێستاکە هێزی گەردوون لەناو چووبایەو تەواو بووایە، لەبەر ئەوەی لەو زەمەنەی کە ئێمە تێیدا دەژین، تاکو ئێستا، زەمەنێکی زۆر دوورو درێژترو بێ کۆتایی تێپەڕیوە.

لای نیتشە لەبەر ئەوەی هێزی بوون ئێستا کە هەیەو لەناو نەچووە کەواتە کەمیش ناکات و کەمیش نابێتەوە. بەپێی بۆچوونی نیتشە جگە لە گریمانی سێیەم هیچی دیکەمان لەدەست نەماوە، ئەویش ئەوەیە کە هێزی گەردوون نەگۆڕو جێگیرو دیاریکراوە و هەروەها سنوورداره، و لەبەر ئەوەی کە هێزی گەردوون جێگیرو سنوورداره دەبێت سەرجەم ئەو بارو گۆڕانکاری و پێکهاتانەی کەبە سەر ئەو هێزەدا دێت (هەرچەندە زۆرن و ناتواندرێت مەزەندە بکرێن) دیاری کراوو سنوور داربن.»[١٩]



لەبەر ئەوەی زەمەن بێ کۆتایی و بێ سنوورە، دەبێت لە ساتێک لە ساتەکانی، ئەو زەمەنە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتەیەی کەپێش بوونی ئەو بارەی ئێستا هەیبووە. بەپێی یاسای هۆکارەکان، زنجیرەی رووداوەکان و دیاردەکان بەدوای یەکتردا دێن، واتە هەر رووداوێک یاخود هەر دیاردەیەک دەبێتە هۆیەک بۆ رووداوێک یاخود دیاردەیەکی دیکە.

بوونیش هەروەک رووداوو دیاردەکان بەهەمان شێوازو سیستەمی دروستبوونی دووبارە دەبێتەوە، ئیتر بەم شێوەیە سووڕی بوون بەبێ کۆتایی دەخولێتەوە، مادامەکینێ زەمان بێ کۆتاییە.»[٢٠]

رۆژێک دێت سەرلەنوێ ئەو زنجیرە هۆکارانەی کە منیش لەناوی دام دەگەڕێنەوە، سەرلەنوێ دروستم دەکەنەوە، هەر خۆشم دەبمە یەکێک لەو هۆکارانەی گەڕانەوەی سەرمەدی.»[٢١]

هەموو شتێک دەڕوات و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە، بۆ هەتا هەتایە چەرخی گەردوون دەسووڕێتەوە، هەموو شتێک دەمرێت و زیندوو دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە. سووڕەکانی بوون کۆتاییان بۆ نییە،»[٢٢]

هەموو شتێک تێکدەشکێندرێت و سەر لەنوێ یەکدەگرێتەوە، متمانەی بوون سەرمەدییانە بەهەمان شێوە خۆی دروست دەبێتەوە و زنجیرەی بوون هەمیشە بۆخۆی بەوەفا دەمێنێتەوە.»[٢٣]

نیتشە بەم شێوانەی سەرەوە لە کتێبی (زەردەشت وای گوت) پاشان لەکتێبی (ویستی هێز)دا دەنووسێت، ئەم دنیایە

هیولێکی وزەیە، بێ سەرەتاو بێ کۆتایی، هێزێکی توندو تۆڵ و پتەوە، نەگەورەتر دەبێت نە بچووکترو خۆی خەرج ناکات و کەم نابێتەوەو لەناو ناچێت، بەڵکو تەنیا خۆی دەگۆڕێت.«٢٤»

ئیتر بەم جۆرە گەڕانەوەی سەرمەدی دەبێتە دوایین خاڵی فەلسەفەی نیتشە، لەدوای نیهیلیزم و ویستی هێزو سۆپەرمانەوە گەڕانەوەی سەرمەدی دەبێتە دواین وەڵامی نیتشە لەمەڕ چارەنووسی بوونەوەرەوە.

ئەگەر چی بیرۆکەی (گەڕانەوەی سەرمەدی) وەک دەرەنجامێکی بیرکردنەوەی ڕێبازی میکانیکی (المذهب الآلي) دەردەکەوێت. ئەو ڕێبازەی کەلەو باوەڕەدایە جیهان ئامێرێکە و هۆکارەکان کوێرانە دەسووڕێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیتشە بەلایەنگرانی ڕێبازی میکانیکی داناندرێت، لەبەر ئەوەی خۆی رەخنە لەبیرۆکەی (هۆکار) – (العلية) دەگرێت و بەوەهمێکی عەقڵی دادەنێت لەبارەی ڕێکخستنی جیهان و گەردوونەوە.«٢٥»

لە بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدیدا، نیتشە باشترین خۆ گونجاندنێکی لە نێوان دوو ڕاڤەی فەلسەفی لەبارەی جیهانەوە بە ئەنجامگەیاندووە. بەپێی یەکێک لەو ڕاڤە کردنانە جیهان لە گۆڕان و وەرچەرخان دایە، هەروەها بەپێی ڕاڤە کردنەکەی دووەم، جیهان بە جێگیرو نەگۆڕ لەقەڵەم دەدرێت.

لە ئەنجامی گونجاندنی ئەم دوو ڕاڤەکردنە (کە پێچەوانەی یەکترن) لەلایەن نیتشەوە، وەرچەرخان (گۆڕان) سیفەتی بوون وەردەگرێت، چونکە لە هەر قۆناغێکی وەرچەرخاندا، شتێک جێگیرو نەگۆڕە، ئەویش سەرمەدی و ئەبەدییەتی



گۆڕان و وەرچەرخانە.

گۆڕان هەمیشە بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەو گۆڕانە وەرچەرخانێکی نەمرەو هەموو قۆناغەکانی رەنگ و بۆنی ئەبەدییەتیان هەڵگرتووە.«٢٦»

بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی لە فەلسەفەی یۆنانیدا، وەک بیرۆکەیەکی میتافیزیکی رووت باسکراوە، بەڵام لای نیتشە ئەم بیرۆکەیە چەند ئاکامێکی ئەخلاقی و دەروونی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەمەش هۆیەکی دیکەیە وای لە نیتشە کردووە خۆی بەداهێنەری ئەم بیرۆکەیە دابنێت. لە ڕاستیدا ئەم ئاکامانە لای نیتشە زۆر گرنگترن لەبەڵگە هێنانەوە بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم بیرۆکەیە. هەموو شارستانییەتەکان لە دژی ئەو جیهانەی سەر رووی زەوی وەستاون و هەموو هیواو ئاواتێکی مرۆڤیان بە جیهانێکی دیکەوە هەڵواسیوە. جا لەبەر ئەوە نیتشە داوامان لێ دەکات دەست بەرداری ئەو جیهانە نەبین کە تێیدا دەژین. لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی سەرمەدی تەعبیر لەنەمری ئەم جیهانە دەکات کە تێیدا دەژین. ئەو جیهانە هەر ساتێک لەساتەکانی نەمرە. دەبێت بەژیانی ئەو جیهانە رازی بین و پێوەی پەیوەست بین. ئەم بۆ چوونەی نیتشەش پێچەوانەی ئەو بانگێشانەی پێشترن کە داوای ئەوە لە مرۆڤ دەکەن نکۆڵی لەو ژیانە بکات.«٢٧»

بەپێی بۆ چوونی نیتشە گەڕانەوەی سەرمەدی وا لە مرۆڤ دەکات کە لەو مەترسییە رزگار بێت کە لە ماوەی ژیانیدا هەڕەشەی لێدەکات. ئەو مەترسییەش مردنە. لەبەر ئەوە گەڕانەوەی سەرمەدی نکۆڵی لەوە دەکات کە مردن هەبێت،

بەڵکو هەموو مردنێک نسبییە. لەدوای هەر مردنێکدا ژیان هەیە، مردن تەنیا لە قۆناغێکی دیاریکراو لەقۆناغەکانی ژیانی ئەبەدیدا، هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. نەمری لێرەدا هیچ پلەو پایەکی نییە، بەڵکو بەردەوام لەهەمان ژیانی هەموو مرۆڤێکدا هەیە.

ئاکامێکی ئەخلاقی دیکەی ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە، کەوا لە مرۆڤ دەکات، چارەنووسی خۆی خۆش بوێت. ئەمەش بەو مانایە نییە کە مرۆڤ لە میانەی رازی بوونی بەژیان، چۆک دابدات، بەڵکو خۆشەویستیی چارەنووس بەو مانایەیە، کە مرۆڤ لەهەموو بارێک و گۆڕانکارییەکدا، ژیانی خۆی خۆش بوێت. مرۆڤ بە هەموو شتێکی ئەو ژیانە، بە ئازارو ئەشکەنجەکانییەوە رازی بێت، لەبەر ئەوەی ئەوانیش نەمرن«[٢٨]».

بەپێی بۆچوونی نیتشە، تەنیا لەلایەن مرۆڤی نەفس لاوازەوە گەڕانەوەی سەرمەدی، نائومێدی و دەستەوەستانیی مرۆڤ دەهێنێتە کایەوە. بەڵام مرۆڤە نەفس بەرزەکان، پاڵەوانەکان بەژیان رازین و پەیوەستبوونیان بەو ژیانە لە زیاد بووندایە. لەبەر ئەوەشە لای ئەوانە خۆشەویستی بۆ ئەو ژیانە بە ئامانج دەگات، چونکە دەستبەرداری ئەو ژیانە نابن کە خۆشیان دەوێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەوەی لەژیان بترسێت هەمیشە لێی دوور دەکەوێتەوە تا رادەی لێدابڕان.

گرنگترین ئاکامی دەروونیی بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی، لەوەدایە کە بەهۆی ئەو بیرۆکەیەوە مرۆڤ بەسەر زەمەندا زاڵ دەبێت. ئەو کاتەش مرۆڤ هەست بەو پەڕی ئازادی دەکات، لەبەر ئەوەی گەورەترین و قورسترین



کۆتوبەندی دەروونی مرۆڤ ئەو زەمەنەیە کە رۆیشتووەو ناگەڕێتەوە، واتە رابردووی مرۆڤ، کە ئەو مرۆڤە هەست دەکات لە ئاستیدا دەستەوەستانە. بەڵام کاتێک مرۆڤ هەست بە نهێنی گەڕانەوەی سەرمەدی دەکات، ئەوکاتە دەتوانێت رابردووی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، هەروەک چۆن زەمەن دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لەبەر ئەوەی رێڕەوی زەمەن لە بازنەیەکی داخراودایە لەگەڕانەوەی سەرمەدیدا.

رابردووی ئێستا و ئێستای رابردوو بە دوای یەکتردا دێن. لێرەدا نیتشە لەو باوەڕەدا بووە، کە توانیویەتی بیرۆکەی رابردووی رەها لەناو ببات و هەروەهاش توانیویەتی ئەو دەسەڵاتەی رابردوو سەرنگوم بکات، کە دەستی بەسەر ویست (الأرادە)دا دەشکا. (ویل دیورانت) لەبارەی گەڕانەوەی سەرمەدی لای نیتشە دەنووسێت: نیتشە قایل نەبوو خواوەندێک لە شێوەی خۆی دروست بکات. بەڵکو ویستی نەمری بۆ خۆی تۆمار بکات، لەبەر ئەوە وتی، هەموو شتێک لەو ژیانەدا چەندەها جار بەبێ کۆتایی بەدوای یەکتردا دووبارە دەبنەوە، تا نیتشەش خۆی دووبارە دەگەڕێتەوە، ئەو ئەڵمانیایەی خاوەنی خوێن و ئاسن و جەنگ و ئاگرو خۆڵەمێش بوو دووبارە دەگەڕێتەوە، هەروەک چۆن هەموو هەوڵ و کۆششەکانی عەقڵی مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتای رۆژگاری جەهالەتەوە دووبارەیە، هەتا (زەردەشت)یش دەگەڕێتەوە. ئەمە بۆ چوونێکی پڕ مەترسییە، بەڵام چۆن دەکرێ وانەبێت؟

شێوەکانی حەقیقەت سنووردارو دیارکراون، بەڵام زەمەن

بێ کۆتایی و بێ سنووره. دەبێت رۆژێک ژیان و مادده بەو شێوەیە کۆببنەوەو تێکەڵ یەکتر ببنەوە وەک پێشتر کە لەگەڵ یەکتر هاوتەبا بوونە. بەم شێوەیە مێژوو جارێکی دیکە خۆی دووبارە دەکاتەوە. مێژوو دەست پێ دەکاتەوە، هەروەک چۆن پێشتر دەستی پێ کردووە، کۆتاییشی دێت هەروەک چۆن پێشتر کۆتایی پێ هاتووە[٢٩]. کاریگەرێتیی بیرۆکەی گەڕانەوەی سەرمەدی نیتشە بەشێوەیەکی ئاشکراو روون لەسەر بۆ چوونەکانی شپنگلەر دەردەکەوێت[٣٠] ئەویش لە میانەی باسکردنی ئەو بیرمەندە لەچارەنووسی شارستانییەتەکان و مەدەنییەتەکان. بە بۆچوونی شپنگلەر ئەو چارەنووسە لەبازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە. هەر شارستانییەتێک کاتێک لەوپەڕی گەشە کردنیدایە، ئینجا بەرەو هەرەس هێنانی دەچێت، ئەو کاتەش مەدەنییەت لەهەناوی ئەو شارستانییەتە هەرەس هێنراوە دێتە دەرەوە، شپنگلەر کتێبەکەی (هەرەس هێنانی شارستانییەتی رۆژئاوا)[٣١] لەژێر کاریگەرێتیی فەلسەفەی نیتشەدا نووسیوە، کە تێیدا باس لەو مێژووەی خۆرئاوا دەکات، کەلە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە. بەم پێیە هەمان بۆچوونەکانی نیتشە لەمەڕ گەڕانەوەی سەرمەدی، لەفەلسەفەی مێژووی ئەو بیرمەندەدا رەنگ دەدەنەوە.

ئەم بیرۆکەیەی نیتشە لە زانستی نوێ رەخنەی زۆری لێ دەگیرێ هەرچەندە نیتشە هەوڵی ئەوەشی داوە بتوانێت لەرووی زانستییەوە راستی ئەم بیرۆکەیەی بسەلمێنێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم بیرۆکەیەی نیتشە چەندین رەخنەی لێ دەگیرێ.[٣٢]



دەشێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کەلە راستیدا ئەم بیرۆکەیە زیاتر راڤەکردنێکی شاعیرانەی نیتشەیە سەبارەت بە گەردوون و بوون و ژیانەوە، لەبەر ئەوە نیتشە هەرچەندە هەوڵی ئەوەشی دابێت کەلە رووی زانستییەوە ئەم بیرۆکەیە بسەلمێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت، ئەوبیرو بۆچوونە بنچینەیەی نیتشەمان لەبیر بچێتەوە، کە لەمیانەی رەخنە گرتنی لە میتافیزیکیاو فەلسەفە بەگشتی، عەقڵ و هەستەکان بەوە تاوانبار بکات کەبەشداری دەکەن لە شێواندنی واقیع و راستییەکاندا. جا ئەگەر نیتشە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بووبێت، ئەوا هۆکارێکی نازانستییانەی گرتۆتەبەر بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، چونکە راڤە کردنی هونەری و پشت بەستن بە خواستراوەکان دوواجار دەبێتە گرنگترین هۆکارو بەرچاوترین رێگاچارەی فەلسەفییانە لەپێناو زاڵبوون بەسەر نابووتی واقیعێکدا. دەبێت ئەفسانەیەک، یاخود راڤەکردنێکی هونەری و شاعیرییانە لە ئارادا بێت، بۆ ئەوەی ئەو واقیعە نابووتە فەرامۆش بکرێت. سۆپەرمانیش ئەو مرۆڤە خەیاڵئامێزەیە، کە زۆر وەفادارانە لەسەر رووی زەویدا دەژیت و واقیعی نابووت فەرامۆش دەکات. نیتشە لەسەر زاری زەردەشتەوە دەڵێت: ئەو گڵپە ئاگرە لە کوێیە، تا پاکتان بکاتەوە. ئەو شێتایەتییە لەکوێیە، کە دەبێت دەست بەسەرتاندا بگرێت؟ ئەوە ئێستا باسی سۆپەرمانتان بۆ دەکەم، سۆپەرمان جگە لەو گڵپە ئاگرە و شێتایەتییە هیچی دیکە نییە[٣٣]. یانکولاڤرین وای بۆ دەچێت، کە نیتشە ئارەزوویەکی (ئایینی) شاراوەی هەبووە، لەبەر ئەوە بیرو بۆ چوونەکانی لەمەڕ دیۆنیسۆس و

گەڕانەوەی سەرمەدی دەبنە دوو ئەلتەرناتیف، کە ئەمەش بەپلەی یەک لەپێناو رازی کردنی غەریزەی ئایینی خۆی دەیانخاتە روو.«[٣٤]» لایەنگیری کردنی نیتشە بۆ دیۆنیسۆس، خواوەندی شەراب و سەما، لە بەرامبەر ئەپۆڵۆی خواوەندی عەقڵ و ئاشتی و ئارامی، لەهەمان ئەوبۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێت، کەلای ئەو عەقڵ، واقیع دەشێوێنێت.

نیتشە لە درێژایی ژیانی فیکرییدا، بە دوای چارەسەرێکی هونەرییانەی ژیاندا لەگەڕاندابوو، هەروەک چۆن لەکتێبەکەیدا (لەدایک بوونی تراژیدیا) بەشان و باڵی ئەو هونەرە بەرزەی یۆنانیدا هەڵدەدات کە دژی رۆژگاری جەنجاڵی ئەوسا تێدەکۆشا، مۆسیقای ڤاگنەر لای ئەو لەو سەردەمەی ئەو تێیدا دەژیا شوێنی ئەو هونەرەی یۆنانی گرتبۆوە، بەڵام دوای ئەوەی نیتشە بێ ئومێد بوو لەکارە هونەرییەکانی مۆسیقای ڤاگنەری هاوڕێی و پەنای بردە بەر ئەفسانەی دیۆنیسۆسی خواوەندی ئەفسانەی یۆنانی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو مەستی و سەرکێشییەی ئەودا رۆحی سەما بکات. لێرەدا (مورادی فەرهادپور) دەڵێ: لەبەرهەمەکانی دوایی نیتشەدا، نیتشە جیاوازییەکانی نێوان ئاپۆڵۆنی و دیۆنیسۆس بەلاوە دەنێت و هەوڵی ئەوە دەدات بنچینەی سەرنجدانی ئیستاتیکیەکانی جیهانی بۆ بەرگری کردن لە مەستی دیۆنیسۆس رابکێشێت. ئەم دابڕانەی نیتشە کەبەشێکە لە بزووتنەوەیەکی گشتی بیری ئەو فەیلەسووفە بەرەو جەمسەری ئیستاتیکا، هاوکات بوو لەگەڵ دابڕانی لەگەڵ ڤاگنەرو شۆپنهاوەر«[٣٥]»

سەرەڕای ئەوەی نیتشە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ ڤاگنەر دەپچڕێت و پاشان رەخنە لەبەرهەمە هونەرییەکانی



دەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڤاگنەر کاریگەرێتییەکی بەردەوامی بەسەر ئەوەوە هەبووە. لەبەر ئەوە پێمان سەیر نییەو جێگای سەرسوڕمانیش نییە کە نیتشە لەدوایین کتێبیدا (ئەمەیە مرۆڤ) دەنووسێت: بە شێوەیەکی گشتی من هەرگیز ناتوانم بەبێ مۆسیقای ڤاگنەر، لاوێتی خۆم جۆش بدەم، لەبەر ئەوەی من بەسەر ئەڵمانیەکاندا سەپێنرام. ئەگەر کەسێک بیەوێت لە کۆت و بەندی دژوارییەکی سەخت و تەحەمول نەکراو دەربازبێت، ئەوا ئەو کەسە پێویستی بە حەشیشە هەیە، منیش پێویستیم بە ڤاگنەر هەیە.«[٣٦]»

ئەوانەی لەبیری نیتشەیان کۆڵیوەتەوە، فەلسەفەکەی ئەویان بۆ سێ قۆناغ دابەش کردووە.«[٣٧]»

قۆناغی یەکەم رۆمانسیزم، کەلە نێو ساڵانی (١٨٦٩–١٨٧٦)دا بووە؛ قۆناغی دووەم، پۆزیتیڤی رەخنەیی (١٨٧٦–١٨٨٢)؛ قۆناغی سێیەم سۆفیگەری (١٨٨٣– ١٨٨٨)، هەر چەندە نیتشە لە قۆناغی یەکەمدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شۆپنهاوەرو ڤاگنەرەوە، بەڵام وەک بۆمان دەردەکەوێت لە قۆناغی سۆفیگەریدا بیری نیتشە سەبارەت بە بوون و ژیان و گەردوون و هەروەها باسکردنی ژیان و بوون وەک ئەوەی لە گەڕانەوەو چەند بارە بوونەوەیەکی سەرمەدی و هەمیشەییدا بن، ئەمانە ئەو خاسیەتەی بیری نیتشە پێکدەهێنن، کە دەتوانین بە حاڵەتێکی سۆفیزمی دابنێین. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئامانجی سەرجەم سۆفیستەکان، هەڵکشانە بەرەو ئاسمان و ونبوون و توانەوەیە لەناو جیهانی میتافیزیکیاو نادیاردا، بەڵام سۆفیزمی نیتشە بە وەفا مانەوەیە بۆ سەر زەمین.

## سەرچاوەو پەراوێزەكان:

١- بوخينسكي- تاريخ الفلسفة المعاصرة في اوربا. ت: محمد عبد الكريم الوافي- مكتبة الفرجاني- طرابلس- ليبيا- بلا. ص ٣٢.
٢- أميل برهية- تاريخ الفلسفة- الجزء الخامس.ت: جورج طرابيشي - ص٢٥٢ هەروەها بڕوانە- الموسوعة الفلسفية.
٣- نيتشه. د. فؤاد زكريا. ص ٧٣، ص٧٤
٤- اميل برهيه، تاريخ الفلسفة. الجزء الخامس. ص ٢٤٥
٥- ويل ديورانت: قصة الفلسفة. ص ٣١٥
٦- كۆلن ولسن- مابعد اللامنتمي، ت: يوسف شروروو عمر يمق. بيروت ١٩٨١ ص ٧٦
٧- فردريك نيچة. آنك انسان، ت: رويا منجم ص ١٥٥؛ نيتشه د. فؤاد زكريا ص ١٣٨،..
٨- هكذا تكلم زرادشت- ص ٢٥٣
٩- ربيع الفكر اليوناني. عبد الرحمن بدوي. ص ١٠٠
١٠- فريدريك نيتشه- الفلسفة في العصر المأساوي اليوناني، ت: سهيل القش(ص ٥٠، ٥١، ٥٢)
١١- قصة الفلسفة اليونانية. احمد أمين وزكي نجيب محمود- الجزء الاول. ص٦
١٢- نيتشه د. فؤاد زكريا- ص ١٣٧
١٣- الفلسفة عند اليونان د. أميرة حلمي، ص٩٩- ١٠٠
١٤- نيتشه: د. فؤاد زكريا، ص ١٣٧
١٥- الفلسفة عند اليونان -د. أميرة حلمي سەرچاوەي پيشوو- ص ٤٠٥



١٦- الفلسفة في العصر المأساوي اليوناني. فريدريك نيتشة. ص.٥٠ ص٥١
١٧- آنك انسان، فردريک نيچه، سەرچاوەی پێشوو- ص ١٥٥
١٨- آنك انسان، فردريک نيچه، سەرچاوەی پێشوو- ص ١٥٥
١٩- نيتشه. عبدالرحمن البدوي. ص ٢٥٢
٢٠- نيتشه. عبدالرحمن بدوي. ص ٢٥٢
٢١- نيتشه. عبدالرحمن بدوي ص ٢٥٣
٢٢- هكذا تكلم زرادشت- ص ٢٤٩
٢٣- چنين گفت زردشت: ترجمە: داريوش آشوري- تهران، چاپ هشتم. ص ٣٢٥
٢٤- فرهنگ - ويژەنامه علوم اجتماعی- كتاب پانزدهم- مؤسسات مطالعات و تحقيقات و فرهنگی - پژوهشگاه- وابسته به وزارت فرهنگ و آموزش عالي، پائيز- ١٣٧٢ ص٧٥
٢٥- نيتشه. د. فؤاد زكريا ص.١٤٠
٢٦- نيتشه. هەمان سەرچاوە ص ١٤١
٢٧- نيتشه. هەمان سەرچاوە ص ١٤٢
٢٨- نيتشه. هەمان سەرچاوە ص ١٤٣
٢٩- قصة الفلسفة. ويل ديورانت- ص ٥٢٢، ص ٥٢٣
٣٠- الانسان و الحضارة. د. فؤاد زكريا. ص ٥٧
٣١- تدهور الحضارة الغربية. اسوالد اشبنغلر. ت: احمد الشيباني- بيروت. بلا- جزءان.
٣٢- يانكو لافرين- نيتشه. ص ١١٠
له بيرۆكەی (گەڕانەوەی سەرمەدی)دا نكولی لەپەرەسەندنی مێژوو دەكرێت، لەبەر ئەوە لەلايەن بيری دیالێكتيكيدا ئەم بيرۆكەيە رەخنەی لێ دەگيرێت.

٣٣- هكذا تكلم زرادشت. سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٤- ٣٥
٣٤- نيتشه. يانكولا فرين. ص ١٠٨
٣٥- ارغنون، فصلنامه فلسفی- ادبی- فرهنگی. سال اول، شماره (٣) پائيز ١٣٧٣- تهران ص ١٠٩
٣٦-آنك انسان- سەرچاوەی پێشوو- ص ٩١- ٩٢
٣٧- نيتشه، د. فؤاد زكريا. ص ٤٣

# IV

## فەلسەفەی مێژوو، مەعریفە، ئەخلاق

هیگڵ (١٧٧٠- ١٨٣١ز) لە میانەی تێزەکانیدا، لەمەڕ مێژووی پەرەسەندنی ڕۆحەوە، لەو باوەڕەدا بوو کە توانیویەتی وەڵامێکی پۆزەتیڤانەی مێژووی مرۆڤایەتیی ئەوروپی بداتەوە، لەبەرئەوە گەشبینانە تەفسیری مێژوو دەکات. بەڵام لەگەڵ هاتنە کایەوەی فەلسەفەی نیتشەدا، مرۆڤی ئەوروپی ڕێگای لێ ون دەبێت و ئەو گەشبینییەی نامێنێت کە فەلسەفەی هیگڵ پێی بەخشی بوو.

هیگڵ و نیتشە لەوەدا بۆچوونەکانیان لەگەڵ یەکتردا یەک دەگرنەوە، کە هەردووکیان باس لەو هۆشیارییە مێژووییە دەکەن کە لە سەرەتا یاخود لەرابردووی بیری ڕۆژئاوادا لە ئارادا بووە. هیگڵ و نیتشە لەمیانەی گەڕانەوەیان بۆ ڕەچەڵەکی بیری ڕۆژئاوا، هەردووکیان لە بیرمەندانی یۆنانییەوە دەست پێ دەکەن. بەڵام لەڕاستیدا هیگڵ بەهەموو ئەو شتانە ڕازی دەبێت کە لە مێژووی بیری ڕۆژئاوادا



ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەڵام نیتشە بەپێچەوانەوە، هەموو شتێک ڕەت دەکاتەوە. ئەو مێژووەی کە هیگڵ باسی لێوەدەکات و پلەو پایەکی بەرزی لەناو بیری ڕۆژئاوادا پێ دەبەخشێت، نیتشە هێرشێکی توندوتیژی دەکاتە سەر و دەیداتە بەر ڕەخنەیەکی بێ ڕەحمانەوە.

بەپێی بۆچوونی (کۆڵن وڵسن) نیتشە دەبووە فەیلەسووفێکی مەزنترو لە هیگڵیزمی تێدەپەڕاند، بەمەرجێک ئەگەر شێت بوون دەرفەتی ئەوەی پێ بدایە کە بەردەوامی بەکاروانە فەلسەفییەکەی خۆی بدات. لای (کۆڵن وڵسن) نیتشە تەنیا لەوەدا بە میراتگری هیگڵ دادەندرێت، کە جیهانی بیرکردنەوەو جیهانی مێژووی لەیەکتر جیانەکردۆتەوە.«[١]» لە بواری فەلسەفەی مێژوودا نیتشە دژی ئایدیالیزمی هیگڵ دەوەستێت، بە تایبەتی دژی بۆچوونی عەقڵانیی هیگڵە بۆ مێژوو. لەبەر ئەوەی لای نیتشە مێژوو کردارێکی عەقڵانی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، مێژوو پڕیەتی لەشتی نارێک و نامەعقووڵ و ناعەقڵانی... ئەمە جگە لەوەی لای نیتشە ئەوەی هەست بە بێ مانایی و بێ ئامانجی مێژوو نەکات، هەرگیز نازانێت چ شتێک لە پشت ئەوەدایە کەوا لە خەڵک دەکات مانایەک بەمێژوو ببەخشن..

هیچ گومان لەوەدا نییە کەدەتواندرێت هەست بەوە بکرێت کە مێژوو تاچ ڕادەیەک بەهێزە، کاتێک لەسەرجەم ئامانجە ئەخلاقی و ئایینییەکانیدا دابماڵدرێت.«[٢]»

لەبەر ئەوەی نیتشە بیرو بۆچوونەکانی لەسیستەمێکی فەلسەفی گونجاودا نەخستۆتە ڕوو، جا لەبەر ئەوەیە بۆچوونەکانی تێڕوانینی جۆراوجۆریان لێدەکەوێتەوە. یەکێک

لەو تێڕوانینانە ئەوەیە کە بۆچوونەکانی نیتشە لە تەوەرەی ئەو بۆچوونانە دەخولێتەوە کە تەفسیرێکی بایەلۆجییانە بۆ پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤ دەکەن. چونکە بەپێی تێڕوانینی نیتشە تەنیا بەهۆی ململانێ و تێکۆشانی بێوچان دەتواندرێت مرۆڤ لەقۆناغی ژیانی ئێستای خۆیدا تێبپەڕێنێت و بگاتە قۆناغی مرۆڤێکی بەرز (سوپەرمان)«٣»

لە راستیدا کاتێک رووکەشانە سەیری بۆچوونەکانی نیتشە دەکەین لەبارەی سۆپەرمانەوە، ئەوکاتە دەبینین کە بۆچوونێکی بایەلۆجییانەی هەیە. بەڵام ئەگەر سەرنجێکی وردی فەلسەفەی نیتشە بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو فەلسەفەیە بانگەشە بۆ جۆرە مرۆڤێکی بەرزو نوێتر لە رووی بایەلۆجییەوە ناکات، بەڵکو رێبازەکەی لە جەوهەردا رێبازێکی رەوشتی و ئایینییە، نەک بایەلۆجی. نیتشە گرنگی بەو لایەنە زانستییانەی پەرەسەندن نادات کەلە میانەی دروستبوونی ئاژەڵی قسەکەر- مرۆڤ - باس لە ئەگەری هاتنەکایەوەی جۆرە پەرەسەندنێکی نوێ دەکەن. بەڵکو زیاتر گرنگی بەو توانا رۆحییەی کە مرۆڤ هەیەتی، دەدات.«٤»

فەلسەفەی مێژوو لای نیتشە رێڕەو و شێوازی دیارکراو بە خۆی وەردەگرێت. تێڕوانینی ئەو فەیلەسووفە لەهەمان ئەو بۆ چوونانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەمەڕ بەهاپێدان- هەڵسەنگاندن - التقییم - لەلایەن مرۆڤەوە هەیەتی. ئەخلاق لای نیتشە هیچ بنچینەیەکی سروشتیی نییە، بەڵکو مرۆڤ بەخۆی بەهای (ئەخلاقی)ی داهێناوە. ئیتر لەو ساتەوە مێژوو سەری هەڵداوە کە مرۆڤ بەهای ئەخلاقیی داناوە. بەم پێیە قۆناغی مێژوو لای نیتشە بریتییە لە قۆناغی ئەخلاق، بەڵام



قۆناغی پێش مێژوو، ئەو قۆناغەیە کە ئەخلاقی تێدا نەبووە. لە داهاتووشدا دەبێت مرۆڤ لە ئەخلاق تێبپەڕێنێت، ئەویش لە رێگای تێکشکاندنی سەرجەم بەها باوەکانەوە.«٥»

هۆکاری سەرەکی پەنابردنە بەر (زەردەشت)ی پەیامبەر لەلایەن نیتشەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زەردەشت یەکەم کەس بووە جیاوازیی لەنێوان چاکەو خراپەدا کردووە. باسی (ئاهورامەزدا)ی بەرپاکەری چاکەو (ئەهریمەن) بەرپاکەری خراپەی کردووە. واتە زەردەشت، رەوشت و ئەخلاقی داهێناوەو برەوی پێداوە. جا هەر ئەویش دەبێت لەسەردەمی نوێدا، لەم رۆژگارەدا بانگەشەی تێکشکاندنی بتەکان و بەهاکان بکات، لەبەر ئەوەی تاوانباری یەکەم ئەوە، بۆ ئەوەی ئەو تاوانەی خۆی بسڕێتەوە و خۆی پاکبکاتەوە، دەبێتەوە پەیامبەری سەردەم. بەڵام ئەمجارەیان نیتشە وای لێدەکات لەسەرووی چاکە و خراپەوە، زەردەشت بڕوانێتە ژیان و مزگێنی مرۆڤی بەرز- سۆپەرمان-بە خەڵک ببەخشێت.

نیتشە لەکتێبی (جینالۆجیای ئەخلاق)دا لەپێش بڕگەی کۆتایی بەشی دووەمدا دەنووسێت: ئەو مرۆڤەی دوا رۆژ؛ لەیەک کاتدا، لە ئایدیایەکی بەرز رزگارمان دەکات، هەروەها لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو مرۆڤە، لە خراپەکارییەکی گەورە، لە ویستی نەبوونی- عدم - ونیهیلیزم، ئەو زەنگەی لێ دروست بێت کەلە داهاتوودا بەنیوەڕۆ لێدەدات، زەنگی لێپرسینەوەی گەورە. ئەو رزگارکەرەی ئیرادە، ئامانج بۆ جیهان و هیوا بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە«٦».

پاشان نیتشە لەدوا بڕگەی ئەم بەشەدا دەڵێت: بەڵام من چیم لەوقسانە داوە؟ بەسە! بەسە! لێرەدا ناتوانم هیچ شتێک

بکەم جگە لەیەک شت: ئەویش بێ دەنگی: ئەگەر وانەکەم پێ داوێمە ناو کێڵگەیەک- بوارێک- کە کەسێک ناتوانێت لێی دەرباز بێت، مەگەر لەمن زۆر گەنجتر بێت. کەسێک دوارۆژی لە دوارۆژی من سەوزتر بێت... هێزێکی لە هێزی من مەزنتری هەبێت.. ئەو کەسەش کەمەبەستمە.. زەردەشتە.»[٧]

جۆرج لۆکاش لە کتێبەکەیدا لەمەڕ پەرەسەندنی ناعەقڵانییەت لەفەلسەفەی رۆژئاوادا، کەبەنێوی (تێکشکاندنی عەقڵ) بڵاو بۆتەوە، نیتشە بەدامەزرێنەری ناعەقڵانییەتی ئیمپریالیزمی دادەنێت. بەپێی بۆچوونی لۆکاش پاش ئەوەی ناعەقڵانییەت لە فەلسەفەی ئەڵمانییدا، شێوازی نێو دەوڵەتی وەرگرت، شلنگ و شۆپنهاوەرو کێیەرکگاردو نیتشە، یەک لەدوای یەک فەلسەفە ناعەقڵانییەتەکەیان بووەتە تەواوکەری یەکتر. هەریەک لەو فەیلەسووفانە، بەپێی بەرهەم و تێزەکانیان، بەشدارییان لەپەرەسەندنی ناعەقڵانییەتی سەرمایەداری کردووە، بەڵام دواتر نیتشە بەهۆی پەرەسەندی فیکری و گەشە کردن و دەوڵەمەند بوونی لەم بوارەدا، بووەتە دامەزرێنەری ناعەقڵانییەت لەبەرزترین قۆناغی سەرمایەداریدا، کە ئەو ژی ئیمپریالیزمە.. لۆکاش لەکتێبەکەیدا دەنووسێت: بەپێی تێڕوانینەکانی نیتشە تەنیا دەوڵەتێکی کۆنەپەرست و شەڕخواز کە لە خزمەتی بورژوازی ئیمپریالیستی دایە، دەتوانێت بەرگریی تەواو دژی مەترسییەکانی سۆسیالیزم بکات. تەنیا هاتنەکایەوەی هێزێک کە ئەم بەرگری کردنە ئەنجام دەدات، ئەو هیوایە بەنیتشە دەبەخشێت، کە بتواندرێت رۆژێک لە رۆژان بە یەکجارەکی چینی کرێکار



بخرێتە دەرەوەی ململانێیەکانەوە.»[٨] لای لۆکاش رەخنەی نیتشە لە سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئەڵمانیا، لەو گۆشە نیگایەوە سەرچاوە دەگرێت، کەئەم دەسەڵاتدارانە نەیانتوانیوە، هێزێکی لەم جۆرە دروست بکەن- کە هێزێکی بەربڵاو و فراوان بێت- یاخود دوودڵن، لەمیانەی بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی کارێکی پێویست لەم بارەیەوە..

بەهۆی شوێنی نیتشە، هەروەها بەهۆی ناشارەزایی لەکاروباری ئابووری و هەروەها ژیانی لە پێش سەرهەڵدانی ئیمپریالیزمەوە، توانای ئەوەی نەبووە رووە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئیمپریالیزم پێشبینی بکات. بەڵام ئەمانەش، ئەوا زیاتر ئاشکرای دەکەن، کە ئەخلاقی بورژوازی ئیمپریالیستی بەسەر کارەکانیدا زاڵ بووە.»[٩]

بۆ چوونەکانی لۆکاش دەربارەی فەلسەفەی نیتشە، لەو فەلسەفەیە سەرچاوە دەگرن، کەسەرجەم دیاردەکان لەیەکەیەکی پێوەندداردا دەبینێت، ئەویش فەلسەفەی مەتریالیزمی دیالیکتیکییە. بەپێی ئەم فەلسەفەیە هیچ دیاردەیەک گۆشەگیرانەو دوور لە کاریگەرێتی دیاردەکانی دیکە کار ناکات، بەڵکو سەرجەم دیاردەکان یەکەیەکی پەیوەندی و کار لەیەکترکردن بەرێوەیان دەبات.

لوسیان گۆڵدمان دەڵێت: هەموو سۆسۆلۆجیایەکی فیکر نکۆڵی لەوە ناکەن کە ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەریی لەسەر داهێنانی ئەدەبیدا هەیە. بەپێی مەتریالیزمی دیالیکتیک ئەمە بۆچوونێکی سەرەکییەو بەتایبەتی جەخت لەسەر گرنگی هۆکارە ئابوورییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.»[١٠] کاتێک نیتشە فەلسەفەکەی خۆی

خستە روو، ململانێ لە نێوان هەردوو سیستەمی سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا لەوپەڕی توندو تۆڵیدا بوو، چینی کرێکار کە زۆرینەی پێکهاتەی کۆمەڵ بوو، لەپشت سیستەمی سۆسیالیستی یەوە بوو. چینی بورژوازی کە ڕێژەیەکی کەمی کۆمەڵگای پێکدەهێنا، لەپشت سیستەمی سەرمایەدارییەوە بوو. ئالەو کاتەدا نیتشە، بەهەست و سۆزێکی شاعیرانەو سۆفیزمییانە، بەجەستەیەکی ناتەواو و نەخۆش لەگەڵ ئەفسانە یۆنانییەکاندا تێکەڵ ببوو. هەمیشە بەروحێکی ئەریستۆکراتییانە بەردەوامی بەخەوبینینی خۆی دەدا.. نیتشە بانگەشەی بۆ تاکخوازی دەکرد، لەبەر ئەوە دژی هەموو جۆرە بۆچوونێکی گەلە کۆمەکی دابوو. نیتشە سەرسەختانە دژی سەرجەم ئەو بەهاو بۆچوونانەی کە لە لایەن زۆرینەی خەڵک پیادەدەکران، دەجەنگا.

لۆکاش دەڵێت: فەلسەفەی نیتشە نوێنەرایەتیی هێرشێکی ئایدیۆلۆجی و میتۆدیی دژی چینی کرێکارو سۆسیالیزمی دەکرد، کەبە دوژمنی سەرەکیی خۆی دادەنا، ئەو فەلسەفەیەی لە کاتێکدا نەشونمای کرد کە ململانێی چینایەتی لەوپەڕی تیژ بوونەوەدا بوو، هەروەها لە کاتێکدا چەندان وەهم، هەرەسیان دەهێنا، ئەم فەلسەفەیە پێشوازیی لە پێشبینەکانی ئیمپریالیزمی دەکرد، کە لە هەناوی ئایدیۆلۆجیای سەرمایەدارییەوە سەریان دەردەهێنا.»[١١]

لۆکاش لە میانەی باسەکەیدا لەسەر نیتشە، پرسیار لەوە دەکات کە ئاخۆ مافی ئەوەی هەیە جەخت لەسەر ئەوە بکات، کارەکانی نیتشە بەدرێژایی ژیانی مشتومرێکی بەردەوامن دژ بە مارکسیزم و سۆسیالیزم؟ هەرچەندە کە ئاشکرایە ڕۆژێک



لە ڕۆژان نیتشە ڕستەیەک لە نووسینەکانی (مارکس و ئەنگلز)ی نەخوێندۆتەوە.»[١٢] لە میانەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، لۆکاش باس لەوە دەکات کە هەر فەلسەفەیەک ناوەرۆک و شێوازێکی دیارکراوی هەیە، هەر بۆیە ئەو فەلسەفەیە لەلایەن ئەو ململانێیە چینایەتییەی تێیدا سەرهەڵدەدات سنووری بۆ دەکێشرێت و ڕێڕەوەکانی دیار دەکرێت.

هێنری ئەیکن کاتێک دەیەوێت فەلسەفەی نیتشە دەستنیشان بکات، نیتشە لەگەڵ مارکس بەراورد دەکات، کە لێرەدا جێگای خۆیەتی باسی لێوە بکەین.

ئەیکن دەڵێت: نیتشە و مارکس هەردووکیان سەربە فەلسەفەی سروشتین و گرنگی بەشیکردنەوەی زانستییانە دەدەن لەمەڕ جیهانی سروشتی و شوێنی مرۆڤ تێیدا. ئەم دوو فەیلەسووفە هەردووکیان ڕۆمانسییانە بیردەکەنەوەو دژی بۆچوونە میتافیزیکییەکانن، دژی ئەوریێبازانەن کە لەگەڵ عەقڵ ناگونجێن و پارێزگاری لە کەلتووری سەدەکانی ناوەڕاست دەکەن.»[١٣]

بەڵام لەگەڵ ئەم وێکچوونانەشدا، نیتشە پێچەوانەی مارکس باوەڕی بەپێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی نەبوو، بەڵکو بۆچوونێکی ڕەشبینیانەی لەبارەی نەوەی نوێ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبووە. لای نیتشە ئەو نموونەیەی دەوڵەت کە هیگڵ باسی لێوەدەکات، لەئایندەدا دەبێتە نموونەیەکی بلوتۆکراتی، کەهەموو ئامانجێکی هەرشەڕو کوشتار دەبێت. لای نیتشە سۆسیالیزم و دیموکراسی تەنیا دەبنە شێوەیەکی دیکەی ئەخلاقی مێگەل- القطیع- کە

بەدرێژە پێدەری ئەخلاقی مەسیحی دادەنێت.«١٤»

بۆی هەیە نیتشە لەگەڵ (مارکس)دا سەبارەت بە زۆر لایەنی رەگ و ریشەیی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆچوونەکانیان لەگەڵ یەکتردا یەکبگرنەوە، بەڵام لەمیانەی گەڕان بەدوای رێگا چارە بۆ ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە جیاوازییەکی بنچینەییان هەیە.«١٥»

لەبەر ئەوەی نیتشە زێدەڕۆترین فەیلەسووفی سەردەمی نوێیە کە دژایەتی مێگەل و هاوکاری کۆمەڵایەتی دەکات. ئەو مێگەلانە لای ئەو نیشانەن بۆ جەماوەر. هەروەها لەبەر ئەوەی بەپێی بۆچوونی نیتشە ویستی هێز ئاماژەیە بۆ هاتنەدی ئامانجی تاکەکەس، لای ئەو فەیلەسووفە تا تاکەکەس لەکۆت و پەیوەندیی مێگەلدا بێت (هەرچەندە ئەوکۆت و پێوەندە لەخزمەتی بەرژەوەندیی گشتیشدا بێت) هەر وەرچەرخانێکی سیاسی و ئابووری رووبدات، ئەم وەرچەرخانە ناتوانێت تەنگو چەڵەمەکانی ژیانی نوێ چارەسەر بکات، بەڵکو هەروەک خۆی دەیهێڵێتەوە بەبێ گۆڕانکاری. ئالێرەدا.. جیاوازی رەگ و ریشەیی و بنچینەیی نیتشە لەگەڵ (مارکس)دا دەردەکەوێت، لەکاتێکدا فەلسەفەی مارکسی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی و ئامانجی هێنانەدیی بەرژەوەندییە گشتییەکانە، کە لە خزمەت زۆرینەی خەڵک دایە.

بەڵام نیتشە فەلسەفەکەی خۆی ئاراستەی تاکەکەس دەکات و بەدوای خەون و وڕێنەکانی تاکەکەسدا وێڵە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە کە وجوودییەکان، نیتشە بە یەکێک لەپێشەوایانی فیکری خۆیان دادەنێن، لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەکیی فەلسەفەی وجوودی بریتییە لە گرنگی دان بە



ئازادیی تاکەکەس و بڕیاردانی، هەروەها گرنگی دان بە لێپرسراوێتی تاکەکەس.. واتە تەوەرەی سەرەکیی فەلسەفەی وجوودی تاکەکەسە، تاکەکەسی بیرکەرەوە.«١٦»

بۆچوونی نیتشە لەمەڕ گرنگی دان بەتاکەکەس و فەرامۆشکردنی بەرژەوەندیی مێگەل وای لەم فەیلەسووفە کردووە، کە فەلسەفەی جۆن ستیوارت میل (کە بەفەلسەفەی سوودبەخشی – النفعیة – ناسراوە) بە (فەلسەفەی بەراز) لە قەڵەم بدات، سەرەڕای ئەوەش ئەو فەلسەفەیە بە ناتەواو دەزانێت، چونکە دەیەوێت کۆمەڵگا بکاتە خۆشگوزەرانییەکی بەرزی ماددی، بەڵام بەبێ خەون و خەیاڵ.«١٧»

جۆرج لۆکاش لە میانەی جەختکردنەوە لەسەر بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە تەعبیر کردنی فەلسەفەی نیتشە لە ئایدیۆلۆجیای ئیمپریالیزمی، باس لەوە دەکات کە نیتشە لەوەدا لەگەڵ داروینیزمە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکدەگرێتەوە، کە شیکردنەوەیەکی بایەلۆجییانەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. بەپێی بۆچوونی لۆکاش نیتشە لە نووسینەکانی دواییدا (ئاوابوونی بتەکان و ویستی هێز) دژایەتیکردنێکی داروینیزمی لێ بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیمایەکی هاوبەشی لەگەڵ داروینیزمە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، هەرچەندە بەشێوەیەکی روون و ئاشکراو جیاواز لەوان دەردەکەوێت.«١٨»

جیاوازیی نیتشە لەگەڵ داروینیزمە کۆمەڵایەتییەکان لەوەدایە، کە داروینیزمە کۆمەڵایەتییەکان تا ئەوکاتە باوەڕیان وابوو، کە لە ململانێ لە پێناوی مانەوەدا (صراع من أجل البقاء) سەرکەوتن بۆ بەهێزەکانە، کە ئەوانیش

سەرمایەدارەکانن. بەڵام لێرەدا نیتشە رەخنە لەو بۆچوونە دەگرێت کە بە رەخنەیەکی رەشبینانە دەناسرێت، لەبەرئەوەی لای نیتشە ئەو ململانێیەی کە لە پێناو ژیاندا لە ئاستی کۆمەڵایەتی روودەدات، بەپێی مەرجە سروشتییەکان، بێ هێزەکان سەردەکەون، واتە چەوساوەکان و جەماوەر کە داوای کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دەکەن. جا بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنە نەیێتەدی، پێویست بەوە دەکات هەنگاوی دیکە بهاویشترێت. ئیتر بەم جۆرە نیتشە داوای جۆرە حوکمەتێکی نوێ دەکات کە بەرەنگاری سەرکەوتنەکانی چەوساوان ببێتەوە. بەپێی بۆچوونی لۆکاش[١٩] ئەوکاتە ئەو بۆچوونەی نیتشە سەقامگیر دەبێت کاتێک نیتشە سەرنەکەوتنی (یاسای نائاسایی دژی سۆسیالیستەکان)[*]ی بۆ دەردەکەوێت و لەسەرمایەدارانی سەردەمی خۆی نیگەران دەبێت. لەبەرئەوەی بەپێی بۆچوونی ئەو، سەرمایەدارانی ئەوکات هێزێکی لەم جۆرەیان نەبووە کە خەونەکانی ئەو بهێننە دی. لۆکاش دەڵێت، ئەوانەی نکۆڵی لەوە دەکەن کە نیتشە فەیلەسووفێکی کۆنەپەرست بووبێت، لە بەڵگە هێنانەوەیاندا بەهەڵەدا دەچن، کاتێک باس لە رەخنەکانی ئەو فەیلەسووفە دەکەن کە لە «بسمارک»ی گرتووە، لەبەرئەوەی ئەوانە لە میانەی رەخنەگرتنی نیتشە لە (بسمارک) رەخنەی راستڕەو و رەخنەی چەپڕەوان لەیەکتر جیا ناکەنەوە. نیتشە لە روانگەیەکی راستڕەوانەوە رەخنەی لە بسمارک گرتووە، لەبەرئەوەی بسمارک بەپێی بۆچوونی نیتشە وەک پێویست نەبۆتە سەرکردەیەک کە بەراستی لە خزمەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیدا بێت...[٢٠] (ئویگن فنک) لە کتێبەکەیدا –



فەلسەفەی نیتشە – ١٩٦٠– کە دوای کتێبەکەی لۆکاش– (تێکشکاندنی عەقڵ) نووسراوە، ئەو راوبۆچوونانە بە پەسند نازانێت، کە فەلسەفەی نیتشە بە فەلسەفەیەکی ئیمپریالیزمی لە قەڵەم دەدات.[٢١]

(فنک) لەو باوەڕەدایە کە پراکتیکی سیاسییانەی خراپ و نابەجێ بوونەتە هۆی ئەوەی کە فەلسەفەی نیتشە بەشێوەیەکی رووکەشانە لێکبدرێتەوەو دوور لە حەقیقەتی خۆی سەیری بکرێت، لەبەرئەوەی چارەنووسی فەلسەفەی نیتشە وەک چارەنووسی سەرجەم فەلسەفە مەزنەکان بووە، کە تا ئەو رادەیە سادەو ساکاریان کردۆتەوە، کە مایەیان پووچبۆتەوە... فەلسەفەی ئەرستۆو لایبنتز و کانت و هیگڵ کەمتر تووشی ئەم چارەنووسە بوونە، ئەمەش بەهۆی قورسی شێوازی ئەم فەیلەسووفانە. بەڵام شێوازە سیحر ئامێزەکەی نیتشە، رێگا خۆشکەر بووە بۆ سەرنج راکێشان و بەهەڵە تێگەیشتن لێی.[٢٢]

ئەگەر بێت و سەرنجێکی هەمە لایەنانەی فەلسەفەی نیتشە بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕاستی کارێکی سەخت و دژوارە بتوانین هێڵێکی دیارکراوی تێدا بدۆزینەوە، بەڵکو زۆر جاران هەست بەوە دەکرێت کە جۆرە ناکۆکییەک لە فەلسەفەکەیدا هەیە. بەم پێیە حوکمدان بەسەر فەلسەفەی نیتشەدا، کە فەلسەفەیەکی ئیمپریالیزمییە، حوکمدانە لەسەر لایەنێکی دیارکراو و سنوورداری ئەو فەلسەفەیە، کە نابێت وەک حوکمێکی هەمەلایەنانەی سەرجەم بەرهەمی ئەو فەیلەسووفە لە قەڵەم بدرێت.

ئەگەر بێت و سەرنجێکی بیروبۆچوونی نیتشە بدەین

لەبارەی دەوڵەت و حکومەت، ئەوکات لایەنێکی دیکەی بیری نیتشەمان بۆ دەردەکەوێت، کە سەرجەم ئەو بیروبۆچوونانەی لایان وایە نیتشە خوازیاری جۆرە دەوڵەتێکی گەورەو زەبەلاح بووە، پووچەڵ دەکاتەوە. لە کتێبی (زەردەشت وای گوت)دا نیتشە لەسەر زاری زەردەشت لەژێر ناونیشانی (بتی نوێ) باس لە نەهامەتییەکانی دەوڵەت دەکات.«[٢٣]» زەردەشت پێمان دەڵێت، مەرگی میللەتان لە دەوڵەتدا بەدی دەکرێت. ئەو قسەیەش راست نییە کە دەڵێت دەوڵەت و میللەت یەک شتن، یاخود هاوتاو یەکسانن، جا لەبەرئەوە زەردەشت خەڵک وریا دەکاتەوە کە باوەڕ بەو درۆیانە نەکەن. لە میانەی ریسوا کردنی دەوڵەتدا، زەردەشت دەڵێت: سەیرکەن ئەوانە چۆن بەرهەمی داهێنەران و گەنجینەی زانایان دەدزن و ناو لەو دزینە دەنێن شارستانییەت، کەچی هەموو شتێک لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا دەبێتە نەخۆشی و کارەسات.«[٢٤]» لەو شوێنەی کە دەوڵەت نامێنێت، مرۆڤایەتی دەست پێ دەکات،.. لەو جێگایەی کە دەوڵەتی تێدانییە، سەیرکەن هاوڕێیان بزانن لەژێر پەلکەزێڕینەدا سۆپەرمان نابینن؟«[٢٥]»

لێرەدا نیتشە لەسەر زاری زەردەشت بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت، کە دەرکەوتنی سۆپەرمان لەوکاتەدایە، کە دەوڵەت و حکومەت نامێنن، لەبەرئەوەی دەوڵەت دەبێتە ناخۆشترین و خراپترین زیندان بۆ مرۆڤ. نیتشە بەدوای ژیانێکدا وێڵە کە مرۆڤ تێیدا پابەندی هیچ کۆت و پێوەندێک نەبێت، تاکە کەس جگە لەو رەوشتەی کە لەناوەوەی خودی خۆیدا هەستی پێ دەکات هیچ رەوشتێکی دیکە لە دەرەوەی خودی خۆیدا حوکمی لەسەر نەکات. سەما کردن ئەوپەڕی



هەستکردنی مرۆڤە بە ئازاد بوون لەسەرجەم کۆت و پەیوەندەکان، هەر لەبەرئەوەشە زەردەشت دەڵێت:«ئەو خواوەندەی کە وام لێدەکات باوەڕی پێ بهێنم، ئەو خواوەندەیە کە دەتوانێت سەما بکات.»«[٢٦]» نیتشە بانگەشە بۆ تاکخوازی دەکات و دەیەوێت لە میانەی خودی تاکە کەسدا فەلسەفەکەی خۆی بچەسپێنێت و بە پراکتیکی بکات، تاکە کەسێک کە دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە پێشەوایەک، ببێتە مرۆڤێکی بەرز واتە سوپەرمان. رەخنەگرتنی نیتشە لە سۆسیالیزم و دیموکراسی لەو گۆشە نیگایەوەیە کە ئەم دەرفەتە بۆ مرۆڤ ناڕەخسێنن.

مێگەل بەبێ شوان! هەموو خەڵک بەرەو یەک ئارەزوو دەچن، یەکسانی لە نێوان هەمووواندا لە ئارادایە، هەر کەسێک هەستێکی جیاوازی هەبێت لەو هەستەی کە خەڵک هەیانە، بەپێی خۆی بەرەو شێتخانە دەچێت...«[٢٧]»......نامۆترین و ناخۆشترین شتێک بۆ زەوقی ئەمرۆکە وەک ئەخلاقی دەسەڵاتدارانە، کە بەپێی پرنسیپەکەی دەڵێت:

هەر کەسێک تەنیا لەبەرامبەر هاوتای خۆیدا ئەرکێکی هەیە. ئەوەی کە لە خوارەوەی خۆیەتی و وەک خۆی نییە، دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی رەفتاری لەگەڵدا بکات، یاخود بەهەرحاڵ دوور لە خێروشەڕ هەڵسوکەوت بکات، لێرەدا رەحم پێ کردن و شێوەکانی دیکەی بەزەیی پێهاتنەوە شوێنی خۆیان دەدۆزنەوە..«[٢٨]».

ئەو تاکخوازییەی نیتشە بانگەشەی بۆ دەکات، لەسەرجەم بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە رەوشت (ئەخلاق) و ویستی هێزو

سۆپەرمان و مەعریفە (زانین)دا بەشێوەیەکی ئاشکراو روون بەرچاو دەکەوێت.رەخنەی نیتشە لە ئەخلاقدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەخلاقەکان مۆرکی مێگەلییان پێوەلکاوەو تاکەکەس هیچ رۆڵێکی لە دروستبوونیاندا نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو ئەخلاقە باوانەی ناو کۆمەڵ، کۆت و پێوەندێکن کەسایەتی تاک دەسڕنەوە. ویستی هێز هەر لەلایەن تاکەکەسەوە بوونی هەیە، سۆپەرمان تاکە کەسێکە لە مرۆڤی رەمەکی و ئاسایی تێپەڕاندووە.

لەمەعریفە (زانین)دا نیتشە دژی زانینی بابەتی دەوەستێت و جەخت لەسەر ئەو جۆرە زانینە دەکاتەوە کە خودی تاکەکەس دەستی دەکەوێت..... هیچ گومان لەوەدا نییە کە نیتشە نەیویستووە و هەوڵی ئەوەی نەداوە کە سیفەتێکی بابەتیانە بەهیچ جۆرە زانینێک بدات، لەبەرئەوەی هەموو زانینێک (مەعریفە) جۆرێکە لە دۆزینەوە کە خودی کەسێک لەمیانەی چارەنووسی تایبەتی خۆی پێیهەڵدەستێت و ئەنجامی دەدات. ئەو زانینە هاوتای هەمان چارەنووسی ئەو کەسەیە... لە پرۆسەی مەعریفە (زانین)دا ژیری لە دەرەوەی دۆزینەوەکەدا نییە، بەڵکو خۆی بابەتی دۆزینەوەکەیەو لەبەرئەوەی مەعریفە گرفتێکە، قەیرانی بوون و نەبوونە، کەواتە ژیری بە بابەتییانە (الموضوعیة) رازی نابێت، چونکە ناتوانێت بێ لایەن و دەستەوەستان بێت لە بەرامبەر مەسەلەی چارەنووسی خۆی. ئەو زانینەی کە نیتشە بانگەشەی بۆ دەکات، (هەروەها سەرجەم وجوودیەکانیش باسی لێوەدەکەن) بەختیاری و شادی بەبوون دەبەخشێت تارادەی سەما کردن.«[۲۹]»



نیتشە بە درێژایی ژیانی و بە بەردەوامی رەخنەی لەو بۆچوونانە دەگرت کە دژی عەفەوییەتی بیری ئازادبوونە. لە کتێبی (دانایی شاد)دا بەشێوەیەکی توندوتیژ هێرش دەباتە سەر نموونەکانی ژیانی بەرچاو... گومان لەوەدانییە کە بابەتیبوون تا رادەیەک بە هەڵەداچوون و شاردنەوەی نهێنییەکانی بوونە بەشێوەیەکی یەکجارەکی، لەبەر ئەوەی بابەتیبوون (الموضوعیة) وا لە هۆشیاری دەکات کە تەنیا شتە دیارو بەرچاوەکانی واقیع ببینێ، رێگا چارەی میانگیرییانە بۆ مەسەلەکان دادەنێت، هەروەها کەسایەتی مرۆڤیش دەسڕێتەوەو سەرنگومی دەکات.«[۳۰]» لۆکاش لە میانەی رەخنەکانی لە فەلسەفەی نیتشە، لەبارەی مەعریفەوە بۆچوونەکانی نیتشە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەرنست ماخدا هاوجووت دەکات، لەبەرئەوە دەنووسێت: نیتشە لەگەڵ هێڵە گشتییەکەی فەلسەفەی ماخدا کە زۆر بە فراوانی ناسراوە، بەوەفا دەمێنێتەوە، ئەو فەلسەفەیەی دژی ئەو بۆچوونانە بوو کە لایان وابوو دەتواندرێت واقیعی بابەتی بناسرێت.«[۳۱]»

هەڵوێستی نیتشە لەمەڕ وەستانی دژی بابەتییانە لە مەعریفەدا لە تاکخوازییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو تاکخوازییەی رەگ و ریشەی دەچێتەوە بۆ سەر رێبازی سۆفیگەری، کە لە قۆناغەکانی دوایی ژیان و بیری نیتشەدا، بەشێوەیەکی ئاشکرا و روون، بەرچاو دەکەوێت. ئەو هەست و سۆزە سۆفیگەرییانەی سروودی سۆپەرمانیان دەچڕی.

سیمون دی بوڤوار لە کتێبەکەیدا (واقیعی بیری راستڕەو) دەنووسێت: ئەخلاقی بۆرژوازی بەرەو لایەنی رێبازی سۆفیگەری دەڕوا.«[۳۲]» بیرمەندانی بورژوازی بۆ سەلماندن و

چەسپاندنی ڕێبازی سۆفیگەرییانەی خۆیان هەمیشە بەڵگە دەهێننەوە، ئەو بەڵگەیەش فەلسەفەیەکی تراژیدی مێژوویی ڕەشبینانەیە، کە زۆرجاران ئەو ڕەشبینییە، گەشبینییەکی گەردوونی جیهانی لەگەڵدایە، ئەویش لەوکاتەدا کە دەڵێت: مێژوو ریسوا کراوە، بەڵام جیهان بەشێوەیەکی گشتیی باشە، دیارە ئەمەش بەهۆی پابەندبوونی مرۆڤە بەقەدەرەوەو، دڵسۆزبوونی مرۆڤە بۆ چارەنووسی خۆی. نیتشە بانگەشەی بۆ خۆشەویستی قەدەر دەکرد. ئەو دەیگوت دەبێت بڵێین: بەڵێ بۆ ژیان... هەندێ بیرمەند دوای نیتشە دەچنە ژێر رکێفی ئەو بۆچوونە و زۆر ئازایانە، پێشوازیی لێ دەکەن. بۆ نموونە (مۆنترلان) بەدرێژایی ژیانی وازی لەو باوەڕە نەهێناوە کە دەڵێت: هەموو شتێک باشە، لە ساڵی (١٩٢٥)دا دەنووسێت: بەڵێ هەموو کەسێک لەسەر هەقە... راوچی و نێچیرەکەی، یاساو ئەوانەی پێشێلی یاسا دەکەن. لە ساڵی (١٩٣٨) (مۆنترلان) ئەم بۆچوونەی بە شێوەیەکی دیکە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: بەچ ڕۆحێک ئێمەی بەختیار و دڵشاد دەتوانین خۆمان لەبەردەم ئەو نائومێدییەی جیهان رابگرین؟. هەروەک چۆن خۆمان رادەگرین کاتێک دەزانین نیویۆرک لە تاریکیدایە و لە هەمان کاتدا تیشکی خۆر پاریس ڕووناک دەکاتەوە.«٣٣» سیمۆن دی بوڤوار لەو ڕوانگەیەوە سەیری فەلسەفەی نیتشە دەکات کە لە دەروازەی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: راستی یەک شتە، بەڵام هەڵە زۆر شتە«٣٤» لەبەرئەوەی بیری ڕاسترەوی بورژوازی هەڵەیە، بۆیە چەندان ڕێباز بە خۆوە دەگرێت.... بیرمەندانی بورژوازی شەرم لەوە ناکەن و بێ سڵەمینەوە بیروبۆچوونەکانی شپنگلەر و برنهام



و یاسپێرزو چەندانی دیکە وەردەگرن و تێکەڵ بەیەکتریان دەکەن، ئەوەی کە لایان پەسند بێت هەڵیدەبژێرن.

نیتشە ئەگەر راستەوخۆ نوێنەرایەتی بیری بورژوازی ڕاسترەو نەکات، ئەوا دەکەوێتە بەر شاڵاوی ڕاسترەوی بیری بورژوازییەوە، تا وەکو ئەوەی لە فەلسەفەکەی ئەودا لەگەڵ بەرژەوەندییان دەگونجێت بۆ خۆیان هەڵیدەبژێرن و پەسندی دەکەن، کە دواتر وەک پشتگیری کردنێکی مێژوویی و فەلسەفی بۆ بەڵگە هێنانەوەیان سەبارەت بە رەسەنایەتی بۆچوونەکانیان بەکاری دەهێنێت، هەروەک چۆن لەلایەن بیرمەندانی بۆرژوازی –نازی– ئەڵمانی ئەمە روویدا. لەمیانەی باسکردنی تاکخوازییانەی نیتشەوە، پێویستە باس لە ئەنارشیزم (الفوضویە) بکەین، کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ فەلسەفەی تاکخوازیدا هەیە. سەدەی نۆزدەیەم زەمینە خۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی زۆربەی ئەو ڕێبازانەی کە دواتر دەبنە خاوەن مێژوویەکی دیارکراوی خۆیان، هەروەها کاریگەریی خۆشیان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەکانی سەدەی بیستەم بەجێ دەهێڵن، یەکێک لەو ڕێبازانەش ئەنارشیزمە. ئەگەر ئەنارشیزم رەنگدانەوە، یاخود دەربڕینێک بووبێت لە سایکۆلۆجیای مرۆڤی سەدەی نۆزدەیەمدا کە لەو سەردەمەدا وێڵی تراویلکەی ئازادی بوو، ئەوە ئەو مرۆڤە کە هەستی بە ناکۆکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکردو وای دەزانی دەوڵەت هۆکاری سەرەکی ئەو ناکۆکییانەیە، جا لەبەرئەوە، ئەو مرۆڤە دژی دەوڵەت دەوەستێت و بەگۆشەگیری دەمێنێتەوە. دەتوانین بەرچاوترین نموونە لە دژایەتیکردنی دەوڵەت لە فەلسەفەی سەدەی

نۆزدەیەمدا لە فەلسەفەی نیتشە بەدی بکەین، هەروەک چۆن لە کتێبی (زەردەشت وای گوت) بەشێوەیەکی ئاشکراو روون زەردەشت هێرش دەباتە سەر دەوڵەت و وەک دیاردەیەکی شارستانی خۆرئاوا بەبتی نوێ ناوی دەبات.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو تاکخوازییەی نیتشە بانگەشەی بۆ دەکرد، لە میانەی تێکشکاندنی ئەخلاق و داب و نەریتەکان و یاساکانی دەوڵەت دایە، دواجار دەوڵەت لەلایەن ئەوەوە دەبێتە ئەو دڕندەیەی کە میللەت و تاکەکەسیش بەدەستییەوە گۆڕەوشار دەدرێن. جا ئەگەر ئەنارشیزم وەک بزووتنەوەیەکی مشەخۆر، لە هەناوی سۆسیالیزمدا سەری هەڵدابێت و پاشان لێی جیابووبێتەوەو دژایەتیشی بکات، ئەوە هیچ گومان لەوەدانییە کە نیتشە لە بیروبۆچوونەکانیدا دژایەتییەکی سەر سەختانەی سۆسیالیزمی کردووە. لەبەرئەوەی ئەو رەوشت و ئاکارەی سۆسیالیزم بانگەشەی بۆ دەکرد، لای نیتشە بەدرێژە پێدانی هەمان رەوشتی مەسیحی دادەنرا کە ئەویش رەوشتی کۆیلە بوو، کە چاوچنۆکی و بێ هێزییان وایان لێدەکات دژی خاوەن موڵکەکان و بەهێزەکان بوەستن. هێنری ئەرفون دەڵێت: بنەماکانی فەلسەفەی ئەنارشیزم زیاتر لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا بەرچاو دەکەون نەوەک لە فەلسەفەی عەقڵانیی فەرەنسیدا.«٣٥»

ئەو پێشبینییەی نیتشە لە (ویستی هێز)دا باسی دەکا، کاتێک لەمەڕ دیاردەی نیهیلیزم دەدوێ و دەڵێت: ئەو چیرۆکەی دەیگێڕمەوە، لە راستیدا مێژووی دوو سەدەی داهاتووە، چیرۆکی ئەوەی کە لەداهاتوودا روودەدات و ناکرێت روونەدات، بەڵکو هەردەبێت رووبدات، دەگێڕمەوە. ئەو



چیرۆکەش بریتییە لە بەرز بوونەوەی شەپۆلی نیهیلیزم. ئەو پێشبینییەی نیتشە لەو شێوازو رەفتارە تیرۆریستانە دەبینێت، کە دواتر ئەنارشیستەکان پەیڕەوی دەکەن. هەر لەبەرئەوەشە وەک بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی دەناسرێن.«٣٦» واتە تیرۆری ئەنارشیزم ئەو نیهیلیزمە بوو، کە نیتشە پێشبینی کردبوو لە بیری خۆرئاوادا، هەروەها بەدیاردەیەکی حەتمی دادەنا کە دەبووایە لە شارستانی خۆرئاوادا سەرهەڵبدات و نەدەبوو چاوەڕوانی سەرهەڵدانی نەکرابووایە. لە راستیدا ئەو پێشبینییەی نیتشە زۆر لێکدانەوەی دیکەشی بۆ دەکرێت، وەک ئەوەی کە پێشبینی نیتشە بوو بێت سەبارەت بە سەرهەڵدانی نازیزم و ئیمپریالیزم لە شارستانی خۆرئاوادا. کە رۆژئاوا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی خۆیان لە قۆناغێکی وا ئاڵۆزدا بینییەوە، کە بووە هۆی نیگەرانی بۆ سەر مرۆڤایەتی و مێژوویەکی جەنجاڵ و پڕ لە شەڕو ململانێ و خوێن رشتن تۆمارکرا.

ماکس ستێرنەر (١٨٠٦-١٨٥٦) بیرمەندێکی ئەنارشیستی ئەڵمانییە. ئەم بیرمەندە کاریگەرێتیی خۆی هەبووە بەسەر بیرمەندانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەڵمانیادا، بەتایبەتی لەوکاتەی ئەو کتێبەی (تاک و موڵکەکەی) لە ساڵی (١٨٤٤)دا (ساڵی لە دایکبوونی نیتشە) بڵاوکردەوە، هەرچەند ئەوکاتە نەبووە هۆی سەرنجڕاکێشانی ناوەندی رۆشنبیری و فەلسەفی لە ئەڵمانیادا.

هەڵگرانی فەلسەفەی تاکخوازی پێشوازییان لە بیروبۆچوونەکانی ستێرنەر کرد، هەر لەبەرئەوەشە کە باس لەوە دەکرا ئەو بیرمەندە ئەنارشیستە (ستێرنەر)

ڕێنیشاندەرێکی فیکریی نیتشە بووە. ئەم باسوخواسە بووە هۆی ئەوەی کەوای لە مێژوونووسانی فەلسەفە کرد ناوی (ستێرنەر) بخەنە ناو مێژووی فەلسەفەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کاریگەرێتی (ستێرنەر) بەسەر نیتشە وەک باسی لێوە دەکرا، تەنیا بەگریمانێک دادەندرێت، چونکە نیتشە لە هیچ نووسینێکدا ناوی (ستێرنەر)ی نەهێناوە. (ئەلبێرلیفی) نووسەری کتێبی (ستێرنەر و نیتشە) دەڵێت «هیچ بەڵگەیەکمان لە دەستدانییە کە وامان لێبکات باسی کاریگەرێتی (ستێرنەر) لەسەر فەلسەفەی نیتشە بکەین».[٣٧]

بەم پێیە ئەگەرچی بڕشتێک لە فەلسەفەکانی ئەنارشیزم لە فەلسەفەی نیتشە بەرچاو دەکەوێت، ئەوە مانای بە ئەنارشیزمبوونی ئەو فەلسەفەیە ناگەیەنێت. لەبەرئەوەی دەوڵەمەندی و هەمە چەشنیی فەلسەفەی نیتشە باوەشی بۆ زۆربەی ئەو ڕێبازانە کردۆتەوە، کە لە سەردەمی ئەودا لە ئارادابوونە، یاخود  دواتر هاتوونەتەکایەوە. هەر لەبەرئەوەشە پراگماتیست و وجوودییەکانیش، بڕشتێک لە خەسڵەتەکانی فەلسەفەکەی خۆیان لە فەلسەفەی نیتشەدا دەبیننەوە. هەر ئەم هەمە چەشنییەی فەلسەفەی نیتشە، زۆرجاران وامان لێدەکات هەست بەجۆرە ناکۆکییەک بکەین لە فەلسەفەکەیدا.

## ئەخلاق

هەر چەندە نیتشە سەرسەختانە دژی هەموو ڕەوشت و ئاکارێکی باو وەستاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر وەک فەیلەسووفێک ناسراوەکە بیروڕاکانی لەمەیدانی ئەخلاقدا



جێگای سەرنجن و شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە. هەر ئەمەشە وای کردووە، پێش ئەوەی وەک فەیلەسووفێک ناوبانگی هەبێت، وەک بیرمەندێکی بوارەکانی ڕەوشت و ئاکار بناسرێت.

لەوانەیە ئەو ڕەخنە توندو تیژانەی کە نیتشە لە مەسیحییەتی گرتووە، هۆکارەکەی لەوە دا بێت کە ئەو نەیتوانیوە بەتەواوی دەستبەرداری مەسیحییەت بێت. هەروەها ڕەخنەگرتنیشی لە ڕەوشت و ئاکار لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەستێکی ناسکی هەبووە لەبارەی ئەخلاق، هەروەک چۆن دەتوانین لە میانەی ئەو سروودانەی کە بۆ ژیان و پیاوێکی بەهێزو تەندروستییەکی باشی چڕیون، لەوە بگەین کە ئەو سروودانە لە لایەن نەخۆشێکی بێ ئومێدو بێ دەرەتان سەریان هەڵداوە»[٣٨].

نیتشە لە میانەی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ئەخلاق، دەیەوێت میتودێکی گومانکاری لە شێوەی میتۆدە گومانکارییەکەی (دیکارت) پەیڕەو بکات. لە کتێبی (زانستی شاد) نیتشە دەنووسێت: بۆ ئەوەی بتوانین لە دوورەوە لە ڕەوشت و ئاکارە ئەوروپییەکەمان بڕوانین و لەگەڵ سیستەمە ئەخلاقییەکانی دیکەدا کە پێشتر هەبوون یا دواتر هاتوونەتەکایەوە بەراوردیان بکەین، دەبێت هەروەک گەشتیارێک ڕەفتار بکەین، کە چۆن کاتێک دەیەوێت بەرزایی بورجی شارێک بزانێت، لە شارەکە دووردەکەوێتەوەو شارەکە بەجێ دەهێڵێ. تا لە دووری شار بورجەکە ببینێ. بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەک نەبێتە حوکمێکی لایەنگیر لەمەڕ ئەخلاق. پێویستە ئەو بیرکردنەوەیە هەڵوێستێک لە دەرەوەی ئەخلاق

وەربگرێت، لە سەرووی چاکەو خراپەوە سەیری ئەخلاق بکات»[٣٩].

دیارە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە نیتشە باسی لێوە دەکات سەخت و دژوارە، ئەگەر نەڵێین شتێکی مەحاڵە، چونکە لێکۆڵینەوە لە ئەخلاق پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و ناکرێت لە سەرجەم بەها داڕێژراوەکان دەربچێت، بۆی هەیە ئەنجامدانی ئەو کارە لە میانەی لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی سروشت کارێکی ئاسایی بێت، بەڵام ئەوکاتەش ناکرێت سەرجەم بەدیهییاتەکان فەرامۆش بکرێن، هەر چەندە لەوانەیە بتواندرێت تا رادەیەک دوور لە بۆچوونە پێشینەکان لە دیاردەیەکی سروشتی بکۆڵدرێتەوە.

بەم جۆرە سەختی و دژواریی ئەو رێگایەی نیتشە دەردەکەوێت، کە لە میانەی لێکۆڵینەوە لە ئەخلاقدا دەیگرێتەبەر، ئەو فەیلەسووفە لە نووسینەکانیدا رەخنە لەسەرجەم بەهاکان دەگرێت، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕە دابووە کە سەرجەم ئەو بەهایانە لەلایەن مرۆڤەوە داڕێژراون.

ئەو دەڵێ خەڵک بە خۆیان خێرو شەڕیان داناوە، بە خۆیان دایانهێناون و نەیاندۆزیونەتەوە، بەهاوارکردنێک لە ئاسمانەوە بۆیان نەهاتوونەتە خوارێ. مرۆڤ خۆی ئەو شتانەی دروست کردووە، تا خۆی بپارێزێت، مرۆڤ خۆی مانای مرۆڤایەتی بەشتەکان بەخشیوە»[٤٠].

بەپێی بۆچوونی نیتشە، حەقیقەت لە بنچینەدا بوونی نییە، بەڵام مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی هۆگری ژیان بکات، ئەو شتانەی کە سوودیان بۆی هەیە لە ژیانی رۆژانەیدا بەشتێکی حەقیقی داناون.



لە بڕگەی ژمارە (١١٠)ی کتێبی (دانایی شاد)دا نیتشە دەنووسێت: (بەدرێژایی ئەو قەیرانە گەورانەی کە لە رابردوودا روویان داوە، عەقڵ جگە لە هەڵە هیچی تری بەرهەم نەهێناوە، ئەو هەڵانەش چەسپێندراون کە سوود بەخشن و توانای پاراستنی جۆریان هەیە»[٤١].

لەبەر ئەوەی لای نیتشە عەقڵی رۆژئاوایی لەبەرهەمهێنانی هەڵەو نادروستییەکان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، هەر بۆیەش هێرشی بردۆتە سەر ئەو مێژووە.

بۆچوونی نیتشە سەبارەت بە سوود بەخشیی هەڵەکان، کەدواتر ناوی حەقیقەتیان لێ دەنرێت، وای لێکردووە لە فەلسەفەی پراگماتیزم نزیک بکەوێتەوە. (ئەمیل برهێیە) لە کتێبی (مێژووی فەلسەفە)دا باس لە پراگماتیزمی نیتشە لە کتێبی (دانایی شاد)دا دەکات»[٤٢].

ویلیام جێمس (١٨٤٢–١٩١٠) و جۆن دیوی (١٨٥٩ – ١٩٥٢) بە رابەرانی فەلسەفەی پراگماتیزمی دادەنرێن. لای ویلیام جێمس حەقیقەت ئەوەیە کە لە ژیانی رۆژانەدا پراکتیک دەکرێت. لای (جۆن دیوی) بیرکردنەوە کاتێک راست و دروستە کە ئەرکی خۆی بە تەواوی لە ژیاندا ئەنجام بدات، ئەو ئەرکەش بریتییە لە تێگەیشتن لە ژیان و بەڕێوەبردنی.

ویل دیورانت لە کتێبی (چێژەکانی فەلسەفە) دا دەنووسێت: ئەگەر هەندێک لە شوێنکەوتووانی پڕاگماتیزم بڵێن بیروباوەڕەکان کاتێک راست و دروستن، ئەگەر بێت و سوود بەخش بن، ئەوە قسەیەکی تەمومژاوی دەکەن، چونکە ئەو کاتە ئەو بیرو باوەڕانە بە (هەڵە سوودبەخشەکان) لە قەڵەم دەدرێن، نەوەک بە حەقیقەتەکان. بەقسەی نیتشە ئێمە

هەرگیز دڵنیانین کە گەورەترین حەقیقەتەکانمان سوودبەخشترین ئەو هەڵانەن کە ناسیومانن. جیهان بۆ عەقڵ و مانا بەخشین دروست نەبووە[٤٣]. لێرەدا (ویل دیورانت) دەیەوێت رەخنەی نیتشە لە فەلسەفەی پراگماتیزم بخاتەڕوو، بەڵام ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەین کە نیتشە چۆن بەرگری لە حەقیقەتی رێژەیی دەکات، هەروەها جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی حەقیقەت ئەوەیە کە سوودی بۆ ژیان هەیە، یا حەقیقەت ئەوەیە کە لە ژیاندا سەلمێندراوەو سوود بەخشە، ژیان بنچینەو تاکە سەرچاوەی حەقیقەتە.

ئەگەر بێت و سەرنجی ئەو بۆچوونانەی نیتشە بدەین، ئەوە بێگومان بۆمان دەردەکەوێت، تا چ رادەیەک نزیکن لەو رێبازە فەلسەفییەی کە دواتر بەپراگماتیزم دەناسرێت. بەڵام زێدەڕۆیی کردنی پراگماتیستەکان لە هێرشبردنیان بۆ سەر زانست، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆچوونەکانی نیتشە بەتەواوی لەگەڵیاندا یەک نەگرنەوە، لەبەر ئەوەی نیشتە گرنگی زۆر بە زانست دەدا، ئەمەش بەپێچەوانەی بۆچوونی پراگماتیستەکانەوەیە کە هێرش دەکەنە سەر زانست[٤٤].

رەخنەگرتنی نیتشە لە سەرجەم بەهاکان لەو بۆچوونانەی باسکران سەرچاوە دەگرێت. ئەو بەهایانەی کە تا ساتەوەختی نیتشە لە خۆرئاوادا لە ئارادابوون، پێویستییان بەوە هەبووە کە سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە، بەڵام چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدرێت؟

شپینگلەر لەم بارەیەوە دەنووسێت: کاتێ نیتشە ئەو نیمچە رستەیەی نووسی کە دەڵێت (هەڵسەنگاندنەوەی سەرجەم بەهاکان و دارِشتنەوەیان بەپێی پێوەرە نوێیەکان و



هەروەها تواندنەوەو نەهێشتنی پێوەرە کۆنەکان (Transvaluaion of all values)، ئیتر ئەو کاتەی نیتشە ئەمەی درکاند، بۆ یەکەم جار بزووتنەوەی رۆحی سەدەکان یاسای خۆی دۆزییەوە[٤٥].

لێرەدا شپینگلەر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کە نیتشە یاسای ئەو شۆڕشەی دۆزییەوە کە مەدەنییەت لەسەر شارستانییەت بەرپای دەکات. لای شپینگلەر هەڵسەنگاندن و دارِشتنەوەی شۆڕشگێڕانە Transvaluation ی سەرجەم بەهاکان سیفەتێکی گرنگ و جەوهەری هەموو مەدەنییەتێکە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای هەر مەدەنییەتێکدا، شێوازەکانی شارستانییەت دووبارە دادەڕێژرێنەوەو بەشێوەیەکی جیاواز لە پێشوو لێکدەدرێنەوەو مومارەسە دەکرێن. مەدەنییەت لە کاتی سەرهەڵدانیدا، ناتوانێت شتی نوێ بهێنێتە کایەوە، لەبەر ئەوەی ئەرکی هەر ئەوەندە دەبێت کە شێوازەکانی پێشوو ئاڵوگۆڕ پێ بکات، ئەو شێوازانەی کە شارستانییەت دروستی کردوون. بەم جۆرە بەپێی بۆچوونی شپینگلەر، نیتشە، یاسایەکی زۆر گرنگی بزووتنەوەی رۆحی سەدەکانی رابردووی ئاشکرا کردووە، ئەو سەدانەی کە مێژووەکانیان بریتی بوون لە بەدوا یەکتردا هاتنی شارستانییەت و مەدەنییەت، ئەو ململانێیە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە ئارادا بووە[٤٦].

کاتێک سەرنجی ئەو بۆچوونانەی شپینگلەر دەدەین پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئاخۆ بڵێی نیتشە لەسەرجەم بۆچوونەکانیدا دەربارەی دارِشتنەوەی بەهاکان، هەر تەنیا مەبەستی ئاڵوگۆڕ کردنی بەهاکان بووبێت و خوازیاری هیچ

شتێکی نوێ نەبووبێت؟!

قووڵبوونەوە لەم پرسیارە دوورنییە بۆچوونەکانی شپینگلەر سەبارەت بە نیتشە بخەنە ژێر باری سەرنجدان و وردبوونەوە، دواجاریش هەڵوەشاندنەوەیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆچوونانەی شپینگلەر بایەخی تایبەتی خۆیان هەر دەمێنێت. چونکە راستە نیتشە نوێنەرایەتیی سەردەمێکی دەکرد، کە سەرجەم شارستانییەتی رۆژئاوا لەبەردەم ئەو مەدەنییەتەی تەشەنەی دەکرد و پەرەی دەستاند، شەرمەزار ببوو. لەبەر ئەوە نیتشە عەقڵی بەوە تاوانبار دەکرد، کە بەرهەمهێنەری هەڵەیە و بەرپرسیارە لەو نەهامەتییانەی بەسەر مرۆڤی رۆژئاوادا هاتوون. ئەو نەهامەتییانەی نیتشە ناوی لێنابوون (نیهیلیزم – العدمیة). بەهاکان بەرەو نەمان چوونەو، هیچ ئامانجێکمان نەماوە.

ژیانی مرۆڤایەتی رێڕەوی خۆی لە دەست دا، ئەستێرەکان نەمان، تا لەمەودوا رێگاکان رووناک بکەنەوە. ئەو ئاسمانەی نموونە ئەخلاقییەکان نەما، کە پڕ بوو لە ئەستێرەکان. خواوەند مردو هەموو لێکدانەوەکان بوونە هەڵم و لەناو چوون. هیچ شتێک نەما خۆمانی پێ بگرینەوە. ئەمەش رووداوێکی کتو پڕ و لەناکاو نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی ئەخلاقێک بوو کە بۆماوەیەکی دووردرێژ دژی سروشت وەستابوو«٤٧».

لێرەدا دەمانەوێت هەوڵی ئەوە بدەین خۆمان لەوەلامدانەوەی پرسیارەکەی پێشوو نزیک بکەینەوە، ئاخۆ نیتشە خوازیاری هیچ شتێکی نوێ نەبووە؟ ئاخۆ نیتشە نوێنەرایەتی ئەو رەوتە بیرکردنەوەیەی دەکرد کە دەیویست شێوازەکانی شارستانییەت لەسەرەتای سەرهەڵدانی



مەدەنییەتدا ئاڵوگۆڕ بکات و بەس، هەروەک (شپینگلەر) باسی لێوە دەکات؟.

نیتشە لە کتێبی –جینالۆجیای ئەخلاق–دا دەنووسێت: لە پێناو دروستکردنی پەرستگەیەک دەبێت پەرستگەیەکی دیکە بڕوخێنین. ئەمە رێسایەکە، کێ دەتوانێت یەک حاڵەتم نیشان بدات کە لەو رێسایە دەرچووبێت«٤٨».

نیتشە لە هەوڵی ئەوەدابوو، سەرلەنوێ بۆچوون و رێڕەوو بەهای نوێ بهێنێتەکایەوە. لێرەدا ئێمە دەمانەوێت تەنیا جەخت لەسەر ئەو هەوڵانە بکەین و بەس، چونکە ئەگەرچی نیتشە نەیتوانیوە لە قاوغی ئەو میتافیزیکیایەوە دەربچێت کە رەخنەی لێ دەگرت، هەروەک هایدگەریش وای بۆ دەچێت«٤٩».

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی دەبنە رێگاخۆشکەر بۆ ئەو رەوتە بیرکردنەوانەی کە دواتر دێنەکایەوەو بەردەوامی بەهەوڵەکانی ئەو فەیلەسووفە دەدەن، باشترین نموونەش لەم بارەیەوە، قسەکردنە لە سەرمۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم (نوێخوازی و پاش نوێخوازی) کە بەبێ باسکردنی نیتشە ئەم دوو مەسەلەیە کەلێنیان تێ دەکەوێت. لەبەر ئەوەی هاوکات لەگەڵ هاتنەکایەوەی مۆدێرنیزم لە رۆژئاوادا، نیتشە رەخنەی لەو عەقڵخوازییە گرتووە کە بەرهەمهێنەری مۆدێرنیزم بووە. واتا رەخنەی نیتشە لە رەگوڕیشەی مۆدێرنیزم بووە. بەڵام بەهۆی قووڵی و فرەلایەنی رەخنەکانی نیتشەوە لە مۆدێرنیزم، کە دواتر رابەرانی پۆست مۆدێرنیزم، نەیانتوانیوە بۆچوون و رەخنەکانی ئەم فەیلەسووفە پشت گوێ بخەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە رەخنە و بۆچوونەکان و هەڵکۆڵینەکانی– حفریات – نیتشە ببوونە بنچینەیەکی گرنگ و جەوهەری لە

بیری پۆست مۆدێرنیزمدا.

راگەیاندنی مەرگی خواوەند لای نیتشە سەرەکیترین و گرنگترین رەخنەی ئەو فەیلەسووفە بووە لە بەهاباوەکان، ئەم راگەیاندنەش بە شێوەیەکی ئاشکراو روون لە کتێبی (زەردەشت وای گوت)دا بەر چاودەکەوێت.

زەردەشت دوای ئەوەی دە ساڵان لە شاخ، دوور لە خەڵک و ئاوەدانی، گۆشەگیرانە گوزەران دەکات، پاشان کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوخەڵک، لە رێگای گەڕانەوە لەدارستانەکەدا، یەکەمین کەس کە تووشی دەبێت پیرەمێردێکە کە لە کوخەکەی خۆی دێتەدەرێ. پیرەمێردەکە کاتێک زەردەشت دەبینێت دەڵێت: ئەم رێبوارەم لا نامۆ نییە، لە بیرمە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بەو شوێنەدا تێپەڕی، ناوی زەردەشت بوو، بەڵام ئەمجارەیان گۆڕاوەو وەک ئەوسا نەماوە. ئەی زەردەشت ئەو کات خۆڵەمێشی خۆت هەڵدەگرت و بەرەوچیات دەبرد، ئاخۆ ئێستاکە بڵێسەکەت بەرەو دۆڵایی دەبەی؟. ئاخۆ لە سزای ئاگرکردنەوە وریای خۆت نابی؟[٥٠].

دوای ئەوەی زەردەشت و پێرمێردەکە لەگەڵ یەکتردا دەدوێن و دەکەونە گفتوگۆ، زەردەشت لێی دەپرسێت: کاری ئەو پیرەمێردە لەو دارستانە چییە؟ پیرەمێردیش وەڵامی دەداتەوە کە خەریکی سروود چڕینەو لەپێناو رەزامەندیی خواوەندا دەگریێ وپێدەکەنێ و دەپاڕێتەوە. پاشان لە زەردەشت دەپرسێت: تۆ چ دیارییەکەت بۆ هێناوین؟زەردەشت دەڵێت: چ شتێکت بدەمێ؟ وازم لێ بهێنە باخێرا لە لات بڕۆم، تا هیچ شتێکت لێ نەستێنم. بەم جۆرە وەک دوو منداڵ بەپێکەنینەوە لە یەکتر جیادەبنەوە، پاشان کە زەردەشت بە



تەنیا دەبێت دوای ئەوەی پیرەمێردەکە بەجێ دەهێڵێت لەگەڵ خۆیدا دەدوێت: دوور نییە ئەو قەشەپیرە، تا ئێستاکە لەو دارستانەدا شتێکی وای نەبیستبێت کە خواوەند مردووە[٥١].

ئەمە ئەو بۆچوونەی نیتشەیە کە لە دوا قۆناغی پەرەسەندنی فەلسەفەکەی لەبارەی نەمانی بەهاباوەکانەوە دەیخاتەڕوو. ئەم قۆناغەی کە نیتشە ئەو بۆچوونەی تێدا خستۆتە روو بە قۆناغی سۆفیزم ناسراوە. لەو قۆناغەدا نیتشە برەو بە خەیاڵئامێزیی خۆی دەدات و لە کەشوهەوایەکی فەنتازیاییدا دەخولێتەوە.

راگەیاندنی مەرگی خواوەند لەو سەردەمەی کە نیتشەی تێدا دەژیا بریتی بوو لە بانگەشە کردنی تەنیایی مرۆڤ. لەبەر ئەوەی مردنی خواوەند لەگەڵ ئەو قسەیەدا هاوتایە کە دەڵێت مرۆڤ لە جیهاندا تەنیایە. بەڵام لە راستیدا نیتشە لەوە دوورتر دەڕوات. مردنی خواوەند بەس نییە بۆ هاتنەکایەوەی گۆڕان لە بەهاکاندا، بەڵکو دەبێت سەرجەم ئەو بەهایانەی کە بە بەها بەرزەکان ناسراون رەت بکرێنەوەو قبووڵ نەکرێن و نکۆڵییان لێ بکرێت. واتە سەرجەم ئەو بەهایانەی کە مرۆڤ بەخۆی بەخشیون، نەک هەر لە سەردەمی (مەسیح)دا، بەڵکو هەر لەسەردەمی (سوقرات)ەوە رەفزبکرێنەوە، کە مرۆڤ دەخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو وای لێ دەکەن چۆک دابدات. هەروەها مرۆڤیان ناچار کردووە بەو دوو فاقییەی جیهان رازی بێت، کەوای لە فەلسەفەکردووە ببێتە مێژووی چۆک پێدادانی مرۆڤ. رەتکردنەوەی ژیان بەناوی بەها بەرزەکانەوە، جا چ بەهای خواوەندی بێت یا

بەهای مرۆڤ خۆی، وا دەکات کە ژیان ببێتە هێزی داپڵۆسێنەرو نکۆڵی لێکەر.. نیتشە داوامان لێ دەکات ئەو نکۆڵی کردنە لە ژیان رەفز بکەینەوە و پێی رازی نەبین، تا ناسنامەی یەکێتی و تەبایی بیرو ژیان بگەڕێنینەوە دۆخی خۆی. ژیان وەرگرتن و ئەفراندنە«٥٢».

بەپێی بۆچوونی مارتن هایدگەر بیرۆکەی مەرگی خواوەند هەر تەنیا خواوەندی مەسیحی، یا خواوەندی سەرجەم ئایینەکان بەگشتی ناگرێتەوە، بەڵکو مەبەستی نیتشە، مەرگی ئەو جیهانەیە کە لەو دیو یا لەسەرووی هەستەکانەوە هەیە. واتە جیهانی میتافیزیکیا و ئایدیالی بەشێوەیەکی گشتی، ئەو جیهانەی کە لە فەلسەفە کلاسیکییەکاندا برەوی پێ دراوە«٥٣».

ئویگن فنک دەڵێت: مەرگی خواوەند مێژوویەکی دوولایەنەی هەیە، مێژوویەک کە کاتی بەسەر چووە، مێژوویەکی دیکە کە چاوەڕوانی ئەرکێکی تر لە داهاتوودا دەکات«٥٤».

کەواتە نیتشە لەمیانەی بیرۆکەی مەرگی خواوەنددا ئەوەی کە مەبەستیەتی زیاتر دەرفەت دانە بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی بەرزتربێتەوەو خۆی دووربخاتەوە لەو بیرو بۆچوونانەی کە لە سەرووی هەستەکانەوە هەیە. ئەو بیرو بۆچوونانەی کە بەهایەکیان بۆ مرۆڤ خوڵقاندووەو ناهێڵن مرۆڤ لێی لابدات.

ئەمەی باسکرا مەبەستێکی هەمەلایەنی و گشتی فەلسەفییانەی نیتشەیە لەبارەی ئەم بیرۆکەیەوە. لێرەدا پێویستە باس لەو هۆکارانە بکەین کە بوونەتە هۆی لە کارکەوتنی بەها بەرزەکان. ئەو هۆکارانەش بریتین لەو



بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانەی کە لەسەدەی نۆزدەیەمی سەردەمی نیتشەدا لە ئارادابوون. لەو سەردەمەدا کە بورژوازی خەریکی نەشونماو پەرەسەندنێکی فراوان بوو، سەرجەم ئەو بەهایانەی پێشتر کە مرۆڤ هەیبوون، لە ئاست گۆڕانکارییە نوێیەکاندا هەر تەنیا ناویان مابوو، ئەویش ناوێکی بێ ناوەرۆک.

بەهاکان تا ئەو ساتەوەختە ئەگەر ژیانیشیان رەتکردبێتەوە تەحەمول دەکران، چونکە مرۆڤ ئارامی پێوە گرتبوون. جا لەبەر ئەوە ئەو بەهایانە جێگەی متمانەی مرۆڤ بوون. بەڵام لەو ساتە بەدواوە، ئەو متمانەیە بەهەمان شێوەی خۆی نەمایەوە، بەڵکو بە تەواوی هەرەسی هێنا.

کۆڵن وڵسن سەبارەت بە ئەو بیرۆکەیەی نیتشە دەنووسێت:نیتشە هێرشی نەدەکردە سەر خواوەندی مەسیحی، بەڵکو ئەو هێرشی دەکردە سەر گومڕایی ناڕاستییەکان، ئەو گومڕاییەی کە نیتشە لە سەردەمی خۆیدا بە حەقیقەتی دادەنا، ئێستاکەش هەر بە حەقیقەتی دادەنێت. نیتشە بەدوای حەقیقەتی راستەقینەدا دەگەڕا، حەقیقەتی بنبڕکراو«٥٥».

دەبا لەگەڵ نیتشە بە نێو مێژوودا گەشتێک بکەین، تا لەمەڕ ئەخلاقەکان شارەزایی پەیدا بکەین، ئەو ئەخلاقانەی کە بەربڵاوترین بەهاکانی مرۆڤ پێکدەهێنن.

نیتشە لە بڕگەی (٢٦٠)ی کتێبی (لەسەرووی خێر و شەڕەوە – ١٨٨٦)دا دەنووسێت: لە میانەی گەشتەکانم بە نێو جۆرەکانی ئەخلاقدا، ئەخلاقی بەپێزو ئەخلاقی رووکەش، کە تا ئەمڕۆ لەسەر رووی زەمیندا هەبوونە، ئێستاش لە

ئارادان، چەندین لایەنی تایبەتیم هەست پێکردووە، کە لەگەڵ یەکتردا هاوتەباو هاوپێوەندن، تا لە ئاکامدا دووجۆری بنچینەیی ئەخلاقم بۆ دەرکەوت، کە جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوانیاندا هەیە، ئەو دوو جۆرەش بریتین لە ئەخلاقی دەسەڵاتدارو ئەخلاقی ژێر دەستە- کۆیلە-«٥٦».

کەواتە بەپێی لێکدانەوەی نیتشە لە مێژوودا دووجۆر ئەخلاق لە دێر زەمانەوە لە ئارادان. ئەخلاقی دەسەڵاتدار: بە بۆچوونی ئەو ئەخلاقێکی پایە بەرزو بەهێزە، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە ئەخلاقە لە مرۆڤی دلێر و چاپووکدا دەردەکەوێت، کە دەیەوێت بەسەرخۆی و بەسەر خەڵکی دەوروبەری خۆیدا زاڵ بێت. ئەمەش نەک لە پێناو بەختیاری و سەرفرازی خۆیدا، بەڵکو لە پێناو هاتنەکایەوەی مەبەستێکی بەرزتردا کە ئەویش دروستکردنی مرۆڤی بەرزە- سوپەرمان-. لە ئەخلاقی دەسەڵاتداردا چاکە- خێر لە هێزەوە سەرهەڵدەدات، کە مرۆڤی بە هێز لە خودی خۆیدا هەستی پێ دەکات. واتا چاکە لای دەسەڵاتدار دەرەنجامی فشارو ترسان نییە، بەڵکو لە ئاکامی هەستکردن بەو پەڕی بەهێزییەوە دێتەکایەوە.
ئەخلاقی دەسەڵاتدارو گەورە پیاوان لای نیتشە دەبنە دووجۆر یەکەمیان ئەخلاقی شەڕخوازی و دووەمیان ئەخلاقی (کەهنووتی)یە. شەڕخواز پشت بە جەستە دەبەستێت، بەڵام کاهین پشت بەرۆح دەبەستێت. جا لەبەر ئەوە ململانێ لە نێوان شەڕخوازو کاهیندا لە ئارادایە. بەهۆی ئەو ململانێیەی لە نێوان ئەخلاقی شەڕخوازان و ئەخلاقی کاهینەکاندا روو دەدات، ئەخلاقی ژێردەستەکان دەرفەت وەردەگرێت، لە نێوان ئەو ململانێیەدا ژێر دەستەکان -کۆیلەکان- شوێنی خۆیان



دەکەنەوەو بەشێوازێکی تایبەتی لە ئەخلاقی خۆیاندا دەریدەخەن.

کاهینەکان لەو ململانێیەدا، لەلایەن شەڕخوازانەوە دەسەڵاتیان کەم کراوەتەوە، بگرە دەسەڵاتیان لێ سەندراوەتەوە. لەبەر ئەوە کاهینەکان سەرجەم کۆیلە و ژێر دەستەو بێ هێزەکان دژی شەڕخوازان هان دەدەن و بۆ ئەوەی بەسەریاندا زاڵ بن، شۆڕش دژیان هەڵدەگیرسێنن.

نیتشە لە (جینالۆجیای ئەخلاق Zur Genealogie Der Maral)دا دەنووسێت: هەڵسوکەوت و رەفتاری کاهین لەبارەی هەڵسەنگاندن و خەملاندنی مەسەلەکان لە سادەترین هەڵسوکەوتی ئەرستوکراتی شەڕخواز دووردەکەوێتەوە، تا دواتر بەتەواوی پێچەوانەی یەکتر بنەوە، پاشان دەرفەت دەڕەخسێت بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو ململانێیەی کە لە نێوان حەسوودیی کاهین و رکابەرایەتی ئەریستۆکراتیی شەڕخوازدا دێتەکایەوە«٥٧». بەپێی بۆچوونی نیتشە لە مێژوودا جوولەکە ئەو دەستەو تاقمە کاهینانەن، کە رۆحێکی تۆڵەسەندنەوانەیان هەبووە«٥٨».

نیتشە دەڵێت: یاخیبوونی کۆیلە لە ئەخلاق لەگەڵ سەرهەڵدانی جوولەکە دەستی پێکرد، ئەو یاخیبوونەی مێژووییەکی بیست سەدەی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەو یاخیبوونەی ئەمڕۆکە لەبەرچاوماندا ون نابێت لەبەر ئەوەی توانیویەتی خۆی زاڵ بکات.«٥٩»

بە دووری نازانین ئەم بۆچوونانەی نیتشە لەلایەن نازییەکانەوە بەوە لێکدرابێتەوە، کە ئەم فەیلەسووفە دژایەتی سامی (جوولەکە)ی کردووە، لە بەرامبەر پەسندکردنی

ڕەگەزی ئاری. بەڵام لە ڕاستیدا دژایەتیکردنی جوولەکە لەلایەن نیتشەوە لەو بۆچوونەوە سەری هەڵداوە، کە جوولەکە لە مێژووی کۆنیاندا، میللەتێک بوون ئەخلاقی کەهنووتی بەسەریاندا زاڵبووە، بۆیە دژی ئەخلاقی ئەریستۆکراتی و هەموو ئەخلاقێکی پایەبەرزی دەسەڵاتدار بوون.

بەپێی بۆچوونی نیتشە مەسیحییەتیش درێژە پێدەری ئەو جۆرە ئەخلاقە بووە کە جوولەکە پەیڕەوی کردووە، هەر لەبەر ئەوەشە هەمان هێرشی نیتشە بۆ سەر جوولەکە بەردەوام دەبێت بۆ سەر مەسیحییەتش، کە پاش ماوەیەکی زۆر دوای سەرهەڵدانی ئایینی جوولەکە دەردەکەوێت.

کارل یاسپرس سەبارەت بە تێگەیشتنی نیتشە لە مەسیحییەت دەنووسێت: کلیلی ئینجیل لەلایەن نیتشەوە بریتییە لەو بۆچوونەی مەسیحییەت کە دەڵێت: بەرەنگاری خراپەکاری مەبۆوە. ئەم بۆچوونەش ئەخلاقێک دەهێنێتەکایەوە، کە هانی دەستەوەستانیی مرۆڤ دەدات، نەوەک بەرهەڵستیکردن.»[٦٠]

ئەخلاقی ژێردەستەکان لەلای (نیتشە) پلەو پایەیەکی نزمی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو قۆناغەی ئەخلاقی بەهێزەکان تووشی هەرەسهێنان دەبێت، ئەو کاتە ئەخلاقی ژێردەستە بڵاودەبێتەوە. بەپێی بۆچوونی نیتشە کاتێک ئەمە ڕوو دەدات کە بنەما سەرەکییەکانی (زوهد) بڵاودەبنەوەو تەشەنە دەکەن و بانگەشەی ڕاکردن لە ژیان دەکەن. ئەخلاقی ژێردەستەکان لە ئاکامی ترس و کینەو دڵڕەشی (حقد)دا دروست دەبێت، لە کاتێکدا ئەخلاقی دەسەڵاتداران لە ئەنجامی پڕ بوون لە هێزو هەستکردن بە لێبوردوویی دێتە کایەوە. بۆیە ئەخلاقی



ژێردەستە هەمیشە بانگەشەی بەزەیی و دادپەروەری و یەکسانی دەکات، لای نیتشە ئەم سیفەتانە هەروەک چۆن لە ئەخلاقی ژێردەستەدا هەیە، لە تاکەکەسی بێ هێزو ترسنۆکیشدا بەرچاو دەکەون.

نیتشە دەڵێت: کۆیلە ئەو کاتە لە ئەخلاق یاخی دەبێت کاتێک کینە دەبێتە هۆی ئەوەی بەهایەک دروست بکات کە کۆیلە ناتوانێت مامەڵەیەکی واقیعییانە لە گەڵ بەرامبەرەکەیدا بکات، ئەو کاتە دەیەوێت ئەم کەلێنە بەوە پڕ بکاتەوە کە کردارێکی تۆڵەسەندنەوەی خەیاڵئامێز بە ئەنجام بگەیێنێت. ئەخلاقی ئەریستۆکراتی ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کاتێک بەشانازییەوە جەخت لەسەر خودی خۆی دەکاتەوە، بەڵام ئەخلاقی کۆیلە هەموو ئەوشتانە ڕەفز دەکاتەوە کە بەشێک لە خودی خۆی پێکناهێنن، واتە هەموو ئەو شتانە ڕەفز دەکاتەوە کە جیاوازن لەگەڵ خۆیدا.»[٦١]

ئەم جۆرە تێڕوانینە، واتە گرنگی دان بەجیهانی دەرەوەی خود لە جیاتی گرنگیدان بە خود خۆی، بریتییە لە جەوهەری دڵڕەشی. ئەخلاقی کۆیلە بۆ ئەوەی دروست بێت هەمیشە پێویستی بەجیهانی دەرەوەی خۆی هەیە، واتە پێویستی بە پاڵنەرێکی دەرەکی هەیە بۆ ئەوەی کاری خۆی بکات.»[٦٢]

بەم پێیە ئەو جیاوازییانەی نێوان ئەم دوو جۆرە ئەخلاقە دەبێتە هۆی ئەوەی هەمیشە لە ململانێدابن. هەر کاتێک یەکێک لەو ئەخلاقانە زۆرینەی بەدەستهێنا، ئەو کاتە شۆڕشێک لەسەر ئەوی دیکە بەرپا دەکات و بەسەریدا زاڵ دەبێت. لای نیتشە هیچ مەرج نییە ئەم شۆڕشە بەهۆی هێزی ماددییەوە ئەنجام بدرێت، بەڵکو زۆرجاران بەهۆی داڕمانی

مەعنەوییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت. نیتشە لە کتێبی (بنچینەی دروستبوونی ئەخلاق- جینالۆجیای ئەخلاقدا) باس لەو ململانێیە دەکات، کە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا، لە نێوان ئەو دوو جۆرە ئەخلاقەدا لە ئارادابووە»[٦٣].

لە سەردەمی (یۆنانی و رۆمانی)دا ئەخلاقی دەسەڵاتدار زاڵ دەبێت و بەهێزەکان سەردەکەون، بەڵام لەسەردەمی جوولەکەکان و مەسیحییەکاندا ئەخلاقی کۆیلە – ژێردەستە- و بێ هێزەکان سەردەکەوێ. دەکرێت، بەراوردکردنی نێوان رۆماو یاهوودا، ببێتە سەرەکیترین بەراورد کردنی ئەخلاقی لەو سەردەمەدا، لە کاتێکدا لە روانگەی رۆماوە، یاهوودا بریتییە لەو شتەی کە دژی سروشت بووە، بەڵام یاهوودا لە بەرامبەر رۆمادا، ئەو رق و کینە و حەسادەت و دڵڕەشییەی هەبووە، کە لاوازو ژێردەستەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتدارو بەهێزەکاندا هەیان بووە.

لە سەردەمی (رێنسانس)دا ئەخلاقی دەسەڵاتدار دەگەڕێتەوە بۆ نموونەی بەرزو باڵای ئەخلاقی شارستانیی یۆنانی، بەڵام ریفۆرم و چاکسازیی ئایینی دیسان ئەو ئەخلاقە تێکدەشکێنێتەوە.. ریفۆرمی ئایینی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و میللی بوو، کە بێ هێز و ژێر دەستەکان لە پشتییەوە بوون.

پاشان لەسەدەکانی حەڤدەم و هەژدەمدا، ئەخلاقی دەسەڵاتداران لە لایەن ئەریستۆکراتەکانەوە دەگەڕێنێتەوە پلەو پایەی خۆی. بەڵام دواتر لەشۆڕشی فەرەنسادا ژێر دەستەو بێ هێزەکان تێکی دەشکێننەوە. هەر چەندە دوای شۆڕشی فەرەنسا ئەخلاقی ئەریستۆکراتەکان لەسەردەستی



ناپلیۆندا دەردەکەوێتەوە، بەڵام هەر خێرا ئەخلاقی ژێر دەستەو کۆیلەکان زاڵ دەبێتەوە.

نیتشە لە میانەی باسکردنی مێژووی ئەخلاقەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە لە دوای سەرهەڵدانی مەسیحەوە، هەمیشە ئەخلاقی ژێردەستەکان زیاتر لە ئەخلاقی دەسەڵاتداران- ئەریستۆکراتەکان لە ئارادا بووە. ئەخلاقی ئەریستۆکراتەکان بەشێوەیەکی کاتی سەرکەوتووەو پاشان هەر خێرا تێکشکێندراوەتەوە»[٦٤].

بۆچوونەکانی نیتشە لەبارەی مێژووی ئەخلاق جێگای مشتومڕێکی زۆرن و ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین تەنیاهەندێ سەرەخاڵ لەم بارەیەوە بخەینەڕوو. ئەوەی کە جێگای سەرنجە لە بۆچوونەکانی نیتشەدا، دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵوێستی(ئەفلاتوون و ئەرستۆ)یە سەبارەت بە بەگەورەزانینی ئەخلاقی ئەریستۆکراتەکان و بەکەم زانینی ئەخلاقی کۆیلە. دیارە ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ بەردەوامی کاریگەرێتی بیری یۆنانی بەسەر نیتشەوە.

ئەم بە دوایەکتردا هاتنەی ئەخلاقەکان لە مێژوودا، بەو شێوەیە نییە کە نیتشە باسی دەکات. هەمیشە هێزی ماددی نەوەک مەعنەوی، هۆکارێکی گرنگ و گەورە بووە بۆ زاڵبوونی دەسەڵاتی یەکێک لەو ئەخلاقانە (ئەخلاقی ئەریستۆکراتی و ئەخلاقی کۆیلە) لە مێژوودا. ئەگەرچی هێزی مەعنەوی لە پاڵ هێزە ماددییەکەدا لە گۆڕانکارییەکاندا رۆڵی خۆی بینیوە کە بەسەر ئەخلاقەکاندا هاتووە.

رەخنەیەک کە ئاراستەی نیتشە دەکرێت لە بواری ئەخلاقدا، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، ئەوەیە کە نیتشە

نەیویستوە ئەخلاقێک بونیاد بنێت کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم مرۆڤایەتیدا بێت، هەروەک چۆن نیو کانتیزم- الکانطیة الجدیدة- و پۆزەتیڤیستەکان دەیانویست ئەم جۆرە ئەخلاقە دروست بکەن، ئەو ئاکارو رەوشتەی نیتشە بانگەشەی بۆ دەکرد، هۆشیارانە و بەشێوەیەکی دارێژراو تەنیا ئاراستەی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی دەکرد کە دەسەڵاتدار بوو. لە پاڵ ئەمەیاندا ئاکارو رەوشتێکی دیکە هەبوو کە جیاواز بوو ئەویش رەوشتی چەوساوەکان بوو. نیتشە سەرسەختانە دژی ئەم جۆرە ئاکارو رەوشتە دەوەستاو نکۆڵی لێ دەکرد.«٦٥»

ئەو تاکخوازییەی کە لە جەوهەری فەلسەفەی نیتشەدا رەگوریشەی داکوتابوو، لە پشت هەڵوێستی ئەم فەیلەسووفەوە بوو لەمەڕ وەستانی دژی ئەخلاقی زۆرینەی خەڵک و بەرگریکردنی لە ئەخلاقی کەمینەی ئەریستۆکرات.



## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١- اللامنتمي. كولن ولسن. ترجمة: أنيس زكي حسن. بيروت -١٩٨٢- ص٧٤.

٢- التاريخ وكيف يفسرونه. من كونفوشيوس الي توينبي. آليان. ج. ديترچي. ترجمة: عبدالعزيز توفيق جاويد. الهيئة المصرية العامة للكتاب. ص ١٩٧.

٣- التأريخ وكيف يفسرونه..... ص ١٩٧.

٤- عصر الايديولوجيا. هنري أيكن. ترجمة: محي الدين صبحي. بيروت ط٢ ١٩٨٢ ص١٥١.

٥- التأريخ وكيف يفسرونه..... ص ١٩٨.

٦- أصل الأخلاق وفصلها. فريدرك نيتشه. ترجمة: حسن قبيسي/ بيروت ١٩٨٣ ط٢ ص٩٠.

٧-أصل الأخلاق وفصلها... ص٩١.

٨- تحطيم العقل - جورج لوكاش. ترجمة: الياس مرقص. الجزء الثاني بيروت ١٩٨١ ص١٢٠.

٩- تحطيم العقل - الجزء الثاني.... ص ١٢٠.

١٠- البنوية التكوينية والنقد الادبي: لوسيان غولدمان وآخرون... راجع الترجمة: محمد سبيلا. بيروت- ١٩٨٤ ط١ ص١٣.

١١- تحطيم العقل - الجزء الثاني.... ص ١٢٠.

١٢- تحطيم العقل - الجزء الثاني.... ص ٩٦.

١٣- عصر الايديولوجيا. هنري أيكن. ص ١٤٨.

١٤- عصر الايديولوجيا. هنري أيكن. ص١٤٨.

١٥- عصر الايديولوجيا. هنري أيكن. ص ١٤٩.

١٦- الوجودية. جون ماكوري ترجمة:د.امام عبدالفتاح امام.. ص ١٥.
١٧- عصر الايديولوجيا. هنري أيكن. ص ١٤٩.
١٨- تحطيم العقل - الجزء الثاني.... ص ١٤٤.
١٩- تحطيم العقل - الجزء الثاني.... ص ١٤٥.
* ياسای نائاسايی دژی سۆسياليستەكان: لەبەرواری ٢١ی تشرينی يەكەمی ١٨٧٨ لە ئەڵمانيادا ياسای نائاسايی دژی سۆسياليستەكان دانرا، بەپێی ئەم ياسايە سەرجەم ڕێكخراوەكانی پارتی سۆسياليستی - ديموكراسی هەروەها ڕێكخراوی جەماوەری كرێكاران و ڕۆژنامە و بڵاوكراوەكانيان قەدەغە كران. لەژێر فشاری بزووتنەوەی كرێكاران و جەماوەر ئەم ياسايە لە ١ تشرينی يەكەمی ١٨٩٠دا هەڵوەشێندرايەوە. ماركس انجلس - مختارات - جزء ٣- موسكو ١٩٧٠ ص٤٣٤.
٢٠- تحطيم العقل: الجزء الثاني: ص١١٧.
٢١- فلسفة نيتشة- اويغن فنك. ترجمة الياس بديوي . دمشق ١٩٧٤- ص٥.
٢٢- فلسفة نيتشة.... ص٦.
٢٣- چنين گفت زرتشت: فريدريك ويلهم نيچه. ترجمه: داريوش اشوری مؤسسه انتشارات آگاه. چاپ هشتم (١٣٧٢) تهران. ص٦٥.
٢٤- چنين گفت زرتشت...... ص ٦٧.
٢٥- چنين گفت زرتشت..... ص ٦٩.
٢٦- چنين گفت زرتشت...... ص ٥٣.
٢٧- چنين گفت زرتشت...... ص١٦.
٢٨- فراسوی نيک وبد، پيشدر آمد فلسفه اينده. فريدريش نيچه. ترجمه: داريوش آشوري ... إنتشارات خوارزمی.... چاپ دوم- اسفندماه ١٣٧٣-تهران. ص ٢٥٧.



٢٩- فلسفة القلق. مطاع صفدي. منشورات دار الطليعة، بيروت (١٩٦٣)- ص٣٥.
٣٠- فلسفة القلق. مطاع صفدي.... ص ٣٦.
٣١- تحطيم العقل... الجزء الثاني... ص ١٥٧.
٣٢- واقع الفكر اليميني .... سيمون دي بوڤوار. ترجمة: جورج طرابيشي. بيروت ١٩٦٣- ص١٠٥.
٣٣- واقع الفكر اليميني ..... ص ١٠٦.
٣٤- واقع الفكر اليميني ..... ص ٥.
٣٥- هذة هي الفوضوية. هنري أرفون.... ص٢٤.
٣٦- هذة هي الفوضوية. هنري أرفون.... ص ١٤٢.
٣٧- هذة هي الفوضوية. هنري أرفون.... ص ٥١.
٣٨- فلسفة نيتشه، اويغن فنك، ترجمة: الياس بديوي، دمشق (١٩٧٤)- ص٧
٣٩- نيتشة، د. فؤاد زكريا، القاهرة (١٩٥٦)، ص٨٠
٤٠- هكذا تكلم زرادشت، فريدريك نيتشة، ترجمة: فليكس فارس، ص٨٥
٤١- نيتشة، د.فؤاد زكريا، ص١٥٣
٤٢- تاريخ الفلسفة الحديثة - الجزء السابع- أميل برهيية- ترجمة جورج طرابيشي، بيروت- ط١ (١٩٨٧) ص١٢٩
٤٣- لذات فلسفه، ويل ديورانت، ترجمة: عباس زريابه خوئى نشرانديشه- تهران- چاپى دوم- ابان ماه (١٣٥٠) ص٢١
٤٤- نيتشة، د.فؤاد زكريا، ص٣٥
٤٥- تدهور الحضارة الغربية، استوالد أشبنغلر، ترجمة احمدالشيباني، بيروت- الجزء الاول. ص٦٠٢
٤٦- هەمان سەرچاوە.

٤٧- فلسفة نيتشه، اويغن فنك، ص١٧٩

٤٨- اصل الأخلاق و فصلها، فريدريك نيتشه،ص٨٩

٤٩- الميتافيزيقا عند الفلاسفة المعاصرين، محمود رجب، الاسكندرية- مصر (١٩٧٠) ص٩٦

٥٠- چنين گفت زرتشت... ص٥، هكذا تكلم زرادشت... ص٢٩.

٥١- چنين گفت زرتشت... ص٦-٧، هكذا تكلم زرادشت... ص٣٠.

٥٢- البنيوية فلسفة موت الانسان، روجية غارودي، ترجمة جورج طرابيشي: بيروت (١٩٧٩)- ص٥-٦

٥٣- نيتشه، د.فؤاد زكريا، ص٣٩

٥٤- فلسفة نيتشه، ايغن فنك، ص١٧٩

٥٥- سقوط الحضارة، كولن ولسن ، ترجمة: أنيس زكي حسن بيروت - ط٢-(١٩٨٢) ص٢١٣

٥٦- فراسوى نيک وبد. پيشدر امد فلسفه اينده. فريدريش نيچه، ترجمهء داريوش اشورى، انتشارات خوارزمى چاپ دوم. اسفندماه (١٣٧٣)- تهران ص٢٥٦

٥٧- اصل الاخلاق وفصلها - فريدريك نيتشة، ص٢٩

٥٨- فلسفة نيتشه، اويغن فنك، ص١٥٦

٥٩- أصل الأخلاق و فصلها، فريدريک نيتشه، ص٣٠

٦٠- مسيح- كارل يسبرس- ترجمة احمد سيمن- انتشارات خوارزمى- (١٣٧٣)، چاپ أول - تهران، ص٣٦

٦١- أصل الأخلاق و فصلها، نيتشه، ص٣٢

٦٢- أصل الأخلاق و فصلها، نيتشه، ص٣٣

٦٣- أصل الأخلاق و فصلها، نيتشه، ص٤٦- ٤٧-٤٨

٦٤- نيتشه، د.فؤاد زكريا- ص٩١، نيتشه، في سبيل الموسوعة الفلسفية، د. مصطفى غالب ص٤٦-٤٧؛ أصل الأخلاق و فصلها،



نيتشه، ص٤٦

٦٥- تحطيم العقل- جورج لوكاش، ص١٣١

# IIV

## ویستی هێز

بەردەوامی و ژیان و سروشت، ئەم سێ وشەیە، لەروانگەی نیتشەوە گوزارشت لەبوون (الوجود) دەکەن. هەربۆیە ئەم سێ وشەیە لای ئەم فەیلەسووفە یەک مانایان هەیە. لە فەلسەفەی نیتشەدا بوون هەمیشە لەگۆڕان و وەرچەرخان دایە. ئەمەش بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو فەیلەسووفانەیە کە لایان وایە (بوون) جێگرەو ناگۆڕێت. ئەم گۆڕان و وەرچەرخانەی بوون، بەردەوامی بەژیان و سروشت دەبەخشێت، بەڵام عەقڵ ناتوانێت لەم بەردەوامییە تێ بگات، تاکو چەمکی (بوون) نەگۆڕێت بۆ چەمکێکی جێگیرەو نەگۆڕ. هەروەک چۆن شانەکانی لەش ناتوانن ئەو خۆراکانە هەڵمژن، تاوەکو نەیانگۆڕنە هاوڕەگەزی خۆیان، (عەقڵ)یش لەوکاتەی (بوون) لەگۆڕاندایە ناتوانێ لەبوون تێبگات تا بۆ حاڵەتێکی جێگیر نەیگۆڕێ. بەهۆی ئەم بۆچوونانەوەیە نیتشە لای وایە،



زانین و بوونی راستەقینە دوو شتی دژ بەیەکن. عەقڵ بە شێوەیەک بوون دێنێتە بەرچاو کە سوودی بۆ ژیان هەبێ و خزمەتی ژیان بکات، ژیانیش بۆ ئەوەی بەردەوامی بە خۆی بدات، دەبێت وا سەیری (بوون) بکات کە شتێکی دیاری کراو و جێگیرە. بێ ئەم بۆچوونە ژیان مەحاڵە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ژیان (بوون) بەو شێوەیە بهێنێتە بەرچاو کە لەگۆڕانێکی هەمیشەیی دایە، ئەوکاتە ژیان خۆی لەناو دەچێت. «نیتشە» بوون بەشتێکی یاخود بەحاڵەتێکی ناجێگیرو گۆڕاو دادەنێت، بەڵام بە بۆچوونێکی بێ ماناو مردووشی دادەنێ.

لەبەرئەوەی ژیان لای نیتشە (ویستی هێزThe Will to Power)و ویستی کێشمەکێش و دەست بەسەراگرتنی شتە دەرەکییەکانی دەوروبەری ژیانە، ئەمەش مەیسەر نابێت، ئەگەر بوون لەگۆڕانێکی بەردەوام و هەمیشەیی دابێت، بەڵکو دەبێت بوون بە شێوەیەکی نەگۆڕ بهێنرێتە بەرچاو، تاوەکو دەستەمۆ بکرێت. ئالێرەدا نیتشە دەڵێت: «سروشتی بەردەوامی» کە سروشتی بوونێکی نەگۆڕو جێگیرە، بەرزترین جۆری ویستی هێزیشە»[1].

دیارە گەر لەرووی زیندوێتییەوە سەیری بوون بکەین، ژیان دەبینین، مەبەستمان ژیانی مرۆڤە. ژیان لای نیتشە پەیوەستە بە جەستەوە، جەستەش لەبۆچوونی نیتشەدا هەمان ئەو مانایەی نییە کە پزیشکەکان باسی لێوە دەکەن، بەڵکو جەستە لای نیتشە، سەرجەم ئەو فەرمانە زیندوانەیە کە جەستە ناهۆشیارانە ئەنجامی دەدات. لێرەدا نیتشە باسی جەستەیەک دەکات زۆر لە رۆح بەهێزترە، چونکە رۆح یاخود هەست کردن یاخود دەروون شتێکی تەسک و سنووردارە.

لای نیتشە، رۆح شتێکە تەنیا لەخزمەتی جەستەدایە، ئەو بۆچوونەی نیتشە لەمەڕ جەستەو رۆح شۆڕشێکی گەورە بوو لەسەر ئەو بۆچوونانەی سەردەمی نیتشە، ئەو بیروبۆچوونانە برەوی تەواویان هەبوو کە رۆحیان یان دەروونیان لەجەستە بە بەرزتر دادەنا. جەستە بووە شتێکی کەم بایەخ، بەجۆرێ بەپێویست دەزاندرا جەستە ئازارو ئەشکەنجە بدرێت بۆ ئەوەی رۆح ئاسوودەو بەرزو مەزن بێت.

جاکوب بوهمە (١٥٧٥-١٦٢٤ز) بیرمەندێکی ئەڵمانی پرۆتستانتییە، بەهۆی ئەوەی بایەخێکی زۆری بە جیهانی رۆح و دەروون داوە، زیاتر وەک رابەرێکی سۆفیگەری ناسراوە. ئەگەر ئەندازیارێک بیەوێ شارێک رێک بخات یەکەم شت کە ئەنجامی دەدات پەیداکردنی نەخشەی شارەکەیە. لەم روانگەیەوە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بگۆڕێت، پێویستی بە نەخشەیەکی دەروونی خۆی هەیە. بەڵام ئایا مرۆڤ چۆن دەتوانێ دەربارەی دەروونی خۆی شارەزایی زیاتر پەیدا بکات مەگەر لە رێگای تێبینی تایبەتیەکانی خودی خۆی و ئەزموونەکانیەوە نەبێت«[٢]».

جاکوب بوهمە لە بۆچوونەکانی نیتشە زۆر نزیک دەبێتەوە کاتێک دەڵێت (ئەگەر ناتەوێت خودی خۆت لەلایەنی رۆحییەوە بەرز بکەیتەوە، باشتر وایە کتێبەکانم بخەیتە لاوەو خۆتی پێوە سەرقاڵ نەکەیت، بەڵکو خەریکی کاروباری رۆتینی رۆژانەی خۆت بە، باشترە).

نیتشە لەکتێبی (زەردەشت وای گوت)دا نووسیویەتی «بەرزبوونەوە جێگای مەترسی نییە، بەڵکو کەوتن جێگای ترسە». جاکوب بوهمە لەم بۆچوونە نزیک دەبێتەوە کاتێک



دەنووسێت «بەرەو بەرزاییەکی بڵند سەرکەوتم، بەرادەیەک نەمتوانی سەیری خوارەوە بکەم، چونکە تووشی سەرسوڕان دەبووم، من هەست بە سەر سوڕان ناکەم کاتێک کە بەرز دەبمەوە، بەڵکو کاتێک سەیری دواوە دەکەم و دەمەوێت بگەرێمەوە، ئەوکاتە هەست بە سەرسوڕان و ترسان لەکەوتن دەکەم»[٣]. سەرەڕای ئەوەی، نیتشەو جاکوب بوهمە لە گەلێ لایەنەوە، لەیەکدییەوە نزیکن، بەڵام سەبارەت بە (جەستە) و (رۆح)، بیروبۆچوونەکانیان لەیەکدی جودان. جا بۆیە لێرەدا لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەی (کۆڵن ولسن)دا نین کە پێیوایە وێکچوونێکی تەواو لە نێوان بوهمەو نیتشەدا هەیە، چونکە بوهمە جەستە بە دوژمنێکی راستەقینە دەزانێ، لای ئەو رۆح لەشەڕێکی گەورە دایە لەو جیهانەدا، لەبەر ئەوە ژیان پێی دەوترێت دۆڵی ئەشکەنجە... دۆڵی ئاژاوەی هەمیشەیی و ململانێ و شەڕو تێکشکان... بەڵام جەستەی ساردو نیمچە مردوو پێویستە هەست بە (شەڕەکانی رۆح) بکات پێویستە بچێتە ژێر رکێفی پێداویستییەکانی رۆحەوە...«[٤]» ئەمانە ئەو دانپێنانەی (جاکوب بوهمە)ن کە (کولڵن وڵسن) لە کتێبەکەی خۆی (ئایین و یاخیبوون)دا باسیان لێوە دەکات و بەشێوەیەکی ئاشکراش جیاوازی ئەو بۆچوونانەی بوهمە لەگەڵ بۆچوونەکانی نیتشە سەبارەت بە رۆح و جەستە تیادا بەرچاو دەکەون. کاتێک بوهمە دەیەوێت سەرزەنشتی رۆح بکات و ئەرکی دیاریکراوی پێ دەسپێرێت و دەڵێت: لەسەر رۆح پێویستە ئەو ئامێرەی کە جەستەیە، بیکاتە ئامێرێکی هەستیارو ناسک، نەوەک بە تەمبەڵی و ئاژەڵییانەی خۆی بیخنکێنێ. لێرەدا جۆرە نزیک بوونەوەیەک لەنێوان

بۆچوونەکانی بوهمەو نیتشەدا دەبینرێ. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت لەبەر ئەوەی جاکوب بوهمە لەسەر رێبازی سۆفیگەری پرۆتستانتی بووە نەیتوانیوە ئەو بۆچوونە ئایینییە باوانە کە لەبارەی جەستەو رۆحەوە لەئارادا بوون بە تەواوی فەرامۆش بکات، بەڵکو راستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەرییانەوە. بەڵام دیارە هەستی بەو حوکمە دڵڕەقانە کردووە کە بەسەر جەستەدا سەپێنراون، هەر بۆیە نەیویستووە بە تەواوەی رۆڵی جەستە بسڕێتەوە. بەڵام لەلای ئەو، لەدواجار جەستە هەر بەپاشکۆیەتی رۆح دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لای بوهمە جەستە ساردەو نیوە مردووە، بۆیە دەبێ رۆح جڵەوی بەڕێوەبردنی ئەو بگرێتە دەست. ئەمە لەکاتێکدا لای نیتشە جەستە سەربەخۆیی تەواوی خۆی لەرۆح هەیە. نیتشە دژی ئەو بۆچوونانە وەستا کە رۆحیان لە جەستە بە بەرزو بە بایەختر دادەنا، چونکە لای ئەو مرۆڤ لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونانەدا مانای راستەقینەی خۆی لەدەست دەدات. بۆیە نیتشە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی پێش خۆیەوە رۆڵی جەستە بەرز دەکاتەوەو بە عەقڵی گەورەی دادەنێت، بەڵام رۆح دەبێتە عەقڵی بچووک. نیتشە وەک جاکوبی بوهمە سەرزەنشتی رۆح ناکات و هیچ ئەرکێکی پێ ناسپێرێت، بەڵکو سەرزەنشت کردنی رۆح لەلایەن نیتشەو، لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە رۆح بۆتە بارێکی گران بەسەر مرۆڤەوە. هەر بۆیە بەتوڕەیی لەگەڵیدا دەدوێت و پێی دەڵێت:- ئەی رۆحی.... ئێمە پەرستگایەکی گەورەمان بۆ دروست کردی، تاوەکو تیادا جێگیر ببی، تۆمان بەزێڕ رازاندۆتەوەو قوربانیمان بۆت دا . لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تۆ



سوپاسمان ناکەیت...«٥».

هەرچەندە نیتشە بەشێوەیەکی گشتی سەرزەنشتی ئایین دەکات، ئەمەش کاتێک هەست بەبێ نرخی بەهاکانی ئایین دەکات. بەڵام دیارە رۆح دیاردەیەکی سەرەکی ئایینەو رووبەرێکی فراوانی ئایینی داگیرکردووە. جا ئەگەر بەم شێوەیە نیتشە لەکتێبی (مرۆڤایەتی تا ئەوپەڕی مرۆڤایەتی)دا ناڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر رۆح، لەکتێبی (زەردەشت وای گوت)دا راستەوخۆ هێرشی خۆی بۆ سەر رۆح رادەگەیەنێت و بوونیشی بەشتێکی لاوەکی لەقەڵەم دەدات. «منداڵ دەڵێت: من جەستەو رۆحم، لەبەرچی خەڵک هەموویان وەک منداڵ قسە ناکەن؟!». بەڵام ئەو مرۆڤەی کە هۆشیارەو هەستی بەخۆی کردووە دەڵێت: من جگە لە جەستە هیچی تر نیم، بەڵام رۆح تەنیا وشەیەکی داڕێژراوە بۆئەوەی بەشێکی ئەو جەستەیە دیار بکات«٦». ئەگەر رۆح تەنیا بۆ ئەوە بێ جەستەی پێ بناسرێت، دیارە جەستە ئیمپراتۆرێکی گەورەیە، هەر لەبەر ئەوەش (سوپەرمان) پشتی پێ دەبەستێت. بەڵام ئەوانەی رقیان لە جەستەیە هەرگیز نابنە هۆکارێک بۆ گەیشتن بە سوپەرمان... ئەی ئەوانەی رق و کینەتان لە جەستەیە من بەسەر رێگاکانی ئێوەدا ناڕۆم، چونکە لەئێوەدا ئەو پردە نابینم کە بەرەو لە دایک بوونی سۆپەرمان دەڕوا«٧». پێویستە ئاماژە بەوە بدەین سەرهەڵدانی بۆچوونەکانی نیتشە دەربارەی جەستەو گرنگی پێدانی، هاوکات بوون لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی داروین (١٨٠٩-١٨٨٢) سەبارەت بە پەرەسەندن و هەڵبژاردنی سروشتی وهەروەها دواتریش برەودان بە هۆکارەکانی

بایەلۆجی لەگۆڕانی کۆمەڵدا.

شپنگلەر (١٨٨٠-١٩٣٠) لە کتێبەکەیدا (هەرەسهێنانی شارستانێتی خۆرئاوا The decline of the west) دەربارەی کاریگەرێتی داروینیزم بەسەر نیتشەوە دەنووسێ: هاتنەکایەوەی بیرۆکەی (سوپەرمان) لە بۆچوونی هەڵبژاردنی سروشتییەوە سەرچاوە دەگرێت"[٨]. نیتشە هەر لەو کاتەیدا پوختەی بیروڕاکانی خۆی نووسیوە، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت دەبێتە قوتابییەکی داروین"[٩] کاریگەرێتی بیروڕاکانی داروین لە سەدەی نۆزدەمدا بە باشترین شێوە لە (کۆمەڵناسی-سۆسیۆلۆجیا) داو لەو شێوە بیرکردنەوەیەدا بەرچاو دەکەێت کە دواتر بە (داروینیزمی کۆمەڵایەتی) ناسراوە، ئەویش بریتی بوو لە پەیڕەوکردنی تیۆری پەرەسەندنی داروین لەبواری کۆمەڵایەتیدا. نیتشە لەمیانەی پیلەکەو گفتوگۆکانی دژی مەسیحییەت، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی قسەکانی دژی ئاکار یاخود ژیان لەناو کۆمەڵدا، دەتوانێ وا لە خوێنەرێکی سادە بگەیەنێ کە سەرجەم ئەم دیاردانەی چارەسەریان دەکات، لەروانگەی جەستەوە وەک بوونێکی بەرجەستەکراوی مادی بەناوی پێویستییەکان و یاساکانی بایەلۆجی حوکمیان لەسەر دەدات. ئەمە کەوتنە وەهمێکی خوێنەرەو زیاتریش بە هەڵەداچوونی نیتشە خۆیەتی. نیتشە لە هەموو بوارێکدا زانیاری هەبووە، بەڵام هەمیشە خاوەنی زانیارییەکی رووکەش بووەو، لەدەستی کەسانی دووەم و سێیەم پێی گەیشتووە. کارل یاسبرس دان بەو راستییە دەنێت تاوەکو سەبارەت بەو زانیارایانەی لەمەڕ فەیلەسوفە کلاسیکییەکان



کە بە درێژایی ژیانی نیتشە لەگەڵیاندا گفتوگۆی هەبووە، بەڵام لەراستیدا کێشەکە لەرووکەشی زانیارییەکانی نیتشەدا نییە، بەڵکو کێشەکە شتێکی ترە"[١٠]. بەپێی بۆچوونی جۆرج لۆکاش تێڕوانینی نیتشە دەربارەی جەستە، لەگەڵ هێڵی ئەو بۆچوونە کۆنەپەرستانەدا هاوتەریبە کە تەفسیرێکی بایەلۆجیانەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرد. لەبەرئەوەی لەسەردەمی نیتشەدا ئەوە دەرکەوت کە داروینیزمی کۆمەڵایەتی توانی ئایدیۆلۆژیایەک بهێنێتە کایەوەو لەسەر بنەماکانی ئەو ئایدۆلۆژیایەوە لێکدانەوەیێکی کۆنەپەرستانە بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت"[١١].

هۆکاری زانستی نەبووە هۆی ئەوەی ئایدۆلۆژیای بورژوازی پێشوازی لە تیۆری داریۆنیزمی کۆمەڵایەتی بکات، بەڵکە لەبەرئەوە ئەم تیۆرە پشتگیری چینی بورژوای دەکردو دژ بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیزم و هاریکاریکردنی کۆمەڵایەتی بوو. جگە لەوانە چینی بورژوا لەگەڵ پارێزگاریکردنی مافی خاوەندارێتیدایەو پێیوایە ئەو مافە بەردی بناغەی هەموو رژێمێکی کۆمەڵایەتییە. لە ئەڵمانیادا نیتشە لە میانەی قسەکانیدا سەبارەت بە (سوپەرمان) و (لەناوچوونی بێ هێزەکان) و (ئەخلاق -ئاکار) و (دەسەڵاتدار) و (ئاکاری ژێر دەستە) پشتگیری لە بۆچوونەکانی داروینیزمی کۆمەڵایەتی دەکرد"[١٢]. کاتێ داروین (تیۆری پەرەسەندنی) بڵاوکردەوە، نیتشە خێرا، وەری دەگرێت و تیۆرێکی بنچینەیی لێ دروست دەکات کە رۆمانسیزمی تازە پێویستی پێ هەبووە: سوپەرمان ئامانجە.. نەک جۆرێکی مرۆڤایەتی، بەڵکو سوپەرمانم دەوێ..

سوپەرمان دروست دەکەم«١٣».

لەگەڵ ئەوەی ئێمە لاریمان لەو راستییە نییە کە بۆچوونەکانی نیتشە سەبارەت بە (جەستە)، شێوازێکی داروینیزمی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، دواتر دەبنە ئایدیۆلۆژیایەکی ئەو چینەی لەقۆناغی شۆڕشگێڕایەتیدا نەمابووەوە، لەبەرئەوەی ئەوکاتە بۆرژوازی وەک هێزێکی کۆنەپەرست دێتە گۆڕەپانەوە... بەڵام گەر هەست بەو ئێش و ئازارانەی کە جەسەتەی نیتشە تووشی ببوو بکەین، تارادەیەک دەتوانین بگەینە ئەو باوەڕەی کە لێکدانەوەکانی نیتشە سەبارەت بە جەستە، زیاتر پاڵنەرێکی زاتی هەبووە، نەوەک مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی هەبووبێ، نیتشە بە درێژایی ژیانی بە دەست ئازارەکانی جەستەیەوە حاڵی پەشێو بوو.

پاییزی ساڵی ١٨٨٢ وەرزێکی نامۆ بوو بۆ نیتشە، پاش ئەوەی، نەخۆشی و ئازاری جەستە دەبنە هاورێ و هاودەمی، لەچیاکانی (ئەلب) بەرەو ئیتاڵیاو باکووری فەڕەنسا، سەرگەرمی گەشت و گوزار دەبێ و بە دوای چارەسەردا دەگەڕێ. بەدوای تیشکی خۆردا دەگەڕێ بۆئەوەی سۆزی چاوە کزەکانی پێ دامرکێنێتەوە. زەردەشت لەوکاتەدا دەبێتە ئەو پەیامبەرەی وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە. زەردەشت لای نیتشە، لەئەنجامی شیکردنەوەو بەڵگە هێنانەوە لەدایک نابێ، بەڵکو لە شینایی ئاسمان و رەنگەکان و، کەش و هەوای ساف و بێگەرد دا لە دایک دەبێ. ژانەسەر و ئێش و ئازارەکانی دیکەی جەستەی نیتشە بوونەتە هۆی هاتنە دنیای زەردەشتەوە. هەموو شتێ دەبێ لە میانەی جەستەوە تێپەڕببێ«١٤». جەستە لەدایک دەبێ و نەشونما دەکات و



گەورە دەبێ، دواتر پیردەبێ و دەمرێ، ئەمانەش هەمووی لە چوارچێوەی ژیاندا روودەدەن، تۆ بڵێی مردنیش بەشێک نەبێ لەژیان ؟

لە راستیدا نیتشە، مردن بە بەشێکی جیانەکراوە لەژیان دادەنێ، مردنیش بۆ دووجۆر دابەش دەکات: یەکەم مردنی سروشتی، دووەم مردنی ئیرادی. مردنی سروشتی ئەو جۆرە مردنەیە، مرۆڤ هیچ ویستێکی خۆی تێدا نییە، بەڵکو حاڵەتێکی سروشتییە. جا لەبەر ئەوە ژیانی مرۆڤ لای نیتشە، بریتییە لە (ویستی هێز) نەوەک (ویستی ژیان) کە شۆپنهاور (١٧٨٨-١٨٦٠) باسی دەکات، نیتشە ژیان بەبێ کۆتایی و بە نەمریی دادەنێ. کەواتە لای نیتشە ویستی هێز، واتە دەست بەسەرداگرتنی ژیان لەلایەن خودی مرۆڤ خۆیەوە لە پێناو ژیانی خۆیدا. کەواتە لەپێناو بەرزی و سەروەریی خودی ژیاندا ئەم دەست بەسەرداگرتنە ئەنجام دەدرێ، کاتێ ناتوانرێ لەو ئاستە بەرزەی ژیان بەدەست بهێنرێ، ئەوەش دەبێ ئەو ساتە بێ هەست بەوە بکرێ، پەرەسەندن و نەشونما کردن تەواو بووە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ژیانێکی پوخت و بەرزە نەک ژیانێکی درێژ، ئەوکاتەش دەزانی، ناتوانی ژیانێکی بەرزتر لەو ژیانەی کە هەتە، بەدەست بهێنی، ئەوکاتە هەست دەکەی پێویستت بە مەرگ هەیە، چونکە ئەو مەرگە ئەو تاجەیە ژیانت بە خۆوە دەگرێ. بۆیە دەبێ مرۆڤ ئاهەنگ بۆ ئەو جۆرە مەرگە بگێڕێ. لەگەڵ ئەمانەشدا نیتشە بەتوندی هێرش دەکاتە سەر ئەم جۆرە مەرگە، چونکە مەرگی سروشتی هۆیەکە، نائومێدی لای مرۆڤ دروست دەکات و وا لە مرۆڤ دەکات لەژیانی خۆی دڵنیا نەبێ و هەمیشە نیگەران

بێ. لەبەر ئەوە لای نیتشە وا باشترە مرۆڤ لەو ئەندێشەیەی مەرگی سروشتی، خۆی رزگار بکات، چونکە سەرەڕای هەموو شت ئەم جۆرە مردنە (تراویلکە) یاخود (سەراب) ئاسایەو دوورە لە واقیع... لێرەدا نیشتە مەبەستی ئەوەیە ئەم جۆرە بۆچوونەی مردن، ئەو هەستە لای مرۆڤ دروست دەکات کە لە راستیدا پێویست بەم هەموو هەڵچوونانە ناکات، چونکە مردن شتێکی ئاساییە، بەڵام لای نیتشە مەرگی خۆویست –ئیرادەگەرێتی، لە مەرگی سروشتی مەزنترە، چونکە مرۆڤ لەمەرگی سروشتیدا هیچ رۆڵێکی نییەو بگرە مردنێکە لە کاتێکی نەگونجاودا روودەدات، نەک هەر ئەوە بەڵکو نیتشە ئەو جۆرە مردنە بە مردنی ترسنۆکانە لەقەڵەم دەدات«[١٥]».

لای نیتشە ئەو مرۆڤەی ژیانی لا بەرزە، دەبێ مەرگی بە شێوەیەکی دیکە بوێت، مەرگێ کە مرۆڤ خۆی تێدا ئازاد بێ و هەستی پێ بکات، بەبێ ئەوەی رێکەوت یاخو چارەنووس رۆڵیان تێدا هەبێ. نیتشە لەسەر زاری زەردەشتەوە بانگەشەی مەرگێکی خۆویست دەکات.

ئەو مەرگەم چەند جوانە، کە من خۆم هەڵی دەبژێرم، ئەو مەرگەی لەسەر داواکردنی خۆمە، بەڵام داخۆ چ ساتێ شایستەی ئەوەیە، تیایدا مرۆڤ داوای مەرگ بکا؟«[١٦]».

زۆربەی خەڵک لەکاتێکی درەنگدا دەمرن، هەندێکی دیکە زوو دەمرن، تاکو ئێستاش خەڵک بەو قسەیە ئاشنا نەبووە کە دەڵێ:

«لە کاتێکی گونجاودا بمرە»... لە کاتێکی گونجاودا بمرە... زەردەشت وات فێردەکات... بەڕاستی ئەوەی



لەکاتێکی گونجاودا نەژی، چۆن دەتوانێ لە کاتێکی گونجاودا بمرێ...؟«[١٧]».

لای نیتشە مردنی خۆویست شتێکی جیانەکراوەیە لەژیان، لەو جۆرە ژیانەی کەخۆی باسی لێوە دەکات، ئەو جۆرە ژیانەی ویستی هێز بەرێوەی دەبات.

مردنی خۆویست ئەو جۆرە مردنەیە کە بەتەواوکەری ژیان دادەنرێ، چونکە کردارێکە لەکردارەکانی خودی ژیان، ئەو کردارەی لە خودی ژیاندا سەر هەڵدەدات، لەپێناو بەرزکردنەوەی ژیاندا. ئەو جۆرە مردنە خودی ژیان لەناو دەبات، بەڵام ژیان بۆخۆی هەڵیدەبژێرێ، تاوەکو بەرزو سەروەر بمێنێتەوە.

لای نیتشە کاتی گونجاو بۆ مردن ئەو ساتەیە مرۆڤ هەست دەکات ژیانی پڕ بووەو ناتوانێ ژیانێکی پوخت ترو بەرزتر لەو ژیانەی هەیەتی، بەدەست بهێنێ. ئەوکاتە گونجاوەش بەرزترین خاڵی سەرەوەری ژیانە. ئەگەر مرۆڤ لەو کاتە گونجاوەدا.. فریای خۆی نەکەوێ، ئیدی ژیانی بەرەو داڕمان و وشکی و بێ مانایی دەچێ. هەربۆیە نیتشە ئاگاداری ئەو مرۆڤانە دەکاتەوە، کە بەر لەوەی سەروەری ژیانیان هەرەس بێنێ، با ئاهەنگی مردن بگێڕن: ئەمە ئەو ساتە گونجاوەیە بۆ مردن.. دەبێ مرۆڤ وا ژیان بەسەر ببا کە بتوانێ لەکاتی گونجاودا توانای مردنی هەبێ...«[١٨]»

ئەم بۆچوونانەی نیتشە، لەسەدەی بیستەمدا و لەقۆناخێ لەقۆناخەکانی فەلەسەفەی «ئەلبێر کامۆ»دا بەرچاو دەکەون. کامۆ سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤ لەژیانداو لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی خۆیدا، باسی فەلسەفەی

خۆکوشتن دەکات، جا ئەگەر نیتشە، بۆ ئەوەی بەرزی و سەرەوەریی ژیان رابگیردرێ، بانگەشەی مەرگێکی خۆویست دەکات. لای (کامۆ) (پڕبوون – Lapassion) یاخود هەست کردن بە پڕبوونی ژیان وادەکات کە هۆشیاری مردن لەلای مرۆڤ دروست ببێت. لەبەر ئەوەی من بوونەوەرێکم لەناو دەچم هیچ شتێک بۆ مەرگم گرنگ نییە، هەر بۆیە منیش گرنگی بەوە نادەم کە خەڵک چۆن دەیانەوێت بژین، یاخود گرنگی بەو جۆرە ژیانە نادەم کە رەوشت و ئاکاری گشتی بەسەر مندا دەیچەسپێنن، بەڵکو بەو جۆرە دەژیم کە خۆم دەمەوێ...»[19].

کاتێ مرۆڤ هەست دەکات جامی ژیانی پڕ بووە، ئەوکاتە هوشیاری مەرگی لا دروست دەبێت. جا ئەگەر ژیان لای زۆربەی وجوودیەکان لە گەوهەردا ئەشکەنجەو ئازار بێت، مەرگ ئارامی بەو مرۆڤە دەبەخشێ کە ژیان پێی نەبەخشیوە. هەرچەندە بۆچوونەکانی کامۆ دەربارەی چارەنووسی مرۆڤ لەژیانیدا بەرێگایەکی داخراو دەگەن، ئەو رێگا داخراوەش خۆکوشتنە.

بەڵام دەربارەی دەست نیشان کردنی رەوشتی مرۆڤی یاخی «الانسان المتمرد» کامۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ پێویستە ژیانێکی پڕ بژی»[20]. لای ئەو، ئەم جۆرە ژیانە پێویستی بە ئازایەتی و ژیری هەیە. بەجۆرێ بۆ ئەوەی مرۆڤی یاخی بوو لەژیانیدا بەردەوام بێت، لەکاتێکدا هیوای رزگاربوونی رۆحی نییە. بۆیە ژیرییەکی واش پێویستە تا وەکو ئەو وەهمانەی خودی مرۆڤ لەژیاندا چنیویەتی بەلاوە بنێت، چونکە خۆی لەخۆیدا (لەناوچوون) لەهەرساتێکدا



هەڕەشەی لێ دەکات.

نیتشە لای وایە بوون جگە لەژیان هیچی دیکە نییە، (ژیانیش ویستە)، (ویستیش) هەر تەنها (ویستی هێزە).

مرۆڤ کاتێک هەست بە (ژیان) و هەست بە (هێز) دەکات ئەوکاتەی بتوانێ هەست بە (بوون) بکات، بەرژەوەندی ژیان خۆی لەخۆیدا بریتییە لە (نرخاندن) – تقییم –و بەهادانان.

ئەم بەها دانانە بۆ شتەکان بریتییە لە خودی (بوون) کاتێک ئێمە لە هەڵوێستێکدا دەڵێین: نەخێر! بەو (نەخێرە) گوزارشت لەو بارودۆخە دەکەین کە ئێمە تیایدا دەژین. واتە گوزارشت لەگەوهەری بوونمان دەکەین. کەواتە (ژیان) و (بوون) هەردووکیان یەک شتن، هەردووکیان بریتین لە (بەهادانان – نرخاندن). ئەگەر چی ژیان نرخاندن و ویستە، بەڵام ئاخۆ چ جۆرە ویستێکە؟.. لەبەر ئەوەی ژیان لەگەشەکردن دایە، لەو گەشەکردنەشەوە لەبەرەوپێشچووندایە، ژیان پێویستی بەهۆکارێک هەیە، تاوەکو لەم پرۆسەیەدا پشتی پێ ببەستێت، پێویستی بە شتێک هەیە کە لەدەرەوەی خۆیدا بێت. (ویست – ئیرادە) ئەو هۆکارەیە ژیان بەهۆی ئەوەوە دەست بەسەر ئەوەی دیکەی دەرەوەی خۆیدا دەگرێت و دەیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەو ویستەش یاخود ئەو ئیرادەیەش بریتییە لە هێز...»[21].

ژیان هەر نایەوێت بەتەنیا دەست بەسەر دەوروبەری خۆیدا بگرێت، بەڵکو دەیەوێت دەست بەسەر خودی خۆشیدا بگرێت، بەسەر خودی خۆشیدا زاڵ بێت تا وەکو «ژیان لەخودی خۆیدا» ئەوە دەربخات کە دەمرێت و لەناو دەچێت.... دەبێ مرۆڤ لەناوچوونی بوێت بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دروست

ببێتەوە«٢٢».

لەبەر ئەوەی ویستی هێز لەمیانەی تێکۆشانەوە نەبێ ناتوانێت دەربکەوێت، تێکۆشانیش هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە کە بەرەنگاری دەبێتەوە. لەبەرئەوەی بەرەنگاربوونەوە وەستانە لەبەرانبەر ئەو شتەی کە بەرەنگاری دەبێتەوەو ئیدی بەم جۆرە هەموو بەرەنگاربوونەوەیەک ئەشکەنجەو ئازاری بەدوادا دێت و ویستی هێز یاخود خودی ژیان لەلای نیتشە لەئازار جیاناکرێتەوە. لەبەر ئەوەیە لای ئەو لە کرۆکی هەموو ژیانێکدا ویستی ئازار هەیە. لەراستیدا گرنگی دان بە ئازار وەک دیاردەیەکی جەوهەری لەژیاندا جگە لە نیتشە لەلایەن فەیلەسووفانی دیکەی سەدەی نۆزدەهەمەوە باسی لێوەکراوەو پێش نیتشە ئەم باسە وروژێندراوە.

– سۆرین کێیەرکگارد Soren kier kegaard (١٨١٣–١٨٥٥) لە ساڵی ١٨٤٩دا کتێبێکی بەناوی (نەخۆشی تاکو مردن) بڵاوکردەوە. بابەتی سەرەکی ئەو کتێبەی کێیەرکگارد باسی (نائومێدی) دەکات. لای ئەو نائومێدی دیاردەیەکی دەگمەن نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو کەسێک تا رادەیک لەحاڵەتێکی نائومێدی دایە، بەڵام زۆرجاران مرۆڤ هەست بەنائومێدی خۆی ناکات.«٢٣»

دوای ئەم کتێبەی، کتێبێکی دیکەی بەناوی (مانای ئازار) بڵاوکردەوە. لەراستیدا بیروڕاکانی ناو ئەم کتێبە دووبارەکردنەوەی هەمان بیروڕاکانی پێشتری بوون کە لە کتێبی (نەخۆشی تاکو مردن)دا بڵاوی بوونەوە. لەو کتێبەی دواییدا، کێیەرکگارد وشەی (نائومێدی) لەگەڵ وشەی (ئازار) هاوتا دەکات. لەکتێبی یەکەمیدا کێیەرکگارد بەشێوەیەکی



گشتی باسی لە نائومێدی کردووەو ئازاریشی وەک شێوازێکی نائومێدی لە قەڵەم داوە.

بەڵام لەکتێبی دووەمیدا بەشێوەیەکی سەرەکی باسی ئازار دەکات. کێیەرکگارد لەو کتێبەیدا دەنووسێت: ئازار ئەو رێگایەیە کە دەشێت مرۆڤ بەهۆیەوە بە ئازادی بگات. ئازار مرۆڤ پەروەردە دەکات لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی دیاریکراو هەڵدەلووشێ، هەروەها لایەنی شاراوەیی هەموو شتێکی دیاریکراو دەدۆزێتەوە«٢٤». ئەم بۆچوونەی کێیەرکگارد بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا بەسەر نیتشە وەبەرچاو دەکەوێت. لە (دانایی شاد)دا نیتشە باس لەئازار دەکات و وەک هۆکارێک ناوی دەبات بۆ ئەوەی مرۆڤ لەتێڕوانین و ژیانیدا هەوڵی قووڵبوونەوەی زیاتر بدات. هەرچەندە نیتشە گومان لەوە دەکات ئەو ئازارە مرۆڤ بەرەو حاڵەتێکی باشتر لەو حاڵەتەی تێیدایە ببات. نیتشە دەنووسێت: ئازار وا لە ئێمەی فەیلەسووف دەکات رۆبچینە قووڵایی خۆمانەوە، گومان لەوە دەکەم کە ئەو ئازارە بەرەو باشترمان ببات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم وامان لێ بکات، زیاتر لە شتەکان قووڵبینەوە«٢٥». لای نیتشە ئازار شتێکی ناهەموار نییە، هەروەک چۆن زۆربەی فەیلەسووفەکان دەڵێن: ئازار هیچ چێژێکی نییە (بێ لەزەتە). بەپێی بۆچوونی نیتشە چێژ ئامانجی ژیان نییە، هەروەک چۆن لای مرۆڤ بەختیاریش ئامانجی بوون نییە، چونکە لای نیتشە چێژ لەئەنجامی تێرکردنی ئارەزووەوە بۆ رازیکردنی ویست نییە، بەڵکو چێژوەرگرتن لە ئەنجامی بەردەوام بوونی ویست و سەرکەوتنی بەسەر ئەو شتانەی کە دێتەسەر رێگای، دێتە

کایەوە. لەبنەمادا چێژ وەرگرتن رازی نەبوونی ویستە کاتێک ویست هێشتاکە تێرنەبووەو، لەئەنجامدا بەهۆی نەبوونی دوژمن و بەرەنگاربوونەوەی ئەم رازی نەبوون و تێرنەبوونەی ویست، هەستکردن بەژیان دەبزوێنێ، ئەمەش پاڵنەرێکی گرنگی وروژاندنی ژیانە، (چێژ) و (ئازار) دوو شتی بەدوایەکدا هاتوون، ئەو شتەی مرۆڤ لەوی دەیەوێت و بەراستی بە دوایدا وێڵە، هێزێکی زیاترە لەو هێزەی کە هەیەتی نەوەک دوورکەوتنەوە لە ئازارو گەڕان بەدوای چێژدا. هەرچەندە بەرەنگار بوونەوە زیاد بکات، دوژمنایەتی توند دەبێت، هەرچەندە بەرەنگاربوونەوە زیاتر بێت، ئا ئەوکاتەش دوژمنایەتی (بەیەکدادان) دروست دەبێت و ژیانیش دەکەوێتە مەترسییەوە. ویستی هێزیش بریتییە لە ویستی مەترسی. ئامانجی ویستێکی پتەو ئەوەیە مرۆڤ ژیانی لەمەترسیدا بێت. چونکە هەموو مەترسییەکی گەورە وامان لێ دەکات زیاتر لەوە بکۆڵینەوە کە داخۆ دەبێ تا چ رادەیەک هێزو تواناو ویستی دوژمنایەتیمان هەبێ. لەبەرئەوەی بێ هێز خۆی دەخاتە ژێر دەستی خاوەن هێزەوە، ئەو خاوەن هێزەش دەسەڵاتی بەسەر ئەو بێ هێزەدا دەشکێ، ئیدی ئەو خاوەن هێزەش خۆی تووشی مەترسی دەکات لەپێناو هێزەکەی خۆیداو ژیانی خۆشی دەبەخشێت لەپێناو مەترسییەکاندا. لێرەدا دەتوانین جیاوازییەکانی نیتشە لەگەڵ شۆپنهاوەرو داروینیدا بەدی بکەین.

بەپێی بۆچوونی شۆپنهاوەر، ویست (Will) بریتییە لەو وزە رۆحییەی کە هەمیشە پارێزگاری ژیان دەکات و ژیان بڵاودەکاتەوە»[٢٦].



ویست (ئیرادە) کرۆکی بوونەو لەگەوهەری هەموو شتێکە و لە هەمووکات و شوێنکدا هەیە. سەرجەم گەردوون ویست بەرێوەی دەبا. ئەگەرچی وەکو شتێکی بەرجەستەکراو نابیندرێت، بەڵام لەقووڵایی هۆشیاری مرۆڤەوە سەر هەڵدەدات»[٢٧]. کەواتە لای شۆپنهاوەر جیهان (گەردوون) بریتییە لە ویست، کرۆکی بوون ویستە، ویست وا لە مرۆڤ دەکات هەمیشە تێبکۆشێت و کۆڵنەدات. ئەم ویستەش (ویستی ژیانە). نیتشە تا ئەو رادەیە لەگەڵ شۆپنهاوەر دایە کە ویست بەکرۆکی بوون دادەنێت. بەڵام کاتێ شۆبنهاوەر دەیەوێت لەدەرەوەی ژیان، ئامانجی ژیان دیاری بکات، لەم بارەیەوە نیتشە بۆچوونێکی دیکەی هەیە، کاتێ دەڵێت ئەوکاتەی ژیان هەبێت ویستیش هەیە، بەڵام ویستی هێز نەک ویستی ژیان»[٢٨].

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت نیتشە هەرچەندە چەمکی (ئیرادە – ویست)ی لەشۆپنهاوەرەوە وەرگرتووە، بەڵام رەنگ و بۆنی فەلسەفییانەی خۆی پێ بەخشیووە.

لە ساڵی ١٨٦٥دا نیتشە کتێبی «جیهان وەک ویست و بیرۆکە»ی شۆپنهاوەری خوێندەوە، دەربارەی کاریگەرێتیی ئەم کتێبە، نیتشە دەڵێ:«ئاوێنەیەک بوو، من تێیدا جیهان و ژیان و سروشتی خۆمم، لەناو وێنەیەکی مەزنی ترسێنەردا دۆزییەوە. وام هەست دەکرد، شۆپنهاوەر، تەنیا لەگەڵ مندا دەدوێ و قسەکانی ناو کتێبەکەی ئاراستەی من دەکات. من هەستم بە سەرگەرمییەکەی کرد. وام هاتە بەرچاو شۆپنهاوەر لەبەرانبەرم دایە. لای من هەر دێڕێکی ئەو کتێبە، بە دەنگی بەرز بانگی خۆ بەدەستەوەدان و نکۆڵی و

سەرکێشی دەدات»[٢٩].

لە راستیدا تا ئەوکاتە نیتشە وەک هۆکارێکی هەرەسهێنان دژی (رەشبینی) شۆپنهاوەر وەستا. هێشتاکە کاریگەرێتی شۆپنهاوەری بەسەرەوە مابوو. بەڵام «ویل دیورانت» دەڵێ: کاتێ نیتشە، کتێبەکانی «سپینوزا -١٦٣٢-١٦٧٧» و «گۆتە»ی فەیلەسووفی خوێندەوە، ئینجا لە کاریگەرێتی شۆپنهاوەر رزگاری بوو»[٣٠].

جیاوازی بۆچوونەکانی نیتشە لەگەڵ (چارلس داروین)دا، لەوەدایە کە لای داروین کرۆکی بوون و ژیان، لەململانێ لەپێناوی مانەوەدا، خۆی دەنوێنێ. واتە ململانێ لەنێوان جۆرەکانی گیانداران و مانەوەی باشترین جۆریان. بەڵام لای نیتشە ژیان بریتییە لە ململانێی هێزو ململانێی دەست بەسەرداگرتن. نیتشە لای وایە ململانێ لەپێناوی مانەوەدا، حاڵەتێکی کاتییەو، بچووک کردنەوەو بەرتەسک کردنەوەی «ئیرادەی هێزی ژیانە». بەڵام ململانێی گەورەو بچووک لە هەموو شوێنێکداو لەهەموو کاتێکداو لەهەموو روویەکەوە، ململانێی پەیداکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی هێزە»[٣١].

سەرەڕای ئەم جیاوازییانەی نێوان داروین و نیتشە، کەچی هێشتا نیتشە، قەرزارباری تیۆری «پەرەسەندن – تطور»ی داروین بوو. تیۆرەکانی داروین و سیاسەتی «بسمارک» کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر نیتشە هەبوو. نیتشە وا راهاتبوو هێرشی دەکردە سەر هەموو ئەوانەی کە کاریگەرییان لەسەری هەبوو. ئەمە شێوازێکی ناهوشیارانەی خۆی بوو، قەرزی ئەو فەیلەسووفانەی پێ دەدایەوە، کە بەجۆرێ لەجۆرەکان پێیانەوە کاریگەربوو»[٣٢].



لای نیتشە (ویست یاخود ئیرادەی هێز) پاڵنەرێکی راستەقینەیە لەخودی مرۆڤدا. هەروەها لەپرۆسەکانی ناو کۆمەڵ و دەوڵەتدا هۆکارێکی سەرەکییە. جگە لەوانە لەخودی مرۆڤی بەهێزدا، (ویستی هێز) ئەو پاڵنەرەیە، وا لە مرۆڤ دەکات (سەرکێش – مغامر) بێ و، ململانێ بکات و لە تیکۆشان کۆڵنەدا. بەزەیی پیهاتنەوە وەک دیاردەیەک، ویستی هێز دەبزوێنێ، مرۆڤی بەهێز لەبەزەیی پێهاتنەوەدا هەست بە چێژی هێز دەکات، هەست دەکات خەڵک دەچنە ژێر دەسەڵاتی کەسێکی بەهێزەوە. دیارە لە پشت پەردەی چوونە ژێر رکێفی کەسی بێ هێزیشدا دیسان ئیرادەی هێز خۆی مەڵاس داوە، کەسانی بێ هێز دەڵێن: ئێمە چۆک دادەین و دەچینە ژێر رکێفی بەهێزەکانەوە، بۆیە ئەو کارە دەکەین تا بتوانین هەست بە (هێز) بکەین»[٣٣].

ئاکار – ئەخلاق –ی مەسیحی، بەزەیی پێهاتنەوە بە هەستێکی مرۆییانەو باش لەقەڵەم دەدات. نیتشە رەخنەی لەو ئاکارو بۆچوونانەی مەسیحییەت گرتووەو تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو جۆرە هەستکردنە تەنیا هەستێکی خۆپەرستانەو شاراوەی مرۆڤەو هیچی تر نا، چونکە کاتێ، بەزەییمان بە یەکێک دێتەوە، لەوکاتەدا هەست بەوە دەکەین، نەوەکو رۆژێ ئێمەش وەکو ئەو کەسەمان لێ بێ و بێت و ببینە جێگای بەزەیی پێداهاتنەوەی خەڵکانی دیکە»[٣٤].

زەردەشت پێمان دەڵێ: ئێوە بەزەییتان بەخەڵکی نزیک خۆتان دادێتەوە. بەقسەی خۆش و بریقەدار گوزارشت لەو بەزەیی پێهاتنەوەیە دەکەن، بەڵام من پێتان دەڵێم ئەم جۆرە خۆشەویستییەتان بۆ خەڵکی نزیک خۆتان، جگە

لەخۆپەرستییەکی شاراوە، هیچی دیکە نییە. ئێوە پەنا بۆ خەڵکی نزیک خۆتان دەبەن، بۆ ئەوەی لەخودی خۆتان هەڵبێن.«٣٥»

ئەم رەخنەیەی نیتشە جێگای سەرنجە، چونکە ئەگەر راست بێ و هەموو هەست بە بەزەیی کردنێ، راکردنی مرۆڤ بێ لەخودی خۆیی و نیشانەی خۆپەرستی ئەو مرۆڤە بێ، ئەوا نەدەبووایە هەرگیز نیتشە خۆی رەخنەی لەو هەستکردن بە بەزەیی هاتنەوەیە بگرێ. مەگەر ئەویش بیویستایە خۆپەرستی خۆی نیشان بدات و لەخودی خۆ رابکات. لەبەر ئەوە بە پەسەندی نازانین کە لەهەموو حاڵەتێکدا بەزەیی پیاهاتنەوە، بەڕاکردنی مرۆڤ لەخودی خۆی بزاندرێ، ئەگەر چی بە دووریشی نازانین لەهەندێ حاڵەتدا ئەم بۆچوونە شوێنی خۆی بگرێ، لەکاتی هەست کردنی مرۆڤ بەهەر حاڵەتێکی دەرەوەی خودی خۆی. مەحاڵە بتوانێ ئەو هەستکردنە، مرۆڤ لەهەموو سیمایەکی زاتی مرۆیی دابماڵێ، چونکە خودی پرۆسەی هەست کردن لەزاتی ئەو مرۆڤەدا روودەدات.

لەناو کۆمەڵگادا ئیرادەی هێز، رۆڵێکی گرنگ دەبینێت و رەگ و ریشەی لەهەموو شتێکدا داکوتاوە، یەکەمین شتێ کە لەم سەردەمەدا، ویستی هێزی لێ بەدی دەکەین، پەرستنی پارەیە. خەڵکی زۆر بە پەرۆشیەوە پارە کۆدەکەنەوە، لەڕاستیدا، ئەو خەڵکانە بەهۆی نەبوونی و پێویستیانەوە نییە ئاوەها پەرۆشی پارە کۆکردنەوەن، بەڵکو ئارەزووی دەست بەسەراگرن و هەست کردن بەهێز، لەپشتی ئەو پەرۆشییەوەیە، تا بتوانن، بەهۆی کۆکردنەوەی پارەی زۆرەوە،



(هێز)و دەسەڵاتیان، زیاتر بکەن. لەکاروباری سیاسیدا، رۆڵی (ئیرادەی هێز) بەباشترین شێوە دەردەکەوێ. داواکاری یەکەمی «بێهێزەکان» لە بەهێزەکان، (دادپەروەرییە). پاش دادپەروەری ئینجا داوای ئازادی دەکەن. بێ هێزەکان دەیانەوێ لەکۆڵ ئەو کەسانە ببنەوە کە هێزیان بەدەستەوەیە. جگە لەوانە بێ هێزەکان داوا دەکەن لە مافەکاندا یەکسانی هەبێ. سەرجەم رەفتارەکانی خودی بێ هێز لەوەدا دەردەکەون کە: خۆپارێزەو هەمیشە داوای ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەریی و ئازادی دەکات، بەڵام خاوەن هێز، یاریی بە ئاگر دەکات و ژیانی پڕیەتی لە مەترسیی و زۆرانبازی.

لەمەعریفەت -زانین-دا، دیسان (ویستی هێز) دەردەکەوێتەوەو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە نایەوێ، راستیەکان بناسێ یاخود راستییەکان بدۆزێتەوە. بەڵکو نیتشە پێی وایە، مەعریفەت دەیەوێ، دەست بەسەر شتەکاندا بگرێ و بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. هەموو ئەندامەکانی زانین و هەست کردنمان هەوڵی ئەوە دەدەن، بارودۆخێکی وا بهێننە کایەوە، ژیان تیایدا پارێزراو بێ. متمانە کردنیش بە عەقڵ و لۆژیک و بەهاکان، ئەوە دەردەخەن کە ئەو شتەی ئەزموون سەلماندوێتی و کەڵکی بۆ ژیان هەیە، راست و دروستە. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ئەو شتە لەخودی خۆیدا (راستی)یەکە، چونکە کرۆکی راستی ئەوە نییە کە ئەو شتە لەخودی خۆیدا راست بێت، بەڵکو مرۆڤ دەبێ باوەڕ بکات، ئەو شتە راستە. ئەمەش لەبەر ئەوەی عەقڵ و لۆژیک راستێتی ئەو شتەیان سەلماندووەو سەلماندوویانە کە کەڵکی بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە، کەواتە کەڵک وەرگرتن پێوەرێکە بۆ پێوانی

راستی و ناڕاستیی شتەکان.

لێرەدا نیتشە وا لەکەڵک وەرگرتن تێدەگا، کە ئارەزووەکانی ویستی هێز دەهێنێتە دی. هەر بۆیە دەڵێ، ئەو شتانەی کەڵکیان هەیە، دەتوانن ژیان بەرەو بەرزی و سەروەری ببەن و دەست بەسەر ژیاندا گرتن مسۆگەر دەکەن[٣٦].

ویستی هێز هۆکارێکە بۆ دروست کردنی هەموو بەهاکان، پاڵنەرێکیشە بۆ کارکردنیان. چاکە وەکو بەهایەکی سەرەکی لەناو کۆمەڵگادا، لەسروشتی شتەکاندا نییە. نیتشە پێی وایە چاکە دەرەنجامی زاڵ بوونی (ویستی دەست بەسەراگرتنە) لەلایەن، یەکەیەکی کۆمەڵایەتییەوە. ئەو یەکەیەش «دەسەڵاتدارە»، وەکو (مەعریفەت)یش نیتشە لەو باوەڕەدایە چاکە ڕێگایەکە، ئامانجەکانی ویستی هێز لەبوارەکانی کۆمەڵایەتیدا، لەو ڕێگایەوە، جێبەجێ دەکرێن، نیتشە لەو باوەڕەدایە لەودیو ئەو بەهایانەی خودی مرۆڤ دایهێناون، ویستی هێز، لەپێناو زاڵبوون و دەست بەسەراگرتنی شتەکان، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، خراوەتە کار.

نیتشە لە کتێبی «ویستی هێز» دا نووسیویەتی:«ئەم جیهانە جگە لە ئیرادەی هێز هیچی دیکە نییە...، تۆش هەر تەنیا (ویستی هێزی)ت و، هیچی دی نا»[٣٧].

هێز سەرمەشقی ژیانەو، جەنگ، ئاگر خۆشکەریەتی، لەبەر ئەوەیە نیتشە بەزاری زەردەشتەوە، دەڵێ:«ئاشتییتان وا خۆش بوێت، ڕێگایەکە بەرەو هەڵگیرسانەوەی جەنگ. باشترین ئاشتی ئەوەیە، ماوەکەی کورتەو زۆر ناخایەنێ... من داواتان لێ ناکەم ئاشتی پەروەر بن، بەڵکو داواتان لێ



دەکەم هەمیشە سەرکەوتوو بن.. با ئاشتیکردنتان... سەرکەوتن بێ.. هەر جەنگە کاری وا گەورەی کردووە، هەرگیز خۆشویستنی خەڵکی تیا ڕەچاو نەکراوە، هەر تەنیا ئازایەتییە، چاکەو خێریشە»[٣٨].

دەسەڵاتدارانی سیاسیی سەدەی بیستەم، بۆچوونەکانی نیتشەیان دەربارەی هێزو ململانێ و شەڕ قۆستەوەو کردیانە پشتگیرییەکی تیۆریی بۆ دەسەڵاتەکانیان. وەک چۆن لە ئیتاڵیادا، فاشیستەکان، وەکو پێشەواو ڕابەرێک سەیری (نیکۆلای میکاڤیلی)یان دەکرد، بەهەمان شێوەش، لەئەڵمانیادا «نازیەکان»یش نیتشەیان بە ڕابەرێکی فیکریی خۆیان دادەنا. لەسالانی سییەکانی سەدەی بیستەم (ئەلفرێد بۆملەر Alfred Baumler) ئەندامی حزبی نازی، کتێبی «ویستی هێز»ی نیتشە بە شاکارێکی مەزن دەزانێ. ئەوکاتەی (هیتلەر) دەسەڵاتی گرتە دەست، بۆملەر، پرۆفیسۆری فەلسەفە بوو لە زانکۆی بەرلین[٣٩].

(مورادی فەرهاد پور) لەم بارەیەوە نووسیویەتی.. سەرجەم ئەو کەسانەی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە نیتشەو فەلسەفەکەی سەرسام بوون، یا ئەوەتا ئەندامی حزبە فاشی و نازیەکان بوون یاخود سەر بە بزووتنەوە جەماوەرییە نیمچە فاشیستەکان بوون، یاخود بەلایەنی کەمەوە، لەچوارچێوەیەکی ئایینیدا، ستایشی پەرستنی هێزیان دەکرد. تا ڕادەیەک ئەو لایەنانە «ویستی هێز» یان بە پەیڕەوێکی بنچینەیی نیتشە دادەنا، نەک گەڕانەوەی سەرمەدی»[٤٠].

شپنگلەر کە فەیلەسووفێکی نازی ئەڵمانی بوو، لەو باوەڕە

دابوو کە مرۆڤ ئاژەڵێکی دڕندەیەو رق و کینەی لەو کەسانەیە کە دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە. ئەو فەیلەسووفە نازی‌یە دەپرسێت: ئەگەر من بەمرۆڤ بڵێم ئاژەڵێکی دڕندە، ئایا من حورمەتی مرۆڤ دەشکێنم یاخود حورمەتی ئاژەڵ؟.. ئەوەتان لەبیر نەچێت کە گەورەترین ئاژەڵی ڕاو، بوونەوەرێکی پاک و بەڕێزەو ئەو پۆخلەواتە بێهێزی و لاوازییەی تێدانییە کە لەمرۆڤدا هەیە»[٤١].

ئەم بۆچوونەی سینکلەری فەیلەسووفی نازی لەو فەلسەفەیەی نیتشە وەرگیراوە کە دەڵێت: رەوشت لەلایەن بێهێزەکانەوە دانراوە، بۆ ئەوەی لەدەست خراپەکاری بەهێزەکان خۆیان بپارێزن. پیاوانی راستەقینەش وەکو ئاژەڵی دڕندە وان، کە ژیانیان هەمیشە پڕیەتی لەشەڕو شەڕخوازی... ئەمە ئەو فەلسەفەیەی نیتشە بوو کە ماوەیک بوو دونیای فەلەسەفەی تێکئاڵۆزکاندبوو. بەڵام لەسەدەی بیستەمدا فاشیزم –نازیزم پێشوازیان لێی کردو ئەو فەلسەفەیان لەکانگای دڵەوە خۆشدەویست و چین و توێژێکی زۆریان پێ پەروەردە دەکرد، بۆ ئەوەی ببنە سەگی ڕاو، و ئاژەڵی دڕندەو هێرشبەری سەرمایەداریی ئیحتیکاری... بانگێشەی ئەوەیان دەکرد، کە هیچ شتێک لە سەرهەق نییە، تەنها هێز نەبێت. دەست بەسەرداگرتن و تالانکردن یاسای ژیانەو لەلایەن بەهێزەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام بێ هێزەکان توانای پەیڕەو کردنی ئەو یاسایەیان نییە. فاشستەکان –نازیەکان لەڕێگای ئەو بۆچوونانەوە بەرگرییان لەکارە نابەجێیەکانی رژێمی سەرمایەداری دەکرد. مادامەکینێ ئەوان بەهێزن و ئەو مولکانەی هەیانە بەهێز



دەستیان کەوتووەو هەر بەهێزیش دەیپارێزن، جا لەبەرئەوە ئەو مولکانە هەر شایستەی ئەو بەهێزانەیە. بەزەیی پێ هاتنەوەو ڕاستگۆیی و ئەمانەت، سەرجەم ئەو ڕەوشتانە ئەو پەتکەن کە بێ هێزەکان دەستیان پێوە گرتووەو هیچ سوودی نییە»[٤٢].

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بەفەلسەفەی یاسا لای نیتشە بکەین، هەرچەندە ئەم فەیلەسووفە بابەتێکی دیاریکراوی لەم بوارەدا نییە، واتە سەبارەت بە فەلسەفەی یاسا هیچ نووسینێکی تایبەتی نییە، بەڵام لەمیانەی سەرجەم بۆچوونەکانیدا لەبارەی گرنگی دانی بەهێزو جەخت کردنی لەسەر ویستی هێز لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، دەتواندرێت کۆی بۆچوونەکانی لەمەر فەلسەفەی یاسادا بخرێتە ڕوو.

یاساناسی ئەڵمانی بەناوبانگ (ئهرینگ) لە ساڵی ١٨٧٢دا کتێبێکی بەنێوی (ململانێ لە پێناو یاسادا) بڵاوکردەوە. ئهرینگ تا ئەوکاتەی ئەو کتێبەی بڵاوکردەوە، زیاتر وەک لایەنگرێکی قوتابخانەی مێژوویی لەیاساناسی دا ناسرابوو، ئەو قوتابخانەیەی کە بنچینەی یاسای دەگەڕاندەوە بۆ ویژدان و رۆحی میللەت، واتە بۆ هێزێکی میتافیزیکی و نادیار. بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە هەروەک زمان سەیری یاسایان دەکرد. لای ئەوان یاسا لەرۆحی ویژدانی میللەتەوە هەڵدەقوڵێ، یاخود لەباوەرپێهێنانێکی گشتی دا دێتەکایەوە، کە یەکەیەکی بیری لەنێوان ئەندامەکانی یەک وڵاتدا دروست دەبێت. (سافینی) یاساناسی ئەریستۆکراتی ئەڵمانی رابەری ئەم قوتابخانەیە بوو، قوتابخانەی مێژوویی لەفەلسەفەی یاسادا، درێژەپێدانی رێبازی ڕۆمانتیکی بوو لەبیری

ئەڵمانیادا لە سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەو قوتابخانەیە تەعبیری لەئایدۆلۆجیای دەرەبەگایەتی دەکردو بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی چینی ئەرستۆکراتی دەکرد«٤٣».

ئەهرینگ لەو کتێبەیدا (ململانێ لەپێناو یاسادا) توانی خۆی لەقوتابخانەی مێژوویی دەرباز بکات، لای یرنگ ژیانی یاسا ململانێیە، ململانێی میللەتان، ململانێی دەسەڵاتەکان، ململانێی چینەکانی کۆمەڵ، ململانێی تاکەکان... لەبەرئەوەیە (تیمس) خواوەندی دادپەروەری لەدەستێکیدا تەرازوویەک هەیە، کە دادپەروەری پێ دەکێشێت و بەدەستەکەی دیکەی شیرێکی گرتووە بۆئەوەی بەهۆیەوە بەرگری لە دادپەروەری بکات«٤٤».

ئەهرینگ هەروەک نیتشە کەوتبووە ژێر کاریگەری سیاسەتە ئاسن و خوێنەکەی بسمارک، هەروەها لەژێر کاریگەرێتی بیری پەرەسەندنی داروین دابوو. جگە لەوە فەلسەفەکەی هیگل و مارکسیش کاریگەریی خۆیان هەبوو بەسەریەوە. بۆچوونەکانی نیتشە لەمەڕ ڕۆڵی هێز لەژیاندا هاوتەبایەکی تەواویان هەیە لەگەڵ بۆچوونەکانی (ئەهرینگ)دا.

کاریگەرێتیی شۆپنهاوەرو یرنگ لەبابەت گرنگی دان بە ڕۆڵی هێز لەسەر نیتشە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بەرچاو دەکەوێت، لەبەر ئەوەی نیتشە فەلسەفەی شۆپنهاوەرو زانستی یاسای (ئەهرینگ)ی خوێندبۆوە«٤٥».

بۆچوونەکانی نیتشە لەمەڕ ئاکارو ڕەوشت کە بەدیاردەیەکی بێ هێزەکانیان لەقەڵەم دەدات، لەبەرامبەر بەرگری کردنیان لەهێزی دەسەڵاتداران، هەروەها بۆچوونەکانی ئەو فەیلەسووفە سەبارەت بە نکۆڵی کردن



لەدادپەروەری و یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا، دواتر دەبنە بەرنامەیەکی داڕێژراوی نازیزم.

سەرجەم ئەو بۆچوونانەی نیتشە لەفەلسەفەی یاسادا دەکرێت بەوە لێکبدرێتەوە، کە نیتشە یاسایەکی گەرەکە، کە مرۆڤێکی بەرز – سوپەرمان – بهێنێتە کایەوە، ئامانجی یاسا لای نیتشە دابین کردنی یەکسانی و دادپەروەری نییە لەناو کۆمەڵدا، لەبەر ئەوەی لەوپەری ململانێدا مرۆڤی بەهێز دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. هەر ئەو بەهێزەش دەتوانێت یاسای خۆی لەسەر بێهێزەکان و بێ دەسەڵاتەکان بچەسپێنێت. فەلسەفەی یاسای نیتشە هەمان فەلسەفەی هێزو ململانێیە کە (ئەهرینگ) باسی لێوەدەکات.

بەم پێیە پەرستنی هێز لای یرنگ، دەبێتە ویستی هێز لای نیشتە، پاشانیش دەبێتە ئایدیۆلۆجیای هێزو دەستەو تاقمی نازیزم، کە لە ئەنجامدا نابووتترین و داپەلۆسترین جۆری حوکمی لێ دەکەوێتەوە«٤٦».

نیتشە، کتێبی «ویستی هێز»ی لە نێوان ساڵانی ١٨٨٣ تا ١٨٨٨ نووسیوەو، بەشێوەیەکی پەرش و بڵاوو ناڕێک، لەناو دەفتەرەکەی خۆیدا، تۆماری کردووە. نووسین و تۆمارکردنی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە بەو شێوە نارێکە، دەکرێ بۆ چەند هۆکارێ بگەڕێتەوە. یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە کە دوور نییە نیتشە مەبەستی ئەوە بووبێ، ناوەڕۆکی ئەو کتێبە، بڵاونەکاتەوە، بەڵکو وەکو کۆمەڵێ تێبینی خۆی هەر بۆ تۆمارکردنی خۆی نوسیبێتی، کە لەمیانەی وردبوونەوەی ڕۆژانەی خۆی لای گەلاڵە بووبێ، یاخود دەتوانین بڵێین هۆکارێکی دیکەی ئەو مەسەلەیە ئەوە بووبێ، نیتشە خۆی

هەمیشە لەبارێکی دەروونی شڵەژاوو ئاڵۆزو پڕ لە نیگەرانیدا بووەو ئەمەش وای لێکردووە، ئەو کۆمەڵە نووسینەی (واتە کتێبی ویستی هێز)ی بەرێکوپێکی نەنوسیبێ، بەڵکو هەر تەنیا نمرەی بۆ پەرەگرافەکان داناوە. نووسراوی «ویستی هێز» ساڵێک پاش مردنی نیتشە (١٩٠٠)، «ئەلیزابێت فۆرستر»ی خوشکی لەگەڵ کۆمەڵە نووسینێکی دیکەیدا، بڵاویکردۆتەوە.

نیتشە هەستی بەوە دەکرد، ڕۆژێ لە ڕۆژان، دەسەڵاتدارانی سیاسی وڵاتەکەی نووسراوی، (ویستی هێز) دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بە دەسەڵاتەکانیان بدەن. لەم بارەیەوە نووسیوێتی:«حەزم دەکرد ئەو کتێبەم بە فەرەنسی بنوسیایە، نەوەک وا بکەوێتەوە، گوایە پشتگیری کردنێکە لە دەسەڵاتدارانی (رایخ)ی ئەڵمانی[٤٧].

هەروەک (ڤالتەر بنیامین) دەڵێ: جوان کردنی –بە ئیستاتیکاکردنی – هێز سیمایەکە لە سیما بنچینەییەکانی فاشیزم و نازیزم[٤٨].

لەبەر ئەو هۆیانە، بۆچوونەکانی نیتشە دەربارەی هێز، هۆکارێکی سەرەکی بوون، بۆئەوەی لایەنگران و خودی نازییەکانیش نیتشە بە پێشەوای خۆیان دابنێن. ئەگەرچی ئەم بۆچوونانەی نیتشە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی نەبووبێ بەدارشتنی بیروبۆچوونەکانی نازیزمەوە.

گومان لەوەدا نییە، هۆکارێکی دیکە بۆ ئەوەی نازیزم کەڵک لەنووسینەکانی نیتشە وەرگرێ، ئەو تەمومژاوییەی ناو بۆچوونەکانی نیتشەیە، بەتایبەتی ئەو بۆچوونە ئاڵۆزو تێکچڕژاوانەی لە «ویستی هێز» دا خستونیەتە ڕوو. دیارە



تەمومژاوی بوونی ئەو نووسینەو. بۆچوونەکانی، بۆئەوە دەگەڕێتەوە ئەم فەیلەسووفە ویستوویەتی ڕەخنە لە ئاڵۆزترین چەمکی میتافیزیکی و فەلسەفی خۆرئاوا بگرێ و دواتریش (نیهیلیستبوونی ئەوروپا – عدمیة أوروپا) رابگەیەنێ[٤٩].

ئەمە جگە لەوەی نووسینەکانی نیتشە زۆرجاران، لەگەڵ ئەوەی ریزکردنی چەند وشەیەکی کورتن لەهەمان کاتدا، تێگەیشتن لێیان، ئەگەر مەحاڵ نەبێ زۆر قورسە. لەبەر ئەمەشە زۆرجار هەست بە نەبوونی بیرێکی گونجاو و ڕێکخراو دەکەین. هەر دەربارەی کتێبی (ویستی هێز)، نیتشە، نووسیویەتی: ئەو کتێبە تەنیا هەر بۆ بیرکردنەوە دەشێ، کتێبێکە بۆ ئەو کەسانە باشە چێژ لەبیرکردنەوە وەردەگرن[٥٠].

(جۆرج پلیخانۆف) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی (هنریک ئەپسن)ی چیرۆک و شانۆنامەنووسی نەرویجی تەئکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هۆکاری سەرەکی ئەو تەمومژەی لە بەرهەمەکانی «ئەپسن» دا بەرچاو دەکەوێ، یاخود هۆکاری پەنابردنی ئەپسن بۆ (سومبوڵ – رەمز) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی ئەپسن، نوێنەرایەتیان دەکات، ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی فراوانیان نییە تاکو دوور لەتەمومژ، نەخشەی دوارۆژ بکێشن. بەپێی بۆچوونەکانی (پلیخانۆف) کەسانێ پەنا بۆ هونەری (سومبولزم – الرمزیە) دەبەن، کە ناتوانن لەمانای واقیعێکی دیاریکراو تێ بگەن و، لەتێگەیشتن و نەخشەدانانیش بۆداهاتوو، دەستەوسان دەمێننەوەو، لەو کاتەشدا جگە لە تەمومژاوی کردنی واقیع (یاخود ئەبستراکت – تجرید) کردنی واقیع هیچ ڕێگایەکیان

لەبەردەمدا نییە»[٥١].

جا ئەگەر لەروانگەی ئەم بۆچوونەی پیلخانۆفەوە سەیری مەسەلەی تەمومژاوی بوونی بۆچوونەکانی نیتشە بکەین، ئەوا دەبێ بڵێین، فەلسەفەکەی نیتشە گوزارشت لە ئایدیۆلۆژیای چینی بورژوازی دەکات لەو قۆناخەی کە بورژوازی سیمای شۆرشگێرایەتی خۆی لەدەست دابوو، ببوە هێزێکی کۆنەپەرست. ئەمەش دروست لەگەڵ ئەو لێکدانەوەی پێشومان یەک دەگرێتەوە، کە دەربارەی داروینیزمی کۆمەڵایەتی نیتشە، باسمان لێوە کرد.

دیارە ئەو بۆچوونەی نیتشە سەبارەت بەوەی، جەنگ و شەڕوشۆر –کە هێز رۆڵێکی سەرەکییان تیادا دەگێڕێ– هۆکارێکە بۆ پاک بوونەوەی رەگەزی مرۆڤایەتی و بەرزبوونەوەی، لەم سەرەدەمی ئێمەدا ئەو بۆچوونە زۆر خراپ دەکەوێتەوە، بگرە جێگای مەترسییەکی گەورەشە، بەجۆرێ هەڕەشە لەمافی مرۆڤایەتی دەکات. چونکە بۆی هەیە ئەم بۆچوونەی نیتشە لەسەردەمێکدا پەسەند بووبێ کە هۆکارو تەکنیکی جەنگ وەکو ئێستا، پێشکەوتوو نەبووەو، لەجەنگەکانی ئەوسادا، دەرفەتی دەرکەوتنی کەسایەتی و ئازایەتی مرۆڤ هەبووە. بەڵام لەسەردەمی هێزی ئەتۆمی و چەکی کوشندەدا، چ دەرفەتێک بۆ دەرکەوتن و بەرزبوونەوەو پاکێتی مرۆڤ لەئارادایە، لەکاتێکا ئەم جۆرە تەکنیکە تازە جەنگیانەی ئەم سەردەمە، هەڕەشە لە تەواوی جیهان و گۆی زەوی دەکەن، بەڵام دیارە هەروەکو (یانکو لاڤرین) دەڵێ»[٥٢]:

«لەجیاتی ئەوەی نیتشە تەماشای دوارۆژێکی وا بکات کە پڕی بێ لە هۆکارو توانای تەکنیکی بەرز، لای ئەو باشتر



بووە، بۆ رابردووی سەردەمی گریکەکان، یاخود سەردەمی «بووژانەوە –رێنیسانس» بگەڕێتەوە، کە تیایانداو لەچاو سەردەمی ئێمەدا، بە ئامێرو هۆکارێکی تەکنیکی سادەو لاواز، شەڕوشۆڕیان کردووەو، دەرفەتێکی باش و گونجاویش هەبووە. تا لەناو شەڕەکاندا ئازایەتی و چاونەترسێتی و پاڵەوانێتی مرۆڤ دەربکەوێ».

## سـەرچاوەو پەراوێزەکان :

١- نيتشـه: عبدالرحمن بدوي -ط٣-١٩٥٦- مكتبة النهضة المصرية - القاهرة، ص٢٣٩.
٢- سقـوط الحضارة «كولن ولسن» ت، أنيس زكي حسن، دار الاداب، بيروت طبعة ٣ سنة ١٩٨٢-ص٢١٠.
٣- هـەمان سـەرچاوە -ل٢١١.
٤- هـەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١١.
٥- لذات فلسفـه -ويل ديورانت، ترجمـة: عبـاس زرياب خـوئى -نشر انديشه -تهران- چاپ دوم- ايان ماه ١٣٥٠-ص٤١٥.
٦- هكذا تكلم زرادشت، فريدريك نيتشه، ترجمـه، فليكس فارس، دار القلم -بيروت- بلا-ص٥٧.
٧- هـەمان سـەرچاوەی پێشوو-ل٥٩.
٨- لەئەنجامی دژایەتی مانەوە یان ململانێ لە پێناوی ژیاندا، هـەندێک لەجـۆرەکـان لەناو دەچن و چاکـترین جـۆر دەمـێنێـتـەوە. داروین ئەم یاسایەی نێو نا (هەڵبژاردنی سروشتی) -بڕوانە- دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ -بەیاد عەبدولقادر -بەغدا ل٢٢.
٩- تدهور الحضـارة الغربيـة-اسـتـوالد اشـبنغلر- ترجـمـة، احـمـد الشـيبـاني-منشـورات دار مكتـبـة الحيـاة -بيـروت- بلا، الجزء الاول- ص٦٣٥.
١٠- تحطيم العـقل -الجـزء الثـاني، جـورج لوكـاش -ترجـمـة اليـاس مرقص- دار الحقيقة-بيروت، الطبعة الاولى-١٩٨١ ص١٤٢.
١١- هـەمان سەرچاوەی پێشوو-ل١٤٣.
١٢- مجلة الادب المعاصر، العدد ٢٩-ايار ١٩٨٥-ص٨٢.
١٣- مابعد اللامنتمي -كولن ولسون-ترجمة، يوسف شرورو و عمر يمق -دار الاداب- بيروت- الطبعة الخامسة-١٩٨١-ص٧٥.



١٤- متاهـات-نصوص وحوادث في الفلسفة والاداب- ترجمة، حسونة المصباحي-مراجعة،د. قدامة الملاح، الطبعة الاولي- بغداد ٩٩٠،ص٥٠.
١٥- نيتشـه-عبدالرحمن بدوی- هـەمان سـەرچاوەی پێشوو-ل٢٤٤.
١٦- هكذا تكلم زرادشت- هـەمان سـەرچاوەی پێشوو-ل٩٨.
١٧- چنين گـفت زرتشت- فـريدريش ويلهـالـم نيـتـشـه - كـتـابى براى همـهكس و هيـچكس-ترجـمـه، داريوش اشـورى- مؤسسـه انتشـارات اگاه-چاپ هشتم ١٣٧٢-تهران-ص١٠٠.
١٨- نيتشه، عبدالرحمن بدوی-ص٢٤٧.
١٩- البير كامي، عبدالمنعم حنفي- مطبعة الدار المصرية- القاهرة-بلا- ص١٦٠.
٢٠- هـەمان سـەرچاوەی پێشوو-ل١٦٢.
٢١- نيتشـه- عبدالرحمن بدوی-ص٢١٦.
٢٢- هـەمان سـەرچاوەی پێشوو.
٢٣- كير كجرد- سلسلة اعلام الفكر العالمي- فريتيوف برانت- ترجمة، مجاهد عبدالمنعم مجاهد-المؤسسة العربية للدراسات والنشر-الطبعة الاولي- ١٩٨١ ص١١٦-١١٧.
٢٤- سقوط الحضارة -كولن ولسن-ص٢٩٦.
٢٥- اللامنتـمي- كـولن ولسن- ت، أنيس زكي حـسن-منشـورات دار الاداب- الطبـعـة الثـالـثـة- ١٩٨٢- ص١٤٦-١٤٧- هـەروەها بڕوانە (سقوط الحضارة)-ص٢٧٩.
٢٦- شوبنهور- اندرية كريسـون-ترجمة، د. احمد كوي- دار بيروت- بيروت (١٩٥٨)- ص٣٣.
٢٧- شوبنـهور- هـەمان سـەرچاوەی پێشوو- ل(١٢٤-١٢٥).
٢٨- نيتشـه- عبدالرحمن بدوی- ص٢٢٥.
٢٩- قصة الفلسفة- ول ديورانت-ترجمة د. فتح الله محمد المشعشع- مكتبة المعارف-بيروت- بلا-ص٥٠٨.

٣٠- قصة الفلسفة-هەمان سەرچاوە-ل٥٠٩.
٣١- نیتشە: عبدالرحمن بدوي-ص٢٢٦.
٣٢- قصة الفلسفة -هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٥٠٤.
٣٣- نیتشە: عبدالرحمن بدوي-ل٢٢٨.
٣٤- نیتشە: نوابغ الفكر العربي -١- بقلم، فؤاد زكريا- دار المعارف- القاهرة-١٩٥٦.
٣٥- هكذا تكلم زرادشت-ص٨٦.
٣٦- لێرەدا ئەو بۆچوونەی نیتشە بەرچاو دەکەوێت، کە نزیکبوونەوەی لە فەلسەفەی پراگماتیزم دەردەخات. لە بەشێکی دیکەی باسەکەماندا تیشکمان خستۆتە سەر ئەو مەسەلەیە.
٣٧- فرهنگ- ویژەنامە علوم اجتماعی- کتاب پانزدهم- مؤسسە مطالعات وتحقیقات فرهنكی- پژوهشگاه-وابستە- وزارت فرهنگ و آموزشي عالی -پائیز ١٣٧٢-ص٧٥- بەشی هەرە زۆری کتێبی (ویستی هێز) کە بە نێوی -خواست قدرت- لەم گۆڤارەدا بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە.
٣٨- هكذا تكلم زرادشت- ص٧٢- هەروەها بڕوانە حمید عزیز- سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی- زنجیرەی فەلسەفە- زانکۆی سلێمانی- ساڵی ١٩٧٩- ل٨٦-٨٧.
٣٩- فرهنگ- هەمان سەرچاوەی پێشوو -ل٣٨.
٤٠- ارغنون- فصلنامە، فلسفی- ادبی- فرهنگی، سال اول، شمارە ٣، پاییزی ١٣٧٣-تهران -مبانی نظری مدرنیسم -ص١١٧. بیرۆکەی (گەڕانەوەی سەرمەدی) لەلای نیتشە شێوازێکی تایبەتی خۆی وەردەگرێت، هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە لە فەلسەفەی یۆنانی باسی لێوە کراوە. لەبەشەکانی دیکەی باسەکەمان، بەتێروتەسەلی باسمان لێوە کردووە.
٤١- حقيقة الفاشية- عبدالفتاح ابراهيم- مطبعة الاهالي - بغداد



١٩٤٢ ص٣٧.
٤٢- حقيقة الفاشية- سەرچاوەی پێشوو- ل٤٨.
٤٣- فلسفة القانون: د.ثروت انيس الاسيوطي- جامعة بغداد- كلية القانون والسياسة. الجزء الاول- بغداد ١٩٧٥- محاضرات. ص١٢٠.
٤٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٤٢.
٤٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦٨.
٤٦- هەمان سەرچاوە -ل١٧٢.
٤٧- فەرهنگ -کتاب پانزدهم- سەرچاوەی پێشوو ل٣٨.
٤٨- ارغنون -مبانی نظری مدرنیسم -شمارە (٣) -سەرچاوەی پێشوو ل١١٧.
٤٩- نیهیلیزمی ئەوروپی- العدمية الاوروبية- نیتشە لەمیانەی رەخنەکانیدا لەشارستانیەتی خۆرئاواو ئیشکردنی عەقل تێیدا لەسەدەی نۆزدەهەم، بەو ئاکامە دەگات کە ئەو شارستانییەتە بەرەو هەرەس هێنان و دارمان دەچێت. جا لەبەر ئەوە ئەو شارستانییەتە بەنیهیلیزمی ئەوروپی ناودەبات، کە دواتر کاریگەری ئەم بۆچوونە لەلایەن شپنگلەر بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێت، کاتێک کتێبەکەی ناودەنێت (دارمانی- هەرەسهێنانی ڕۆژئاوا) لە بەشەکانی دیکەی باسەکەماندا بەفراوانی باسی (نیهیلیزم) مان کردووە لای نیتشە. بۆ شارەزابون لە نیهیلیزم بڕوانە -عبور از خط. مبحثی در نیهیلیسم - ارنست یونگر ‹ترجمة: دکتور محمود هومن -تحریر- جلال آل احمد- چاپ چهارم (چاپ اولی نشر راوی)- تابستان ١٣٦٤.
٥٠- نیتشە. د.فؤاد زكريا- سەرچاوەی پێشوو ل١٠١.
٥١- هنریک ایبسن -پلخانوف- ترجمة: شهرام کامگار -انتشارات مهر-تهران- ص١٥.
٥٢- نیتشە، سلسلة اعلام الفكر العالمي المعاصر. بقلم یانکو لافرین- ترجمة جورج جحا- بیروت-١٩٧٢-ص١٨٠-١٨١.

# IIIV

## ئەوەیە مرۆڤ

بۆ زیاتر شارەزابوون لەپەرەسەندنی بیری هەر فەیلەسووف و بیرمەندێک، باشتروایە دوابەرهەمی ئەو فەیلەسووف و بیرمەندە بخوێندرێتەوە، چونکە دەکرێت لە دوا نووسیندا، کلیلی سەرەکی بیری ئەو فەیلەسووفەو بیرمەندەمان دەست بکەوێت.

ئەوەیە مرۆڤ (هوذا الانسان – ECCE HOMO) دوایین کتێبی نیتشەیە. مایکل تەنر MICHAEL TANNER لە نوێترین پێشەکی ئەو کتێبەدا، ساڵی ١٩٩١، دەنووسێت[١]: ئەوەیە مرۆڤ، ناونیشانی ژیاننامەی خۆنووسی فریدریک نیتشەیە، بۆی هەیە خەیاڵ ئامێزترین نموونەی ئەو نووسینانەبێت کە تاکو ئێستا نووسراون. خەیاڵئامێزبوونی لەناونیشانەکەی دەست پێ دەکات کە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ئنجیلی یوحنا، لەو شوێنەی ئەو ئنجیلەدا هاتووە، (بیلاتس) حەزرەتی مەسیحی بەتاجی دڕکاوییەوە هێنایە



دەرەوە، تاوەکو جوولەکەکان ببینن، (بیلاتس) ئاماژە بۆ حەزرەتی مەسیح دەکات و بەجوولەکەکان دەڵێت: ئەوەیە مرۆڤ[٢]. بەم پێیە نیتشە بەئاشکرا خۆی بەحەزرەتی مەسیح دەشوبهێنێت، هەر لەبەر ئەوە دوا کتێب و ژیاننامەی خۆی ناو دەنێت (ئەوەیە مرۆڤ).

ناونیشانی لاوەکی دوایین کتێبەکەی نیتشە بریتییە لەم رستەیە (چۆن کەسێک دەبێتە شتێک کە هەیە).. مایکل تەنر دەڵێت مرۆڤ لەرێگای نەبوونی بەکەسێکی ترەوە دەبێتە شتێک کە هەیە. هەرچەندە ئەم حاڵەتە شتێکی مەحاڵە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە رێگای ئەوە نەبێت مرۆڤ لەم رووەوە زیاتر هەوڵبداو تێبکۆشێ.

نیشتە لە پێشەکی ئەو کتێبەیدا دەنووسێت: وا دێتە بەرچاوم کە ناچارم لەسەرەتادا بڵێم من کێم[٣]. لێرەدا نیتشە یەکسەر رۆدەچێتە ناو ئەو بابەتەی کە دەیەوێت لەمیانەیەوە، بۆچوونی و فەلسەفەکەی خۆیمان بۆ چڕ بکاتەوە. یەکەمین خۆدەرخستنی راستەوخۆی نیتشە لەپێشەکی ئەو کتێبەدا بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بەرچاو دەکەوێت.

نیتشە دەنووسێت: من موریدێکی دیۆنیسۆسی فەیلەسووفم[٤]. ئەم خۆدەرخستنەو خۆئاشکراکردنەی نیتشە لەم کتێبەیدا، شتێکی نوێ نییە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین پەروەردەی فیکریی نیتشە، پەروەردەیەکە لە رووی فیکرو فەلسەفەوە بنچینەیەکی یۆنانیی هەیە. هەروەک چۆن لەنووسینەکانی لەمەڕ سەرهەڵدانی تراژیدیاو فەلسەفەی یۆنانی دا دەردەکەوێت.

دیۆنیسۆسی خواوەندی شەراب و بەزم و سەما، ڕەمزێکە لای نیتشە، کە دەشێت نەخۆشیی دارمان و هەرەسهێنانی شارستانییەتی خۆرئاوای پێ چارەسەر بکرێت.

لە کتێبی (لە دایکبوونی تراژیدیای یۆنانیدا) نیتشە وەک ئەفسانەیەک باس لە دیۆنیسۆس دەکات، کە لە دژی نیهلیزمی ڕۆژگاری خۆیدا دەجەنگێت.. ڕۆحی دیۆنیسۆس لای نیتشە ئەو ڕۆحە سەرکێشەیە کە لەدژی هەرەسهێنان و دارمانی بەهاکانی مرۆڤ سەمادەکات. ئەمەش لەپێناو خەون بینین بە ڕۆژگارێک کە مرۆڤ بەهای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەو سۆپەرمانەی نیتشە، هەمان ئەو ڕۆحە دیۆنیسۆسەیە، کە لەسەردەم و ڕۆژگاری جەنجاڵی یۆنانیدا، مەستی و سەماکردنی کردبووە دروودی خۆی و لەنێوان موریدەکانیدا پەیڕەو دەکران. لەو سەردەمەدا، ئامۆژگاری و بەرنامەکانی دیۆنیسۆس لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوسای یۆنان قەدەغەکران، ئەمەش بەو بیانووە بوو کە ئافرەتەکان ماڵ و منداڵیان بەجێ دەهێڵن و بەدوای ئامۆژگارییەکانی دیۆنیسۆس دەکەون و خۆیان مەست دەکەن و دەکەونە سەماکردنەوە«٥». دیۆنیسۆس کاتێک بۆ یەکێک لەهەواڵەکانی دەدوێت، دەڵێت: بزانە کەمن دیۆنیسۆسم و کوڕی زیۆسی نەمر، بزانە کەمن دەچمە یۆنان تاوەکو شەراب بدەمە مرۆڤ«٦».

ڕۆحی دیۆنیسۆس ڕۆحێکە تامەزرۆی هەڵکشان و بەرزبوونەوەیە، نایەوێت لەبارێکی بەستەڵۆکیدا دۆش دابمێنێت. ئا ئەمەیە ئارەزووی خودی نیتشە، کە دژی هەموو جۆرە وەستان و بەستەڵۆکییەک بووە. ئەو پیرۆزی و



مەزنایەتییەی سەردەمی ڕۆشنگەری بەعەقڵی بەخشیبوو، و وەک چەمکێکی جێگیرو وەستاو مامەڵەی لەگەڵ عەقڵدا دەکرد. نیتشە ئەو جۆرە عەقڵە تێکدەشکێنێت و دەیخاتە سەر خاڵی سیفرەوە، چونکە سەرکەوتنی عەقڵ لای نیتشە دەبێتە هۆی هەرسهێنان و نیهیلیزم. هەر لەبەر ئەوەشە لای نیتشە سەرهەڵدانی فەلسەفە عەقڵخوازییەکەی سوقرات کۆتایی بە هونەری دیۆنیسۆسی دەهێنێت«٧».

نیتشە هەر لەوکاتەی خۆی بەموریدێکی دیۆنیسۆس لە قەڵەم دەدات، دەڵێت: پێم باشترە نیوە مرۆڤێک (نیوە ساتیرێک) بم نەوەک قەشە«٨».

ساتیرەکان (Satyrs) بریتی بوون لەهاوڕێکانی خواوەندی دیۆنیسۆس کە نیوەی لەشیان ئاژەڵ (بزن) بووەو نیوەکەی تریش مرۆڤ بووە. ئەم ساتیرانە هاوەڵی دیۆنیسۆسی خواوەند بوونە لەهەموو شوێنێکدا. لەبەر ئەوە نیتشە نایەوێت ببێتە قەشە، چونکە قەشەکان لەپێناو دارمانی مرۆڤدا کاردەکەن، نەک بەرزکردنەوەی مرۆڤ. قەشەکان ئاکارێک پەیڕەودەکەن کە مرۆڤ کۆت و بەند دەکات. لەراستی دا قەشەکان بوونیاتنەری بتەکانن، نیتشە دەڵێت: دوایین مزگێنیم تەندروستی بەخشینە بە مرۆڤ. من هیچ بتێک بەرزناکەمەوەو ناپەرستم. بانگێشە بۆ هیچ بتێک ناکەم. دەبا بتەکۆنەکان خۆیان فێربن کە بوونی قاچە قوڕینەکانیان چ مانایەکی هەیە. سەرنگوم کردنی بتەکان (ئاماژەی منە بۆ «ئایدیال») زیاتر ئامانجی منە«٩».

نیتشە لەمیانەی باسکردنی نووسینەکانی خۆی، لە مەڕ کتێبی (زەردەشت وای گوت) دەڵێت: لەنێوان نووسینەکانمدا،

زەردەشت شوێنی خۆی هەیە، من بەو کتێبە گەورەترین دیاریم بەمرۆڤ بەخشیوە«[١٠]».

هەروەها لەمەڕ کتێبی (سپێدە) دەنووسێت: بەو کتێبە جەنگی من لەدژی ئەخلاق دەست پێ دەکات«[١١]».

لەمەڕ کتێبی (ئەودیو خێرو شەڕ ١٨٨٦)، نیتشە لەو دوایین کتێبەیدا دەنووسێت: ئەو کتێبە لە سەر بنەمای بۆچوونێک دامەزراوە کە رەخنە لە مۆدێرنیتە و، زانست و هونەری نوێ دەگرێت، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو سیاسەتە نوێیەکانیش نابوێرێت و رەخنەیان لێ دەگرێت«[١٢]».

نیتشە لە نامەیەکیدا بۆ یاکوب بورکهارت لە ئەیلوولی ١٨٨٦ سەبارەت بە هەمان کتێبی دەنووسێت: تکات لێ دەکەم ئەو کتێبە بخوێنەوە، ئەگەرچی هەمان ئەو شتانەی کە زەردەشت گوتوویەتی لەم کتێبەدا گوتراوە، بەڵام بەزمانێکی تر، بەزمانێکی زۆر جیاوازتر..«[١٣]».

(ئەوەیە مرۆڤ) کە دوایین کتێبی نیتشەیە لە پایزی ساڵی ١٨٨٨دا نووسراوە. لەو مێژووەدا هێشتاکە نەخۆشی و شێتی بەتەواوی دەستیان بەسەر نیتشەدا دانەگرتبوو، بەڵام لەبارێکی دەروونی و تەندروستی نائارام و سەخت و دژواردا دەژیا.

نیتشە لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەی کە ئەو کتێبەی نووسیوە، هەستیکردووە هیچی تر توانای ئەوەی نەماوە بیرو بۆچوونی نوێ بخاتەڕوو، لەبەر ئەوە لەمەڕ نووسینەکانی پێشتری قسەدەکات و دوا تێبینییەکانی لەمەر نووسینەکانی خۆی دەخاتەڕوو.

ئەوکاتەی نیتشە (ئەوەیە مرۆڤ)ی دەنووسی خەریک بوو



لە لوتکەی گەشەکردنی فیکریی دا دابەزێت و بەرەو هەرەسهێنان بچێت، دەبووایە نیتشە لەو کاتەدا مەرگی هەڵبژاردبایە. هەروەک خۆی چۆن رێنمایی خەڵکی دەکرد، کە مەرگ هەڵبژێرن، کاتێک دەزانن چی تر شایستەی ژیان نین. کاتێک مرۆڤ هەست دەکات سەروەری و بەرزی ژیانی بەرەو داڕمان دەچێت، دەبێت خۆی فریای ئەو ژیانە بەرزو سەروەرە بکەوێت، تاوەکو هەمیشە بە بەرزی و سەروەری بمێنێتەوە، و نەهێڵێ دابەزێت و بەرەو هەرەسهێنان بچێت. بەڵام شێتبوونی نیتشەو تێکچوونی باری دەروونی و جەستەیی بەتەواوی، کە نزیکەی دەساڵی خایاند، ئەم دەرفەتەی نەدا کە ئەم بۆچوونەی خۆی لەمەڕ هەڵبژاردنی مەرگێکی ئیرادی پەیڕەو بکات.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١- آنك انسان. فريدريش نيچه. ترجمهء رويا منجم. انتشارات فكرروز، تهران، چاپ دوم اذر ١٣٧٤. ص٩.
٢- انجيلى يوحنا- الاصحاح التاسع عشر -٦-.
٣- آنك انسان. ص٤٣.
٤- آنك انسان ص٤٤.
٥- اساطير يونان- بازنوشتهء راجر لنسلين گرين. ترجمهء عباس آقاجاني. انتشارات سروش، تهران چاپ اول، ١٣٦٦، ص٨٠.
٦- اساطير يونان. ص٨٢.
٧- قصة الفلسفة. ويل ديورانت. ترجمة د. فتح الله محمد المشعشع. ص٥١٥ وه هەروەها بڕوانە-ارغنون. سال اول. شماره (٣) پائيز ١٣٧٣ ص١٩١.
٨- آنك انسان. ص٤٤.
٩- آنك انسان. ص٤٥.
١٠- آنك انسان. ص٤٦.
١١- آنك انسان. ص١٤٧.
١٢- آنك انسان. ص١٧٨.
١٣- فراسوى نيک و بد. پيشدرامد فلسفەى آيندة، فريدريش نيچه. ترجمةء داريوش آشوري، انتشارات خوارزمى. چاپ دوم. اسفندماه ١٣٧٣. تهران ص١٤.

# فەرهەنگی ناوەکان

**ئارسەر شۆپنهاوەر (١٧٨٨– ١٨٦٠ز)**

Arthur Schopenhauer

فەیلەسووفێکی میتافیزیکی ئەڵمانییە، گرنگترین کتێبی کە بە هۆیەوە نێوبانگی دەرکردووە ناوی (جیهان وەک ویست و بیرۆکە)یە کە نیتشە پێی کاریگەر بووە.

**ئەدمۆند هوسێرل (١٨٥٩ – ١٩٣٨ز)**

Edmund Husserl

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، دامەزرێنەری فەلسەفەی دیاردە ناسییە – فینۆمینۆلۆجیا – .

**ئەرستۆ (٣٨٤ – ٣٢٢ پ . ز)**

Aristotle

فەیلەسووفێکی یۆنانییەو قوتابی ئەفلاتۆن و مامۆستای ئەسکەندەری مەکەدۆنی بووە. باوکیشی پزیشک بووە لە کۆشکی پادشای مەکەدۆنی؛ ئەرستۆ بیروبۆچوونەکانی لە زۆر بوارە جیاجیاکانی وەکو سیاسەت و ئەخلاق و سروشت و گەردون و هونەرو لۆجیکدا خستۆتە روو. چەندان بەرهەمی لەم بوارانەدا هەیەو بیروبۆچوونەکانیشی بە درێژایی مێژوو کاریان کردۆتە سەر بیری مرۆڤایەتی.



**ئەرنست ماخ (١٨٣٨ – ١٩١٦)**

Ernst Mach

فەیلەسووفێکی نەمساوی و زانایەکی فیزیاییە، پرۆفیسۆری ماتماتیک و فیزیا بووە، لایەنگیری فەلسەفەی پۆزێتیڤیزمی کردووە. ئەم فەیلەسووفە کاریگەری هەبووە لەسەر پەرەسەندنی فەلسەفەی ئەزموونگەری لە ئەوروپا، لایەنگرانی فەلسەفەی پۆزێتیڤیزمی لۆجیکی دان بە کاریگەری راستەقینەی ماخ بەسەر فەلسەفەکەیانەوە دەنێن.

**ئەرنست یۆنگەر**

نووسەرێکی ئەڵمانییەو لە ساڵی ١٨٩٥ز لە هایدلبرگ لە دایک بووە، فەلسەفەی لە لایبزک خوێندووە، خاوەنی چەندین وتارو رۆمان و لێکۆلینەوەیە، گرنکترین بەرهەمەکانی (پەڕینەوە لە هێڵ – لێکۆڵینەوە) و (دارستانی بچووک، ١٩٢٥ز – رۆمان) و (ئاگرو خوێن، ١٩٢٦ز).

**ئەفلاتۆن (٤٢٧ – ٣٤٧ پ . ز)**

Plato

فەیلەسووفێکی یۆنانییەو قوتابی سوقراتی فەیلەسووف بووە، یەکێک لە یاریگاکانی شاری ئەثینای کردە قوتابخانەو ناوی لێنا (ئەکادیمس) کە تێیدا وانەی بۆ قوتابییەکان دەوتەوە. بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتۆن لەمەڕ ئایدیاو دەوڵەت و ئەخلاق و فەلسەفە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر بیری رۆژئاوا بە تایبەتی و لەسەر مرۆڤایەتی بە گشتی. گرنگترین بەرهەمەکانی: کۆمار و خوان.

## ئەلبێر کامۆ (١٩١٣–١٩٦٠ز)

نووسەرێکی وجوودی فەرەنسییە، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی وجوودی، گرنگترین بەرهەمەکانی: (ئەفسانەی سیزیف، پەتا، بەدحاڵیبوون، دادپەروەران، نامۆ) ئەم کتێبەی دوایی بە نێوبانگترین رۆمانی ئەلبێر کامۆیە. کامۆ لە ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا.

## ئەمانۆئیل کانت (١٧٢٤ – ١٨٠٤ز)

Emmanuel Kant

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە پەرەسەندنی فەلسەفەی نوێدا. گرنگترین بەرهەمەکانی: رەخنە لە عەقڵی پەتی، رەخنە لە عەقڵی پراکتیکی، پێشەکییەک بۆ هەر میتافیزیکایەکی ئایندە کە دەشێت ببێتە زانست.

## ئەمپادۆقلیس Empedocles

لە دەوروبەری ساڵانی ٤٩٠ پ .ز لە شاری ئەگریگینتا Agrigente لە باکووری سەقەلییە لەدایک بووەو لە دەوروبەری ساڵانی ٤٣٠ پ . ز کۆچی دوایی کردووە. زۆر هەستی بە توانای خۆی کردووە، و بەو جۆرە وەسفی خۆی کردووە کە لە مردن ئازاد بووە. بە شاعیرێکی سۆفیگەرییانە ناسراوە. ئەم فەیلەسووف و شاعیرە لە شارەکانی یۆنان سووڕاوەتەوەو پەیامی خۆی بڵاو کردۆتەوە، بیروبۆچوونەکانی لە



فیساگۆرسییەکان نزیک بوو.

## ئەنکسیمەندەری مالتی (٦١٠ – ٥٤٦ پ . ز)

Anaximander of Miletus

دووەم فەیلەسووفی قوتابخانەی مالتایە لە دوای تالیس (٤٧٠–٥٤٧ پ . ز)ی مامۆستای ئەنکسیمەندەر. وەکو مامۆستاکەی (تالیس) لەو باوەڕەدا بووە کە هەر تەنیا ئاو تاکە سەرچاوەی بوون نییە، بەڵکو رەگەزەکانی بوون بێ سنوورن.

## ئۆزڤاڵد شپنگلەر (١٨٨٠ – ١٩٣٦ز)

Oswald Spengler

نووسەرو فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، لەژێر کاریگەری فەلسەفەی نیتشەدا بووە، بە نێوبانگترین بەرهەمی بریتییە لە (هەرسهێنانی رۆژئاوا) ١٩١٨ز، بەپێی بۆچوونی شپنگلەر مێژووی شارستانی لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە.

شپنگلەر چەندان بەرهەمی دیکەی هەیە، لەوانە (بروسییەت و سۆسیالیزم، ١٩٢٠ز)، (سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئەڵمانیا ١٩٢٤ز)، (ساڵە یەکلاکراوەکان ١٩٣٣ز).

## ئۆگست کۆنت (١٧٩٨–١٨٥٥ز)

**Auguste Comte**

فەیلەسووفێکی فەرەنسییەو بە دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزێتیڤیتزم (الوضعیە) دادەنرێت. سکرتێرو هاوڕێی سان سیمۆن بووە. گرنگترین بەرهەمی: چەند وانەیەک

لەمەڕ فەلسەفەی پۆزێتیڤیزم (١٨٣٠-١٨٤٢ز).

**ئۆیگن فینک** Eugen Fink

لە ساڵی ١٩٠٥ لە شاری کۆنستانس لە دایک بووە، قوتابی هوسێرل و پاشان یاریدەدەرو هاوکاری ئەو بووە لە کارکردندا. هەروەها قوتابی و هاوڕێی هایدگەر بووە. مامۆتای فەلسەفەیە لە زانکۆدا، گرنگترین نووسینەکانی: فەلسەفەی نیتشە، شوێن و زەمان و جووڵە، بوون و حەقیقەت و جیهان، هەموو شتێک و هیچ شتێک، گەمە بەو سیفەتەی رەمزێکە بۆ جیهان.

**برتۆلت برێشت**

نووسەرو شانۆنامەنووس و شاعیرێکی ئەڵمانییە. لە ساڵی ١٨٩٨ لە ئوگسبرگ لە بافاریا لەدایک بووە، لە زانکۆی مسیونفیج زانستی پزیشکی خوێندووە. دواتر وەک شانۆنامە نووسێکی گەورەی ئەڵمانیا نێوبانگی دەرکردووە، دامەزرێنەری قوتابخانەی مەلحەمییە لە شانۆدا. ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئەرستۆ دەڕوانێتە دراما لە شانۆدا. گرنگترین بەرهەمەکانی برێشت: ژیانی گالیلۆ، بازنەی تەباشیری قەوقازی، دایک، مرۆڤ بە مرۆڤ. ئەمە سەرەڕای بەرهەمە شیعرییەکانی. لە ساڵی ١٩٥٦دا کۆچی دوایی کردووە.

**پۆل ریکۆ** Poul Ricoeur

فەیلەسووفێکی هاوچەرخی فەرەنسییە لە ساڵی ١٩١٣ لە فالانس لەدایک بووە. لە نێوان رەوتە فیکرییە



جیاجیاکانی فەلسەفەدا کاردەکات، وەکو وجوودی و فینۆمینۆلۆجیاو بونیادگەری و عەقڵخوازی، گرنگترین بەرهەمەکانی: (ئیرادی و نائیرادی و ١٩٥٠)ز، (دەربارەی لێوردبوونەوە)، (هەوڵێک لەمەڕ فیکری فرۆید)، (ململانێی لێوربوونەوەکان ١٩٦٩)ز، (خوازراوی زیندوو).

**پۆل ری (١٨٤٩ – ١٩٠١)**

Dr. paul Ree

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییەو یەکێک بوو لە هەڤاڵانی نیتشە.

**تۆماس مان (١٨٧٦ – ١٩٥٥)ز**

نووسەرێکی ئەڵمانییە، لە سەردەمی دەسەڵاتی نازییەکان ئەڵمانیای جێهێشتووەو بەرەو ئەمریکا چووە، گرنگترین بەرهەمەکانی: ئال بودنبرک (١٩٠١)ز، چیای ئەفسووناوی (١٩٤٢) کە بەناوبانگترین رۆمانیەتی، مردن لە ڤینسیا (١٩١١)ز، لێوردبوونەوەی مرۆڤی نامۆ لە جیهانی سیاسەتدا (١٩١٥)ز.

**جاک دریدا:** Jacques Derrida

فەیلەسووفێکی فەرەنسییە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە جەزائیر لە دایک بووە. رێڕەوی تایبەتی خۆی هەیە لە فەلسەفەداو لە سۆنگەی نووسینەوە سەیری مەسەلەکان دەکات و هەوڵ و کۆششەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوەی بونیادی فەلسەفەو رێبازە فەلسەفییەکانە.

دریدا لە فیکری ڕۆژئاوادا دژی ئەوە دەوەستێت کە لە جیاتی نووسین برەو بە ئاخاوتن بدرێت. گرنگترین بەرهەمەکانی: نووسین و جیاوازی ١٩٦٧، دەنگ و دیاردە، ١٩٧١، جیاکردنەوە ١٩٧٢، پەراوێزەکانی فەلسەفە ١٩٧٢، زەنگی غەمباری ١٩٧٤.

### جاکۆب بۆهمە (١٥٧٥–١٦٢٤) Jakob Bohme

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییەو زیاتر لە بواری تیۆلۆجیا – اللاهوت–دا ناسراوە. هەرچەندە ڕێبازێکی دیاریکراوی نەخستۆتە ڕوو، بەڵام خاوەنی چەندان بیروبۆچوونە لە بوارە جیاجیاکانی ڕۆح و ئایین و زانستدا. بەلای ئەم فەیلەسووفە خواوەندو سروشت یەک شتن. لەبەر ئەوە بە لایەنگری فەلسەفەی یەکێتیی بوون – وحدە الوجود – دادەندرێت. چاکەو خراپە لای ئەم فەیلەسووفە لە هەموو شتێکدا هەیە، بۆیە بە سەرچاوەی پەرەسەندنی جیهانیان دادەنێت. گرنگترین بەرهەمەکانی: (ئوروورا یاخود سووری کازێوە لە بەرەبەیاندا) ١٦١٢ کە بەهۆی ئەم کتێبەوە بۆهمە بە هەڵگەڕاوە لە قەڵەم درا.

### جۆرج لۆکاش (١٨٨٥–١٩٧١) Goergs Lukacs

فەیلەسووف و ڕەخنەگرێکی مەجەرییە لە ساڵی ١٩٠٩ دکتۆرای لە ئەدەب وەرگرتووە. ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە پەرەسەندنی ستاتیکای مەتریالیزمی مارکسی. گرنگترین نووسینەکانی: ڕۆح و شێوازەکان، ١٩١٠،تیۆری ڕۆمان ١٩١٥، مێژوو و هۆشیاریی چینایەتی ١٩٢٣، ڕۆمانی مێژوویی ١٩٤٩، داڕمانی عەقڵ ١٩٤٩.



### جۆرجی فالنتینۆفش پلیخانۆف (١٨٥٦–١٩١٨ز)
Georgi Valentinovich Plekanov

نووسەرو فەیلەسووف و سیاسەتمەدارێکی ڕووسییە، جگە لەوەی کە چالاکی سیاسی لەناو حزب و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ڕووسیا نواندووە، بەشدارییەکی فرەوانی کردووە لە بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی مارکسیزم لە ڕووسیادا، گرنگترین بەرهەمەکانی: پەرەسەندنی تیۆری یەکێتی مێژوو ١٨٩٥، چەند هەوڵێک لە بارەی مێژووی مەتریالیزم ١٨٩٦، ڕۆڵی تاک لە مێژوودا ١٨٩٨، هونەرو ژیانی کۆمەڵایەتی.

### جۆن دیوی (١٨٥٩ – ١٩٥٢ز) John Dewey

فەیلەسووفێکی پراکماتیستیی ئەمەریکییە،کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر فەلسەفەو کۆمەڵناسی و ئیستاتیکاو زانستی پەروەردە هەبووە، دامەزرێنەری قوتابخانەی پراگماتیزمی شیکاگۆییە. لە بەرهەمەکانی: قوتابخانەو کۆمەڵ ١٨٩٩، ئەزموون و سروشت ١٩٢٥ز، هونەر وەک ئەزموون ١٩٣٤ز، لۆجیک: تیۆری لێکۆڵینەوە ١٩٣٨.

### جۆن ستیوارت مێڵ (١٨٠٦ – ١٨٧٣)ز
**John Stuar Mill**

فەیلەسووف و ئابووریناسێکی ئینگلیزییە. فەلسەفە سوودخوازییەکەی – النفعیە – بێنتامی لەگەڵ یاساو سیاسەت گونجاندووە. لای مێڵ ڕەفتارەکان ئەو کاتە ڕاست و دروستن، کە بەختەوەری زیاد دەکەن و تەنیا لەزەت بەخشین خێرە. لە بەرهەمەکانی: ڕێبازی لۆجیک – مذهب منطق – ١٨٤٣ز، لە بارەی سوودخوازی

١٨٦٣ز، ئۆگست کۆنت و پۆزێتیڤیزم ١٨٦٥.

## جۆن گوتلێب فیشته (١٧٦٢ – ١٨١٤)
Johann Gottlieb Fichte

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، لە دوای (کانت) بە گەورەترین لایەنگری فەلسەفەی ئایدیالیزمی کلاسیکی ئەڵمانی دادەنرێت.

## جۆن وۆلفجانج ڤۆن گۆتە (١٧٤٩ – ١٨٣٢)
Johann wolfgang Von Goethe

شاعیرو بیرمەندێکی ئەڵمانییە، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ئەدەبی ئەوروپی. شانۆگەری فاوست بەناوبانگترین بەرهەمیەتی.

## جێرمی بێنتام (١٧٤٨ – ١٨٣٢)
Jeremy Bentham

فەیلەسووف و یاساناسێکی ئینگلیزییە، بە دامەزرێنەری فەلسەفەی سوودخوازی دادەنرێت. گرنگترین بەرهەمەکانی: راڤەکردنی یاساکانی ئینگلیز (٤بەرگ) ١٧٦٥–١٧٦٩، دەروازەیەک بۆ پرەنسیپەکانی ئەخلاق و یاسادانان ١٧٨٠ز.

## چارلس داروین (١٨٠٩–١٨٨٢)
Charles Rober Darwin

سروشتناسێکی ئینگلیزییە، لە زانکۆی کامبرج خوێندوویەتی و بە دامەزرێنەری تیۆری گەشەکردنی جیهانی ئۆرگانی ناسراوە. گرنگترین بەرهەمی بریتییە



لە رەچەڵەکی جۆرەکان ١٨٥٩.

## دەیڤید فریدریچ شتراوس (١٨٠٠–١٨٧٤ز)
David Friedrich Strauss

لاهووتییەکی پرۆتستانتی ئەڵمانییەو گرنگی بە بوارەکانی فەلسەفە دەدا. ماوەیەک قوتابی هێگڵ بووە. کتێبەکەی (ژیانی یەسوع ١٨٣٥) بووە، هۆی ئەوەی کە نێوەندی ئایینی لە ئەڵمانیا هێرشی بەرنە سەر. بەرهەمەکانی دیکەی بریتین لە: بیروباوەڕەکانی مەسیحییەت ١٨٤٠، رۆمانسییەک لەسەر عەرشی قەیسەردا ١٨٤٧، کە هێرشکردنێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ سەر پادشای پروسیا، فریدیک ڤیلهێلمی چوارەم، باوەڕی کۆن و نوێ ١٨٧٢.

## رۆدۆلف ڤۆن ئهرینگ Ihering

یاساناسێکی ئەڵمانییە. ماوەیەک سەر بەقوتابخانەی مێژوویی بووە لەیاسادا کەساڤینی رابەرایەتی دەکرد. ئهرینگ لە کتێبی «گیانی یاسای رۆمانی، ١٨٥٢»دا کەبەچوار بەرگ بڵاویکردۆتەوە، لەژێر کاریگەری ئەم قوتابخانەیەدا بووە.

بەڵام لە ساڵی ١٨٧٢ کتێبی «ململانێ لەپێناو یاسادا»ی بڵاوکردەوە کە تێیدا توانی خۆی لەقوتابخانەی مێژوویی رزگار بکات. ئهرینگ، لەبواری زانستی یاسادا، سوودی لە دیالێکتیکی هیگڵ و مارکس وەرگرتووە.

## ریتشارد ڤاگنەر (١٨١٣–١٨٨٣)

هونەرمەندێکی مۆسیقی ڕۆمانسی ئەڵمانییە، خاوەنی چەندین شاکاری مۆسیقی و ئۆپێرایەو یەکێک بووە لە هەڤاڵانی نیتشە.

**ڕینێ دیکارت (١٥٩٦ – ١٦٥٠ز)**

Renel Descartes

زانایەکی ماتماتیکی و سروشتناس و فسیۆلۆجیست و فەیلەسووفێکی مەزن بووە. بە دامەزرێنەری فەلسەفەی نوێ دادەنرێت. خاوەنی کۆجینتۆیەکە کە دەڵێت: «من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم». گرنگترین بەرهەمەکانی: چەند وتارێک لەبارەی میتۆد (١٦٣٧)، پرەنسیپەکانی فەلسەفە (١٦٤٤)، لێوردبوونەوە میتافیزیکییەکان.

**ساڤینی (١٧٧٩ – ١٨٦٠)**

Savigny

یاساناسێکی ئەڵمانییەو دامەزرێنەری قوتابخانەی مێژووییە لە یاسادا. بەپێی ئەم قوتابخانەیە یاساکان لە گیانی گەلانەوە هەڵدەقوڵێن. گرنگترین بەرهەمەکانی ساڤینی بریتین لە: (لە بارەی یاسادانان و زانستی یاساوە).

**ستیڤان جۆرج (١٨٦٨ – ١٩٣٣)**

نووسەرێکی ئەڵمانییە.

**سورین کێیەرکگارد (١٨١٣ – ١٨٥٥ز)**

Soren Kierkegard

فەیلەسووفێکی وجوودی دانیمارکییە.و بە ڕابەری فەلسەفەی وجوودی دادەنرێت. بەرهەمەکانی: چەمکی



نیگەرانی (١٨٤٤)، نەخۆشی تا مردن (١٨٤٩). قوتابخانەی مەسیحییەت. (١٨٥٠)، لە پێناو پشکنینی ویژدانی چەرخی ئێستادا (١٨٥١).

**سوقرات (٤٧٠ – ٣٩٩ پ . ز)** Socrate

فەیلەسووفێکی بەنێوبانگی یۆنانییە، هیچ بەرهەمێکی نووسراوی خۆی نییە، بەڵکو لە میانەی ئەو دایەلۆگانەی نووسراونەتەوە، شارەزای بیروبۆچوونەکانی دەبین. بە ڕادەیەک کاری کردۆتە سەر فەلسەفەی یۆنانی کە مێژوونووسانی فەلسەفە لەکاتی باسکردنی فەلسەفەی یۆنانی قۆناغی فەلسەفەی سوقرات بە خاڵێکی جیاکردنەوە دادەنێن و دەڵێن قۆناغی پێش سوقرات، یان قۆناغی دوای سوقرات. ئەم فەیلەسووفە زۆر باوەڕی بە چوونە ژێر ڕکێفی یاسا هەبووە، لای ئەو دادپەروەری ئەوەیە کە بچینە ژێر ڕکێفی یاساکانەوە.

**سیجمۆند فرۆید (١٨٥٦ – ١٩٣٩)**

دەروناسی پسپۆر لە بواری دەمار و خەڵی فرایبۆرگ لە پێشەوا ناودارەکانی قوتابخانەی شیکردنی دەروونی دادەنرێت، لەبەرهەمەکانی: زانستی خەونەکان، سەرەتایەک بۆ شیکردنەوەی دەروون.

**سیمۆن دی بۆ ڤوار (١٩٠٨ – ١٩٨٠)**

**Simone De Beauvoir**

نووسەرێکی فەرەنسییە و هاوڕێی هاوبەشی ژیانی فیکری

فەیلەسوفی وجودی جان پۆل سارتەر (١٩٠٥- ١٩٨٠) بووە.

## فرانتز کافکا

نووسەرێکی چیکۆسلوڤاکییە، لە ساڵی ١٨٨٣ لە پراگ لەدایک بووە، هەر لەو شارە خوێندنی تەواو کردووەو لەسەر خواستی باوکی کە پیاوێکی بازرگان بووە، یاسای خوێندووە. ئەم نووسەرە لە میانەی گیروگرفتەکانی رۆژانەی ئەدەبەکەی خۆی دارِشتووە، فلۆبیرو گۆتە سەرنجی کافکایان بۆ خۆ راکێشاوە، لە ساڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کردووە، لە رۆمانەکانی: ئەمریکا، دادگا، کۆشک، مەسخ.

## فریدیش ویلهێلم جۆزیف ڤۆن شیلنگ (١٧٧٥ – ١٨٥٤)

Friedrich Wilhelm Joseph Van Schelling

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، هاورِێی هێگڵ و هۆڵدرلن بووە. فەلسەفەی کانت وفیشتە کاریگەرییان لەسەر هەبووە. شیلنگ خاوەنی چەندان شاکاری فەلسەفییە، لەوانە، چەند بیروبۆچوونێکی فەلسەفەی لەمەرِ سروشت (١٧٩٧) خستنە رووی ئەزموونی فەلسەفی، فەلسەفەی ئایین، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە ماهیەتی ئازادی مرۆڤایەتی ١٨٠٩، چاخەکانی جیهان ١٨١٠- ١٨١٥، فەلسەفەی وەحی و فەلسەفەی میتۆلۆجیا.

## فیۆدۆر میخایلۆڤیچ دۆستۆڤسکی (١٨٢١ – ١٨٨١ز)

Feodor Mikhailovich Dostoyevsky

نووسەرێکی رووسییە، خاوەنی چەندان شاکاری ئەدەبییە، لەوانە: تاوان و سزا، برایانی کارامازۆف،



گەمژە، هەرزەکار.

## ڤاڵتەر بنیامین (١٨٩٢ – ١٩٤٠)

Walter Benjamin

فەیلەسوفێکی ئەڵمانییەو گرنگی بە تیۆر و زانستەکانی جوانیناسی- ستاتیکا- داوە، لەلێکۆڵینەوەکانیدا باسی حکایەتی خوازراوە (الحكاية المجازية)و رەمز دەکات.

## کارل یاسپێرس (١٨٨٣ – ١٩٦٩ز)

karl jaspers

فەیلەسووفێکی وجوودیی ئەڵمانییە، گرنگترین کارو بەرهەمەکانی: لۆجیکی فەلسەفە، فەیلەسووفە مەزنەکان، عەقڵ وبوون، چەندین نووسین لەسەر نیتشەو دیکارت و شیلنگ.

## کۆزیما

خێزانی فاگنەری هونەرمەند بوو، کەنیتشە خۆشی دەویست. نیتشە سەرەتا دەری نەدەخست، بەڵام لەدوا دواییەکانی ژیانیدا، کەعەقڵی لەدەست دابوو ئەو حەزە شاراوەی ئاشکرا کرد.

## کۆڵن وڵسن

نووسەرێکی هاوچەرخی ئینگلیزە، خاوەنی چەندان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فەلسەفییە، لەوانە: دارِمانی شارستانییەت، نامونتەمی، دوای مونتەمی.

### لۆدڤیچ ڤان بیتهۆڤن (١٧٧٠ – ١٨٢٧ز)

هونەرمەندێکی مۆسیقی کلاسیکی نەمساوییە، لەسەر دەستی مۆتسارت (١٧٥٦-١٨٩١) مۆسیقای خوێندووەو خاوەنی چەندان شاکاری مۆسیقاییە.

### لوسیان گۆڵدمان (١٩١٣ – ١٩٧٠ز)

فەیلەسووف و زانای سۆسیۆلۆجیا و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی فەرەنسییەو لە بۆخارست لەدایک بووەو لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.
ڕێبازە ڕەخنەییەکەی بە (بونیادگەری پێکهاتوویی) ناسراوە. گۆڵدمان لەژێر کاریگەری جۆرج لۆکاش دا بووە، لەبەرهەمەکانی:
مرۆڤایەتی و گەردوون لای کانت ١٩٤٥، زانستە مرۆڤایەتییەکان و فەلسەفە ١٩٥٢، خواوەندی شاراوە ١٩٥٦، بەرەو سۆسیۆلۆجیای ڕۆمان ١٩٦٤، بونیادی زەینی و داهێنانی ڕۆشنبیری ١٩٧٠.

### ماکس ڤیبەر (١٨٦٤ – ١٩٢٠ز)

Max Weber

کۆمەڵناس وئابووریناسێکی ئەڵمانییە، خاوەنی کتێبی (ئابووری و کۆمەڵگا) و(ئەخلاقی پرۆتستانتی و گیانی سەرمایەداری)یە.

### میشێل فۆکۆ (١٩٢٦–١٩٨٤ز)

Michel Foucault

فەیلەسووفێکی هاوچەرخی فەرەنسییە، بەیەکێک لەفەیلەسووفانی بونیادگەری دادەنرێت، هایدگەر و



نیتشە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەریەوە هەبووە، لەدوا چاوپێکەوتنیدا دەڵێت: «بەنسبەت منەوە هایدگەر فەیلەسووفێکی سەرەکییە. لەمیانەی خوێندنەوەم بۆی، سەرجەم ڕێڕەوی فەلسەفی منی دیارکرد، بەڵام دان بەوە دەنێم کە لەدواییدا نیتشە زاڵبوو بەسەر تێڕوانینم» گرنگترین بەرهەمەکانی فۆکۆ: مێژووی شێتی لە سەردەمی کلاسیکیدا (١٩٦١)، سەرهەڵدانی لێنۆرگە (١٩٦١)، وشەکان و شتەکان (١٩٦٦)، ئەرکیۆلۆجیای مەعریفە (١٩٦٩).

### هایدگەر، مارتین (١٨٨٩ – ١٩٧٦ز)

Martin Heidegger

فەیلەسووفێکی وجوودی ئەڵمانییە، قوتابی هۆسرێل بووە. لەساڵی ١٩٣٣ کە هیتلەر دەسەڵات دەگرێتە دەست، هایدگەر دەبێتە سەرۆکی زانکۆی فرایبۆرج، لەبەر ئەوە زۆرجاران ئەم فەیلەسووفە بەلایەنگری نازیزم لەقەڵەم دەدرێت، هەرچەندە لەدوا چاوپێکەوتندا دان بەوەدا دەنێت، کە رازی بوونی بەم کارە لەپێناو، پاراستنی زانست وفەلسەفە بووە. گرنگترین بەرهەمەکانی: بوون و زەمان-(١٩٢٧)، ئەوڕێگایانەی ناچن بۆ هیچ شوێن (١٩٥٠)، دەروازەیەک بۆ میتافیزیقا(١٩٥٣)، پرەنسیپی عەقڵ ١٩٥٧، نیتشە ١٩٦٠.

### هنری دی مۆنترلان

شانۆنامەنووسێکی فەرەنسییەو لە ساڵی ١٨٩٦ لەدایک بووە، یەکەم شانۆنامەی لەساڵی ١٩١٤ بەنێوی «تاراوگە» نووسی . ئەم نووسەرە باوەڕی بەخۆشەویستی مرۆڤ

پەروەرانە هەیە و زۆربەی پاڵەوانەکانی ناو شانۆنامەکانی وجوودیانە بیردەکەنەوە. دوازدە شانۆنامەی نووسیوە کە گرنگترینیان ئەمانەن: مەملەکەتێکی مردوو(١٩٢٨)، مالاتستا(١٩٤٤)، بەیانی ڕۆژدەبێتەوە(١٩٤٨).

**هنریک ئەپسن (١٨٢٨-١٩٠٦)**

نووسەرێکی درامی و شاعیرێکی نەرویجییە. بەرگری لەمافەکانی تاک لەبەرامبەر گەمژەیی زۆرینەدا دەکات.لای ئەپسن مەرگەساتی مرۆڤ لەوەدایە کەنەتوانێت خۆشەویستی بدۆزێتەوە،یاخود کۆمەڵگا نکۆڵی لەو خۆشەویستیە دەکات کەمرۆڤ بەدوایدا وێڵە. گرنگترین بەرهەمە شانۆییەکانی: دوژمنی گەل،ماڵی بووکە شووشە ١٨٧٩، تارماییەکان ١٨٨٨، مراویی دەشتایی ١٨٨١.

**هوجو فون هۆفمنشاڵ (١٨٧٤-١٩٢٩) :**

شاعیرێکی نەمساوییە، یەکەمین شاعیری وڵاتەکەی بووە، کەشیعری لیرکی و نیمچە درامیی نووسیووە وسەر بەقوتابخانەی رۆمانسی بووە. ڕێبازی ریالیزمی سەردەمی خۆی کاریگەریی بە سەریەوە نەبووە، بەڵام ڤیگتۆر هۆگۆ و یۆنانییەکان کاریگەرییان بەسەریەوە هەبووە. هۆفمنشاڵ بە دامەزرێنەری درامای رۆمانسیی نوێی ئەڵمانیان دادەنرێت.

**هیرا قلیتس Heracleitus**

فەیلەسووفێکی یۆنانییە لەنێوان ساڵانی٥٤٠-٤٧٥- پ.ز ژیاوە. لەخێزانێکی ئەرستۆکراتی لە شاری



ئەفسوس لەدایک بووە. کتێبێکی دەربارەی سروشت نووسیوە. کە تیایدا باس لەزۆر شت دەکات: گەردوون، فەلسەفە، سیاسەت، ئەخلاق. ئەم کتێبە تەنیا (١٣٠) بڕگەی ماوە کە بەکتێبێکی ئاڵۆزو تەمومژاوی دادەنرێت. دیۆجین دەڵێت هیراقلیتس بەئەنقەست ئەم کتێبەی بەتەم ومژاوی نووسیوە، تاوەکو تەنیا ئەوکەسانەی بیخوێننەوە، کەتوانای تێگەیشتنیان بەرزە.

**هێربرت سپنسەر (١٨٢٠-١٩٠٣)**

فەیلەسووفێکی ئینگلیزییە فەلسەفەکەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ وەک پێویستییەکی بایۆلۆجی لێک دەداتەوە. لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی داروین بووە.

**هێربێرت مارکۆز (١٨٩٨-١٩٧٩)**
**Herbert Marcuce**

بیرمەندێکی ئەڵمانی نەژادە، لەژێر کاریگەری فەلسەفەی، هێگل، هایدگەر، نیتشە، فرۆیدو مارکس فەلسەفەکەی خۆی پەرە پێداوە. بیرمەندێکی چالاکی قوتابخانەی فرانکفۆرت بووە. گرنگترین بەرهەمەکانی: عەقڵ و شۆڕش ١٩٤١، ئایرۆس و شارستانییەت ١٩٥٥، مارکسیزمی سۆڤییەتی ١٩٥٨، مرۆڤی تاڵ ڕەهەند ١٩٦٤.

**هێگڵ (١٧٧٠-١٨٣١ز) Hegel**

فەیلەسووفێکی ئایدیالیستیی ئەڵمانییە. فەلسەفەی هێگڵ بەئاکامی گەشەکردنی فەلسەفەی کانت و نیتشە و شیلنگ دادەنرێت. گرنگترین بەرهەمەکانی:

# *Friedrisch Nietzsche*

## ***by***

*Ousman Yaseen  Ali*

***Kurdistan***